المُذَكِّرَةُ فِي التَّجْوِيدِ

بە کوردی

نوسینی

د. محمد نبهان بن حسين مصري

وەرگێڕانی و لەسەر نوسینی

ناریان أحمد ملك

پێشەکی

مامۆستا خليل أحمد

پێداچونەوەی

مامۆستا دارا جبار

المجاز بالقراءات العشر الصغرى والكبرى

المُذَكِّرَةُ فِي التَّجْوِيدِ

بە کوردی

نوسینی
د. محمد نبهان بن حسين مصري

وەرگێڕانی و لەسەر نوسینی
ناریان أحمد ملك

پێشەکی
مامۆستا خلیل أحمد

پێداچونەوەی
مامۆستا دارا جبار
المجاز بالقراءات العشر الصغرى والكبرى

١٤٣٩ك / ٢٠١٨ز

چاپی دووەم

Farhan Aba Bakir

Farhan Aba Bakir

هه موو چرکه یه کی ژیانت به جۆرێک بگوزه رێن وه ک ئه وه ی کۆتا چرکه ی ژیانت بێت

إضافة قصة

❖ **ناوی پەرتووك:** المُذكِّرَةُ في التَّجْويد به كوردی

❖ **دانەر:** الشيخ محمد نبهان بن حسين مصري.

❖ **وەرگێڕان و لەسەر نوسینی:** ئاریان أحمد ملك علی كەلاری.

❖ **زنجیرە:** زنجیرەی ڕێنمایەكانی ڕێگای ڕِاست (٤٥)، ژمارەی مۆڵەت: (٣٤٦).

❖ **نۆرە وسالّی چاپ:** چاپی دووەم (١٤٣٩ – ٢٠١٨).

❖ **چاپخانە:** چاپەمەنی زانا ـ سلێمانی.

❖ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە.

قال موسى الخاقاني [ت ٣٢٥هـ]:

أَيا قارئَ القرآنِ أَحْسِنْ أدائَهُ ... يُضاعِفْ لكَ اللهُ الجَزيلَ مِنَ الأجْرِ

فَما كلُّ مَنْ يَتْلُو الكتابَ يُقيمُهُ ... وما كلُّ مَنْ في النَّاس يُقْرِئُهُم مُقْرِيْ

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

پێشەکی بەڕێز مامۆستا خلیل أحمد

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە کە قورئانی پیرۆزی بۆ دابەزاندووین، پەڕاوێك کە ئایەتانێکی پڕ لە گەوهەر ودانایی لە خۆ گرتووە، پەڕاوێکی مەحکەم وتۆکمە، وە ئێمەشی کردووە بە هەڵگران وخزمەتکار وشاگردی شەریعەتەکەی، وە تایبەتی کردووین بە ناردنی بەڕێزترین دروستکراوی خۆی بۆمان، کۆتای پەیامبەران وگەورەی هەڵبژێردراوانی ودیارترین دۆستانی خۆی سەلات وسەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت، هەروەها لەسەر خێزان وهاوەڵان وخزمانی موسڵمانی (ئەهلی بەیت) وشوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی بێت.

پاشان لای هەموو موسڵمانێك زانراوە کە قورئانی پیرۆز سەرچاوەی یەکەمە کە شەریعەتی ئیسلامی لەسەر بونیات نراوە، کەوابوو پێویستە لەسەر موسڵمانان لە ڕۆژهەڵات ورۆژئاوادا گرنیگی وبایەخی تەواو وکاتە بەنرخەکانی خۆیان بدەن بە قورئانی مەزن، وە خۆیان لەسەری ڕاگرن وماندوو بکەن بە خوێندنەوە وتێفکران وتێگەیشتن وجێ بە جێ کردن تاوەکو نەوەیەك پێبگات بە ڕاستی ودروستی باوەڕیان بە خوا وپێغەمبەر ﷺ هەبێت، کەسانێك کە ئاینەکەیان نەفرۆشن بە کەمێك لە دونیا.

بە ڕاستی خوێندن وفێربوونی زانستی تەجوید یەکێکە لە پێشترین پێویستیەکان، چونکە هەنگاوی یەکەمە کە دەمانگەیەنێت بە تێگەیشتنی حەقیقەتی قورئان، بۆیە خوای گەورە فەرمان دەکات ودەفەرموێت: ﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾ [المزمل: ٤].

جا ئەم وەرگێڕانەی برای بەڕێزمان مامۆستا (ئاریان أحمد) لەسەر زانستی تەجوید هەوڵێکی زۆر باشە بۆ ئاسانکردن ونزیکردنەوەی ئەم زانستە لە خوێنەرانی کورد زمان بە گشتی وخوێنەرانی قورئان بە تایبەتی.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خودای گەورە پاداشتی خێری نوسەر و وەرگێڕ وئێمەو خوێنەرانیش بداتەوە وسودمەندمان بکات بەم نوسراوە. آمین.

خـلـیـل أحـمـد

شـەوی (١٤)ی صـفـر

سـاڵـی ١٤٣٨ ك/ کـەلار

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی وەرگێڕ

الحمدُ لله مُنزِّلِ الفرقان، الآمرِ بتلاوته على وجْه الترتيل والإتقان، وأُصلِّي وأُسلِّمُ على خير وَلَدِ عدنان، الذي كان خُلُقُه القرآن، وعلى آله وصحبه المجاهدين الرُّهبان.

بێ گومان خەریك بوون بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز وفێرکردنی تەجوید وياساكانی یەکێکە لە پیرۆزترین ومەزنترین ئەو عیبادەتانەی کە بەندەکان لە خوا نزیك دەکاتەوە.

بۆیە ئەگەر بە وردی تێڕامان بکرێت لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: «خيرُكم مَنْ تَعلَّمَ القرآنَ وعلَّمَهُ»[1]، واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە کە فێری قورئان دەبێت وخەڵکیش فێر دەکات، دەردەکەوێت کە ئەو کەسەی فێری دەبێت وفێری خەڵکیش دەکات پلە وپایەیەکی تایبەتی هەیە لە لای خوای گەورە.

بۆیە زانایان لە ڕوانگەی ئەم فەرموودە وچەندەها فەرموودەی تردەوە چەندین کتێبیان نوسیوە، وگرنگیەکی تایبەتیان پێداوە بە مەبەستی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە وپاشان بۆ ئەوەی هەر بەو شێوازە بخوێندرێتەوە کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ دەخوێندرایەوە، بۆیە بە باشیان زانی چەند یاسا ورێسایەك دابنێن بۆ جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، وبیپارێزن لەو هەڵانەی کە دەخرێنە ناوییەوە.

---

(١) رواه البخاري: [رقم: ٥٠٢٧].

وه ئەم کتێبە (المُذَكِّرَة في التجويد) یەکێکە لەو کتێبانەی کە دانراوە لەسەر زانستی جوان خوێندنەوەی قورئان، بۆیە بە باشم زانی وەریبگێڕم بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە ئەم کتێبە فێرخوازێکی زۆر لە حوجرە وبنکەی قورئان خوێندن دەوری دەکەنەوە ودەخوێندرێت.

هەروەها ڕوونکردنەوەیشم لەو شوێنانە داوە کە پێویستی کردبێت ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێت.

دانەری ئەم کتێبە ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە ماوەی (٣٦) ساڵی وانە وتنەوەدا دواتر زانستەکەی بە پوختەیی خستوەتە سەر کاغەز وئەم کتێبەی لێ دەرچووە.

وە دەست خۆشیش لە هەموو ئەو مامۆستا وبرایانەم دەکەم کە هاوکارم بوون لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەسوودە، ولە کۆتاییدا داواکارم لە خوای بە بەزەیی ئەم کارەم بخاتە سەر تەرازووی چاکەکانم، آمین.

ئاریان أحمد ملك علی

المجاز بالقراءات

کوردستان - کەلار

٢٠١٦/١١/١

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی دانەر

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە کە هەڵی بژاردووم لە بەندەکانی خۆی، ئەو بەندانەی کە کتێبی خۆی بۆ ناردوون، صەلات وسەلامیش لەسەر پێغەمبەرمان موحەمەد ﷺ کە جوبرەئیل کتێبێکی ڕوونکردنەوەی دابەزاند بەسەریدا، وخوای پەروەدگار ئەو کتێبەی کە قورئانی پیرۆزە کردووە بەباشترین وگەورەترین کتێبەکانی خۆی، وئێمە بە بۆنەی ئەو کتێبەوە لەخوای گەورە نزیك دەبینەوە، وهەر بە بۆنەی ئەو کتێبەوە خوای پەروەدگار باسی پێغەمبەر وئومەتەکەی لە نێوان ئومەتەکاندا تاوەکو ڕۆژی دوایی بەرزکردووەتەوە، واتە: شانازی پێغەمبەر ﷺ وئومەتەکەی بەهۆی قورئانەوەیە.

خوای پەروەردگار فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کە قورئان بخوێنێت بەسەر خەڵکیدا بەشێوازێکی پلە پلە ویەك لەدوای یەك بۆئەوەی بمێنێتەوە، وەپێغەمبەریش ﷺ بە باشترین وجوانترین شێواز قورئانی دەخوێند لەڕووی دەنگ وخوێندنەوەوە، وبۆ ئێمەش هەیە شوێنکەوتووی باشی پێغەمبەر بین ﷺ لەڕووی دەربڕین وخوێندنەوەوە بۆ کتێبەکەی خوای گەورە.

وە پێشینە چاکەکان لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەریان گرتووە وخەڵکی تر لە ئەمانیشەوە وەریان گرتووە، وبەردەوام ئەم قورئانە هەتاوەکو ئێستا دەخوێندرێتەوە بە شێوازێك کە چێژ وخۆشی لێ ببینرێت.

وە زانایان بۆ ئەم قورئانە پیرۆزە چەندین یاسا وبنچینەیان داناوە بە هۆی

ئەو یاسا وبنچینانەوە دەربڕین وخوێندنەوەی قورئانیان پاراستووە لە هەڵەکردن، وناویان ناوە (زانستی تەجوید) ئەم یاسایانە بووە بە قەڵایەکی پارێزەر بۆ پاراستنی ئەم کتێبە، وکتێبیکی زۆر دەربارەی ئەم زانستە نوسراوە.

باوکم ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ پێویستی کرد لەسەرم بە لەبەرکردنی ئەم قورئانە مەزنە، ومنیش خوای گەورە ئەو ڕێزەی پێم بەخشی ولەبەرم کرد، وهەر (١٠) جۆر خوێندنەوەی قورئانم وەرگرت بە هەردوو ڕێگای (شَاطِبِيَّة) و (الدُّرَّة) لە شێخەکەم (أبي عبد الله سعيد بن عبد الله المحمد)[1] ـ خوای گەورە ببپارێزێت ـ.

وە پێم خۆش بوو و وام بە باش زانی هەوڵ وتێکۆشانێك بدەم بە نوسینی کتێبێکی بچوك لەم زانستە، و ناوم لێنا: (المذكِّرة في التجويد)، ودەیکەم بە خێرێك و پێشی خۆمی دەخەم لەژیانم پێش مردنم.

بە ئومێدی ئەوەی کە خوای پەروەردگار ڕەحمم پێ بکات کاتێ هەر خوێنەرێ ئەم (مذكرة)یە بخوێنێتەوە، وسودیش بە خەڵك بگەیەنێت.

وە بانگەشەی تەواوەتی ئەم (مذكرة)یە ناکەم وخۆمیشی پێدا هەڵناکێشم،

---

(١) الشيخ أبو عبدالله سعيد عبدالله: شێخی هەموو قورئان خوێنانی شاری (حَمَاة) بووە لە سەردەمی خۆیدا، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٣٣٨)ی کۆچی بەرامبەر بە مانگی حوزەیرانی (١٩٢٠)ی زایینی لە دایك بووە، قورئانی خوێندووە لە لای (الشيخ نوري الشحنة) و(الشيخ عبدالعزيز عيون السود) ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، لە خوێندگەی (دار العلوم الشرعية) لە شاری (حماة) خوێندوویەتی، وپاشان وانەی تێدا وتوەتەوە، وپەیمانگای (دار الحفاظ والدراسات القرآنية)ی لە شاری (حماة) دروست کردووە وبنیاتی ناوە، دوای ئەوە ڕۆیشتووە بۆ شاری (مكة)ی پیرۆز، ووانەی (القرآن والقراءات)ی وتوەتەوە لە زانکۆی (أمُّ القرى)، وهەر لە شاری (مكة)ی پیرۆز لە ڕۆژی سێ شەمە لە کاتی عەسردا لە ١٤٢٥/٨/٧ کۆچی دوای کرد، ڕەحمەتی فراوانی خوای گەورەی لەسەر بێت.

ئەم (مذكرة)یەم کردووە بە بەش بەش، لە دوای ئەوەی کە بینیم و هەستم بەوەکرد کە ئەم ڕێگایە بە سودە بۆ خوێنەری ئەم زانستە، داوا دەکەم لە خوای پەروەردگار ئەم کتێبەم سود بەخش بێت، وداوا دەکەم کردەوە چاکەکانمان لێ وەربگرێت، ودڵسۆزیمان پێ ببەخشێت لە وتە وکار وکردەوەکانماندا، وخوای گەورە باشترین کەسێکە داوای لێبکرێت، ووەڵامی دوعاکان بداتەوە.

صەلاتی خوای گەورە لەسەر سەروەر وپێغەمبەری ئازیزمان محمد ﷺ وخزمە نزیکەکانی وهاوەڵانی وهەرکەسێ هیدایەتی وەرگرتووە وشوێنی ڕێچکەکەی ئەو کەوتووە تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

دانەر[1][2]

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

---

(١) ناوی (أبو الحسن محمد نبهان بن حسين بن نبهان المصري)ە، لە شاری (حَمَاة) لە (٢٥)ی مانگی صەفەری (١٣٦٣)ی کۆچی بەرامبەر بە (٢٠)ی ئازاری (١٩٤٤)ی زاینی لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی وناوەندی خوێندووە، وپاشان چاوەکانی لاواز دەبن وتاوەکو لە تەمەنی (١٧) ساڵی هەردوو چاوی بە تەواوی لە دەست دەدات ونابینێت، پاشان دەڕواتە پەیمانگای (دار الحفاظ والقراءات القرآنية) ئەویش تەواو دەکات ودەبێتە یەکێك لە دەرچووانی، وپاشان دەڕوات (القراءات العشر) لە لای (الشيخ سعيد بن عبدالله المحمد) تەواو دەکات، کە شێخی هەموو قورئان خوێنانی شاری (حماة) بووە لە سەردەمی خوێدا، ودیاری دەکرێت بۆ جێگیری بەڕێوبەر لەو پەیمانگایە کە تێیدا خوێندوویەتی، وە وانەی تێدا وتووەتەوە، پاشان ڕۆیشتووە بۆ شاری (مكة)ی پیرۆز لە ساڵی (١٤٠١ کۆچی ـ ١٩٨١ زاینی)، بە بەردەوامی تاوەکو ئێستایش وانەی (القرآن والقراءات) لە زانکۆی (أم القرى) دەڵێتەوە.

داوا دەکەم لە خوای گەورە لە هەر کوێ بێت هەڵیبژێرێت بۆ خێر وچاکە، وە هەر خوای گەورە بیسەر ووەڵامدەرەوەی دوعاکانە.

(٢) **تێبینی:** (محمد نبهان المصري) لە ڕۆژی هەینی (٩)ی ڕەمەزانی ساڵی (١٤٣٦)ی کۆچیدا بەرامبەر ٢٠١٥/٦/٢٦ زاینی کۆچی دوایی کرد، ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت. (وەرگێڕ).

ژیاننامەکان

پێشەوا (عاصم)[١]: قورئان خوێنی ناسراوی کوفە وپێشەوا وزانای فەرموودەناس (أبو بكر عاصم)ی کوڕی (أبی النَّجُود)ە، بە تابعین ژمێردراوە، خەڵکێکی زۆر لە لای خوێندوویەتی، وبووە بە پێشەوای قورئان خوێنەکانی کوفە، وپیاوێکی نابینا بووە، وزانستی نەحوی باش زانیوە.

وە عیبادەتی زۆری کردووە، وخاوەن ڕەوشت وڕەوان بێژی ودەنگێکی خۆش بووە، وقورئانی وەرگرتووە لە (أبی عبدالرحمن السُّلَمي)[٢]، وئەویش لە (علي) کوڕی (أبی طالب)ەوە خوای لێ ڕازی بێت، وئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەریگرتووە، وە هەروەها قورئانی خوێندووە بەسەر (زِرّ)[٣] کوڕی (حُبَیش)، وئەویش لە (عبد الله) کوڕی (مسعود)ەوە خوای لێ ڕازی بێت

---

(١) بڕوانە: (معرفة القرَّاء الكبار)ی پێشەوا (الذهبي): ١/٨٨.

(٢) أبو عبدالرحمن السلمي: ناوی (عبدالله)ی کوڕی (حبيب)ە، قورئان خوێنی شاری کوفەیە، لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دایك بووە، قورئانی خوێندووە و وەری گرتووە لە (علي) کوڕی (أبو طالب) و(عثمان) و(ابن مسعود) و(زيد) کوڕی (ثابت) و(أُبَي) کوڕی (كَعْب) خوایان لێ ڕازی بێت، وە هەریەکە لە (عاصم) و(حسن) و(حسين)ی کوڕی (علي) خوایان لێ ڕازی بێت قورئانیان لا خوێندووە و وەریانگرتووە لێی، وە لە ساڵی (٧٤)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (معرفة القرَّاء الكبار)ی پێشەوا (الذهبي): ١/٥٢.

(٣) ناوی (زر)ی کوڕی (حبيش)ی کوڕی (حباشة)ی (الأسدي الكوفي)یە، قورئانی خوێندووە و وەری گرتووە لە (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) و(عثمان) و(علي) خوایان لێ ڕازی بێت، وە پێشەوا (عاصم) قورئانی لا خوێندووە و وەرگرتووە لێی، وەپێشەوا (عاصم) تەنها (شعبة)ی تایبەت کردووە کە بەو شێوازە بیخوێنێتەوە کە لە (زر)ی کوڕی (حبيش)ەوە وەری گرتبوو، وە لە شاری (جَمَاجِم) لە ساڵی (٨٢)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (غاية النهاية في طبقات القرَّاء)ی پێشەوا (ابن الجزري): ١/٢٩٤.

وەریگرتووە، وئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ، وە لە کۆتایی ساڵی (١٢٧ ك) کۆچی دوای کردووە.

پێشەوا (حفص)[١]: قورئان خوێنی زۆر شارەزا لە دەربڕینی پیتەکان بە جوانی (المُتْقِن) وپێشەوای شاری کوفە (أبو عمر حفص)ی کوڕی (سليمان)ی (الغاضري)یە، لەساڵی (٩٠ ك) لەدایك بووە، وهاوەڵی پێشەوا (عاصم) بووە، وهەورەها یەکێك بووە لە خوێندکارە دیار وزیرەکەکانی پێشەوا (عاصم)، پێشەوا (الذهبي) دەربارەی دەفەرموێ: لەڕووی قورئان خوێندنەوە باوەڕپێکراوە (ثقة) وجێگیر (ثَبْت) وپیتەکانی پێشەوا (عاصم)ی زۆر بە جوانی وتەواوی گەیاندووە (ضابِط)[٢].

زانایانی کۆن وەسفیات کردووە بەوەی کاتێ قورئانی خوێندووە بەسەر (عاصم)دا زۆر بە جوانی خوێندوویەتی وفێری بووە، وە ئەو قورئانەی کە لای

---

(١) بڕوانە: (معرفة القرَّاء الكبار)ی پێشەوا (الذهبي): ١/١٤٠.

(٢) بەڵام لە لای زانایانی فەرموودەناس زۆربەیان بە کەسێکی باوەڕ پێ نەکراویان زانیوە لە گێڕانەوەی فەرموودەدا، بۆیە (يحيى)ی کوڕی (مَعِين) دەربارەی دەفەرموێت: «باوەڕ پێ نەکراوە»، هەورەها (ابن حجر) لە (التقريب)دا دەفەرموێت: «فەرموودەی وازی لێ دەهێنرێت ووەرناگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشەوایە لە قورئان خوێندندا»، وە پێشەوا (البخاري) دەربارەی فەرموویەتی: «وازیان لەو فەرموودە هێناوە کە گێڕاوێتیەوە»، وپێشەوا (الدارقطني) فەرموویەتی: «لاوازە»، وە پێشەوا (أبو زرعة) فەرمویەتی: «لاوازە لە فەرموودەدا»، وپێشەوا (مسلم) دەفەرموێت: «گێڕانەوەی فەرموودەی واز لێ هێنراوە»، وە (علي) کوڕی (المَدِيني) فەرمویەتی: «لاوازە لە فەرموودەدا، ومنیش بە ئەنقسەت وازم هێناوە لە گێڕاندنەوەکانی».

پاشان ئەگەر کەسێك وتی: هەندێك لە زانایان بە ڕاستگۆیان داناوە، ئەوا دەڵێین: «إذا تعارضَ الجرحُ والتعديلُ قُدِّمَ الجرحُ»، واتە: ئەگەر بە خراپ دانانی کەسەکە لە لای هەندێك وبە باوەڕ پێکراو دانانی لە لای هەندێکی تر تێك گیران، ئەو کات قسەی ئەوانە وەردەگیرێت کە دەڵێن باوەڕ پێکراو نیە، بڕوانە کتێبی: (تهذيب الكمال في أسماء الرجال)ی پیشەوا (المِزِّي). (وەرگێڕ).

(عاصم) خوێندوویەتی ڕێگاکەی (طريق) بەرزدەبێتەوە بۆ لای (علي) خوای لێ ڕازی بێت، وە لە سالّی (١٨٠ ك) کۆچی دوایی کردووە.

الحِرْز: کتێبی (حِرْزُ الأماني ووجْهُ التَّهاني)ە کە ناسراوە بە (الشَّاطِبِيَّة)، خاوەنی ئەم کتێبە پێشەوا (القاسم)ی کوڕی (فِيْرُّه الشاطبي الأندلوسي)یە، کە نابینا بووە، وڕێگاکەی بە ناوبانگترینی ناو دوو ڕێگاکەیە لەم سەردەمەدا، وە ڕێگای دووەم (طَيِّبَة النشر)ە، وخاوەنی ئەم کتێبە پێشەوا (محمد)ی کوڕی (الجزری)[1]ە.

پێشەوا (الشاطبي) لەسالّی (٥٩٠ ك) کۆچی دوایی کردووە، ولە سەر کێوی (المُقَطَّم) لە قاهیرە نێژراوە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) ناوی (محمد)ی کوڕی (محمد)ی کوڕی (محمد)ی کوڕی (علي) کوڕی (يوسف)ی (الجزري)یە، پێشەوای هەموو قورئان خوێنانە وکۆتای هەموو لێکۆڵەر ولێهاتووانە، لەشاری (دمشق) لە سالّی (٧٥١)ی کۆچی لە دایك بووە، ولە (شيراز) لە سالّی (٨٣٣) کۆچی لە تەمەنی (٨٢) سالّیدا کۆچی دوایی کردووە، ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت.

بنچینەکانی ناسینی زانستی تەجوید

بزانە برای قورئان خوێن ناسینی زانستی تەجوید پەیوەستە بە چوار بنچینەوە، ئەوانیش:

١- ناسینی شوێنی دەرچوونی پیتەکان.

٢- ناسینی سیفەتی پیتەکان.

٣- ناسینی ئەو حوکمە تازانەی کە لە کاتی ڕێك خستن وخستنە پاڵ یەکی پیتەکاندا دروست دەبێت.

٤- ڕاهێنانی زمان و دووبارەکردنەوەی پیتەکان لەسەر زمان[1].

بنچینەی چوارەم بنچینەیەکی زاڵ وگشتگیرە بەسەر هەر سێ بنچینەکانی سەرەتاوە، وە پێویست دەکات بە دووبارەکردنەوی بەکارهێنانی زمانت لە حوکمێکدا بۆ ئەوەی زمانت لەسەری ڕابهێنی، دوای ئەوەی فێری دەبیت و وەری دەگریت لە دەمی ئەو کەسە شارازایانەوە کە سەنەدێکی نەپچڕاویان لە پێغەمبەرەوە ﷺ هەیە.

ئەم (مذكرة) یەی من لە بنچینەی سێیەمەوە دەست پێ دەکات، کە ئەویش ناسینی ئەو حوکمانەیە کە لە کاتی ڕێکخستن وخستنە پاڵ یەکی پیتەکاندا

---

(١) پێشەوا (ابن الجزري) لە (المقدِّمة)ەکەیدا دەفەرموێت:

وليسَ بينَهُ وبينَ تَرْكِهِ إلَّا رِياضةُ امرئٍ بفَكِّهِ

واتە: لە نێوان خوێندنی تەجوید وازلێهێنانی تەنها بەردەوابوونی کەسێکە بە ڕاهێنانی شەویلگە ودەمی. (وەرگێڕ).

دروست دەبێت، دوای ئەوە ناسینی شوێنی دەرچوونی پیتەکان، ودوای ئەوەیش ناسینی سیفەتی پیتەکان[١].

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) پێشەوا (أبو عمرو الداني) لە کتێبی (التحديد)دا فەرموویەتی: «اعْلموا أنَّ قُطْبَ التجويدِ ومَلاكَ التحقيقِ معرفةُ مخارجِ الحروفِ وصفاتِها...»، واتە: بزانن تەوەری زانستی تەجوید ودەسەلآت وتوانای فێربوون ناسینی شوێنی دەرچوونی پیتەکان وسیفەتەکانیانە.
بۆیە دەبوو دانەر پێش حوکمەکان باسی ئەم دوو بنچینەیەی بکردایە. (وەرگێڕ).

تەجوید

واتاکەی:

لە زمانەوانیدا : واتە چاککردن وباش کردن.

لە زاراوەدا: واتە پێدانی (حَقّ)[١] و(مُسْتَحَقّ)[٢]ی هەموو پیتێك لە ڕووی شوێنی دەرچوونی پیتەکان، وسیفەتەکان، ومەددەکاندا[٣].

مەبەست وئامانجی تەجوید:

پاراستنی زمانە لە هەڵەکردن لە کاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا [٤]، وە بەدەست هێنانی ڕەزامەندی وخۆش بەختیە لە دونیا ولە ڕۆژی دواییدا [٥].

حوکمی تەجوید:

فێربوونی زانستی تەجوید فەرزی کیفایەیە[٦]، بەڵام کردەوە کردن پێی

---

(١) **مافی پیت:** بریتیە لە دەرکردنی هەموو پیتێك لە شوێنی دەرچونی خۆیەوە، وپێدانی ئەو سیفەتانەی کە پەیوەستە بە پیتەکەوە ولێی جیانابێتەوە، وەکو: سیفەتی (الهَمْس) و(الاسْتِعْلاء)، و ... هتد.

(٢) **شایستەی پیت:** بریتیە لە پێدانی ئەو سیفەتانەی کە توشی پیتەکە دەبێت کە پەیوەست نیە بە پیتەکەوە ولێی جیا دەبێتەوە، وەکو: (الإمَالَة) و(التَّفْخِیم) و(التَّرْقِیق)، و... هتد.

(٣) **مەدد:** مافی مەدد ئەوەیە بە ئەندازەی دوو حەرەکە درێژ بکرێتەوە، وشایستەی مەدد ئەوەیە کە زیاتر لە دوو حەرەکە درێژ بکرێتەوە بەڵام بە مەرج.

(٤) مەبەست پێی ئامانجی زاراوەییە یاوەکو ئامانجی دونیایی. (وەرگێر).

(٥) مەبەست پێی ئامانجی شەرعییە یاوەکو ئامانجی لە دوا ڕۆژدا. (وەرگێر).

(٦) **فەرزی کیفایە (فرض الکفایة):** ئەگەر کۆمەڵێك لە موسڵمانان پێی هەڵسن وکارەکە ئەنجام بدەن ئەوا لەسەر موسڵمانانی تر دەکەوێت (وەرگێر).

فەرزێکی عەینە[1]، چونکە هەموو ئوممەت بە زانایان وقورئان خوێنانیشەوە کە پاشینەکان (خَلَف) لە پێشینەکانەوە (سَلَف) وە ئەوانیش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەریانگرتووە وبەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە دەبێت بەو شێوازە کاری پێ بکرێت وبخوێندرێت و وازی لێ نەهێنرێت.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) فەرزی عەین (فرض العين): ئەو فەرزەیە کە دەبێت هەموو موسڵمانێک ئەنجامی بدات، ئەگەر کەسێکی تر ئەنجامی بدات هەر لەسەر ئەم ناکەوێت (وەرگێڕ).

حوکمەکانی پەناگرتن وناوی خوا هێنان (الاسْتِعَاذَة و البَسْمَلَة)

یەکەم: پەناگرتن (الاستعاذة):

سوننەتە لە لای زۆربەی زانایان لە سەرەتای هەموو قورئان خوێندنەوەیەکدا، جیاوازی نیە چ قورئان خوێن لە خوێندنەوەکەیدا لە سەرەتای سورەتێکەوە دەست پێبکات، یان لە بەشێکی سورەتێکەوە، یەک پەناگرتن بەسە بۆ قورئان خوێن ئەگەر هەموو قورئانیش بخوێنێت، بەڵام بە مەرجێ خوێندنەوەکەی پچڕانی تێدا نەبێت.

دووەم: ناوی خوا هێنان (البسملة):

سونەتێکی جەخت لێکراوە لە سەرەتای هەموو سورەتێکەوە، جگە لەسەرەتای سورەتی (التوبة) نەبێت.

سێیەم:

بۆ قورئان خوێن دروستە لە کاتی دەست پێکردنی بە بەشێك لە سورەتێك ئەگەر ویستی لێ بێت (بسملة) نەخوێنێت، یان بیخوێنێت کە ئەمەیان باشترە.

چوارەم :

بۆ قورئان خوێن دروستە (استعاذة) و(بسملة) وسەرەتای سورەتێك بە یەکەوە کۆیانبکاتەوە، یان لێکیان جیابکاتەوە، ئەمەیش خۆی لە چوار شێوە دەبینێتەوە کە ئەمانەن:

گەیاندنی هەموویان، پچڕاندنی هەموویان، گەیاندنی (استعاذة) بە (بسملة) بە هەناسەیەك بوەستیت پاشان دەست بکەیت بە خوێندنی سورەتەکە،

خوێندنی (استعاذة) به هەناسەیەك پاشان گەیاندنی (بسملة) بەسورەتەكەوە بە هەناسەیەك[1].

أ- گەیاندنی هەموویان: واتە: خوێندنی (استعاذة) و(بسملة) و سەرەتای سورەتەكە بە یەك هەناسە، وەك: ﴿ أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾.

ب- پچراندنی هەموویان: خوێندنەوەی هەر یەكەیان بە یەك هەناسە، وەك: ﴿ أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴾ ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾ ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾.

ج- گەیاندنی (استعاذة) بە (بسملة) بە هەناسەیەك، وپچراندنیان لەگەڵ سەرەتای سورەتەكە: وەك: ﴿ أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾ ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾

د- پچراندنی (استعاذة) بە هانەسەیەك، وگەیاندنی (بسملة) بە سەرەتای سورەتەكە: وەك: ﴿ أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴾ ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾

---

(١) ئەم رِیزبەندییەی (الترتیب) كە نوسەر هێناویەتی باو نییە لە لای زانایانی ئەم زانستە، بۆیە رِیزبەندیەكی تەواو وچەسپاو نیە، وە رِیزبەندی راستر وتەواوتر كە بەر بلاوە لە لای زانایان بەم جۆرەیە: ١- پچراندنی هەموویان. ٢- خوێندنی (استعاذة) بە هەناسەیەك پاشان گەیاندنی (بسملة) بە سورەتەكەوە بە هەناسەیەك. ٣- گەیاندنی (استعاذة) بە (بسملة) بە هەناسەیەك بوەستیت، پاشان دەست بكەیت بە خوێندنی سورەتەكە. ٢- خوێندنی هەموویان بە یەك هەناسە. بڕوانە كتێبی: (البدور الزاهرة)ی (عبدالفتاح القاضي): لا: ١١. (وەرگێڕ).

پێنجەم: (بسملة) لە نێوان دوو سورەتدا:

بۆ خوێندنەوەی (بسملة) چوار شێوازی هەیە کاتێك لە نێوان دوو سورەتدایە:

١- سێ شێوازی دروستە. ٢- یەك شێوازی دروست نیە.

١- شێوازە دروستەکان:

گەیاندنی هەموویان، پچڕاندنی هەموویان ، پچڕاندنی کۆتایی سورەتەکە وگەیاندنی (بسملة) بەسەرەتای سورەتەکەوە[1].

أ- گەیاندنی هەموویان: واتە: گەیاندنی کۆتایی سورەتەکە بە (بسملة) وبە سەرەتای سورەتەکە بە یەك هەناسە، وەك: ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ﴾

ب- پچڕاندنی هەموویان: واتا خوێندنەوەی هەر یەکە بە جیا، لەگەڵ بوونی هەناسەیەك لە نێوانیان، وەك: ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ﴾.

ج- پچڕاندنی کۆتایی سورەتەکە بە هەناسەیەك، پاشان گەیاندنی (بسملة) بە سەرەتای سورەتەکەوە: وەك: ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ﴾.

---

(١) بە هەمان شێوەی پێشووتر ئەمەش رێزبەندیەکەی تەواو نیە، بەڵکو رێزبەندیەکەی بەم شێوەیەیە: ١- پچڕاندنی هەموویان. ٢- پچڕاندنی کۆتایی سورەتەکە بە هەناسەیەك، پاشان گەیاندنی (بسملة) بە سەرەتای سورەتەکەوە. ٣- خوێندنی هەموویان بە یەك هەناسە. بڕوانە کتێبی: (البدور الزاهرة)ی (عبدالفتاح القاضي). (وەرگێڕ).

٢- شێوەی قەدەغەلێکراو (نا دروست): **گەیاندنی کۆتایی سورەتەکە بە (بسملة) بە هەناسەیەک، پاشان پچراندنیان لەگەڵ سەرەتای سورەتەکە**[١]، وەک: ﴿وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ﴾.

شەشەم: (بسملة) لە سەرەتای سورەتی (التوبة) نیە، بەڵکو بەسە بۆ قورئان خوێن تەنها (استعاذة) بخوێنێت، ئەگەر لە سەرەتاوە دەستی پێکرد، بەڵام ئەگەر کۆتایی سورەتی (الأنفال)ی گەیاند بە سەرەتای سورەتی (التوبة) ئەوە قورئان خوێن سێ شێوازی بۆ هەیە[٢]:

أ- گەیاندنی کۆتایی سورەتی (الأنفال) بە (البراءة) بەبێ وەستان (السكت)[٣] **وبەبێ هەناسە:** وەک: ﴿إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ بَرَاءَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾.

---

(١) هۆکارەکەی بۆ ئەوەیە کە وا گومان نەبردرێت (بسملة) بە شێکە لە سورەتەکە، یان چونکە (بسملة) دانراوە لە سەرەتای سورەتەکانەوە. (وەرگێڕ).

(٢) بە هەمان شێوەکانی پێشووتر کە باسمان کرد ئەم ڕێزبەندیە تەواو نیە، بەڵکو ئەو ڕێزبەندیە کە بەر بلاو وگونجاوە لە لای زانایان بەم شێوەیەیە: ١- (ج)ە. ٢- (ب)ە ٣- (أ)ە. (وەرگێڕ).

(٣) تێبینیەک دەبارەی (الوَقْف) و(السَّكْت): هەر دووکیان وەستانن، بەڵام وەستانی (السكت) کەمترە لە وەستانی (الوقف)، وەهورەها (الوقف) وەستانێکە هەناسەی لەگەڵ دایە، و(السكت) وەستانێکە هەناسەی لەگەڵدا نیە. (وەرگێڕ).

ب – وەستان لە نێوان هەردوو سورەتەکەدا بە ئەندازەی دووحەرەکە بە بێ هەناسەدان[1]: وەک: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ۝ بَرَآءَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ﴾.

ج – وەستان لە نێوان هەردوو سورەتەکەدا بە هەناسەوە: وەک: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ۝٧٥ بَرَآءَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ﴾

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) بەڵگو ئەوە (الوقف)ە کە بە ئەندازەی دوو حەرەکە لەسەری دەوەستێنرێت، بەڵام (السکت) کەمتر لە دوو حەرەکە لەسەری دەوەستێنرێت، بەویستی خوای گەورە لە بابەتی (السکت) ئاماژەی پێ دەکەم (وەرگێڕ).

حوکمەکانی نونی زەنەدار (الساكنة) وتەنوین

تەنوین: نونێکە لە خوێندنەوەدا دەردەکەوێ بەلآم لە نوسیندا دیار نیە ونانوسرێت، لە کاتی ڕۆیشتن بە سەریدا دیار و ئاشکرایە، بەلآم لە کاتی ڕاوەستاندا شاراوەیە ودیارنیە.

جۆری تەنوین	نموونە	خوێندنەوەی لە کاتی گەیاندن	خوێندنەوەی لە کاتی وەستان
الرفع	وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ	عَلِيمُنْ حَكِيم	عَلِيمْ
الجر	مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ (١)	حَكِيمِنْ عَلِيم	حَكِيمْ
النصب	وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا	عَلِيمَنْ حَكِيمَا	عَلِيمَا

نونی زەنەدار (الساكنة) وتەنوین چوار حوکمیان هەیە کە بریتین لە: ئاشکرا کردن (الإظهار)، وتێهڵکێش کردن (الإدغام)، وهەڵگەڕانەوە (الإقلاب)، وشاردنەوە (الإخفاء)(٢).

---

(١) دانەری ئەم کتێبە ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەم نموونەیەی نووسیبوو: من حكيم عليم، بەلآم ئایەتی لەو شێوەمان لە قورئاندا نیە. (وەرگێڕ).

(٢) هۆکاری ڕێکخستنی ئەم چوار حوکمە بەم ڕیزبەندیە، کە لە پێشدا (الإظهار)ی باسکردووە، چونکە بنچینەی حوکمەکانە، وبنچینە لە بە یەکگەیشتنی پیتەکاندا ئاشکرا کردنە، ودواتر (الإدغام)ی باسکردووە، چونکە دژی (الإظهار)ە وهەموو شتێك بە دژەکەی دەناسرێتەوە، وە لەبەر ئەوەی هەریەکەیان شەش پیت بە دوایدا دێت، ودواتر (الإقلاب)ی باسکردووە، چونکە جۆرێکە لە (الإدغام)، وە تەنها لەیەك پیتیش ڕوودەدات بۆیە ئاسانە بۆ لەبەرکردن، وە دواتر (الإخفاء)ی باسکردووە، چونکە پیتەکانی زۆرن، وکاتێك وترا جگە لە پیتەکانی سێ حوکمەکەی پێشوو، باقی پیتەکانی تر پیتەکانی (الإخفاء)یە وە حاڵەتێکیشە لە نێوان (الإظهار) و(الإدغام) =

یەکەم: ئاشکراکردن (الإظهار):

أ- واتاکەی لە زمانەوانیدا: ئاشکراکردن.

ب- لە زاراوەدا: دەرکردنی پیتی نونی ساکن وتەنوینە لە شوێنی دەرچوونی خۆیەوە بەبێ دریژکردنەوەی مینگەکەی (الغنة)[1].

ج- پیتەکانی (الإظهار): شەش دانەن، کە بریتین لە: (هـ ـ أ ـ ع ـ ح ـ غ ـ خ) وە ئەمانەش پیتەکانی قورگن، کە کۆکراوەتەوە لە سەرەتای هەرێک لەم وشانەدا: (أَخِي هَاكَ عِلْماً حَازَهُ غَيرُ خَاسِرٍ)[2].

(الإظهار) لە یەک ووشە، ولە دوو وشەیشدا ڕووەدات.

أ- نموونەی (الإظهار) لەیەک وشەدا:

﴿وَيَنْءَوْنَ ، يَنْهَوْنَ ، يَنْعِقُ ، وَلَنَنْحِتُونَ ، فَسَيُنْغِضُونَ ، وَٱلْمُنْخَنِقَةُ﴾.

ب- نموونەی (الإظهار) لەدوو وشەدا:

﴿مَنْ ءَامَنَ ، مِنْ هَادٍ ، مَّنْ عِندِ ، وَمِنْ حَيْثُ ، مِنْ غَيْرِكُمْ ، مَّنْ خَيْرٍ﴾.

ج- نموونەی (الإظهار) لەتەنویندا:

﴿وَجَنَّٰتٍ أَلْفَافًا ، جُرُفٍ هَارٍ ، حَكِيمٌ عَلِيمٌ ، عَلِيمٌ حَكِيمٌ ، فَظًّا غَلِيظَ ، عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾.

= بۆیە دەبێت بە باشی حوکمەکانی (الإظهار) و(الإدغام) بزانرێت پاشان حوکمی (الإخفاء) بخوێندرێت. بڕوانە: (المِنَح الفِكْرية شرح المقدمة الجزرية)ی (مُلاَّ علي القاري). (وەرگێڕ).

(١) هۆکاری ئاشکرا کردنیشی دووری شوێنی دەرچوونی نونی ساکن وتەنوینە لە شوێنی دەرچوونی پیتەکانی قورگ. (وەرگێڕ).

(٢) ئەمەش وتەی (ابن القاصح)ە لە کتێبی (نُزْهَة المُشْتَغِلين) کە لە ساڵی (٨٠١ك) کۆچی دوایی کردووە. واتە: براکەم ها ئەوە زانستە بیگرە، هەر کەسێک پێی بێت زەرەرمەند نابێت. (وەرگێڕ).

دووەم : تێهەڵکێش کردن (الإدغام):

أ- واتاکەی لەزمانەوانیدا: واتە خستنە ناوێک وتێهەڵکێش کردن.

ب- لە زاراوەدا: گەیشتنی پیتی نونی ساکن وتەنوینە بە پیتەکانی (الإدغام)، بە شێوەیەک ببنە یەک پیتی تووندکراو (مُشَدَّد) وەکو پیتی دووەم.

ج- پیتەکانی (الإدغام): شەش پیتن، وکۆکراوەتەوە لەوشەی (يَرْمُلُونَ)[1]، ودابەش دەبێت بۆ ئەم جۆرانە:

١- تێهەڵکێش کردنی تەواوی بێ مینگە (الإدغام الكامل بلا غنة):

ئەویش لە پیتەکانی (ل ـ ر)دایە، وەک:

﴿مِن لَّدُنْ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (مِلَّدُنْ).

﴿هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (هُدَ لِّلْمُتَّقِينَ).

﴿مِن رَّبِّهِمْ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (مِرَّبِّهِمْ).

٢- تێهەڵکێش کردن بە مینگەوە: پیتەکانی چوار دانەن وکۆکراوەتەوە لە وشەی (يَنْمُو)، ئەمەش دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

أ - تەواوی مینگەدار (كامل بغنة).

ب - ناتەواوی مینگەدار (ناقص بغنة).

---

(١) واتە: پەلە دەکەن لە ڕێکردندا.

ئەم وشەیە پیتی (میم)ەکەی ضەمەدارە نەک فەتحەدار، وە زۆربەی خەڵک بە: (يَرْمَلون) دەیخوێنێتەوە، واتە: (میم)ەکە دەکاتە (میم)ێکی فەتحەدار، ئەگەر بە (يَرْمَلون) بخوێندرێتەوە ئەوا ئەو کاتە دەبوایە (عەین) یان (لام)ی (فعل)ەکە پیتی قورگ بوایە، بەڵام لێرەدا نە (عەین) ونە (لام)ی (فعل)ەکەیش پیتی قورگە، بۆیە بە (يَرْمُلون) دەخوێندرێتەوە، وە بە (يَرْمِلون)یش هاتووە، واتە: (میم)ەکە کەسرەدار بێت، بەڵام بە کەمی لە زماندا هاتووە. (وەرگێڕ).

أ- **تێهەڵکێش کردنی تەواوی مینگەدار:** دوو پیت لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش: (ن ـ م)ە، وەك:

﴿مِّن نِّعْمَةٍ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (مِنِّعْمَةٍ).

﴿يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (يَوْمَئِذِنَّاعِمَةٌ).

﴿مِن مَّارِجٍ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (مِمَّارِجٍ).

﴿جَزَآءً مِّن﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (جَزَآءَ مِّن).

ب – تێهەڵکێش کردنی ناتەواوی مینگەدار: دوو پیت لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش: (و ـ ي)یە، وەك:

﴿مِن وَلِيٍّ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (مِمینگەوَلِيٍّ).

﴿غِشَٰوَةٌ وَلَهُمْ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (غِشَٰوَةُ مینگەوَلَهُمْ).

﴿مَن يَقُولُ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (مَمینگەيَقُولُ).

﴿خَيْرًا يَرَهُۥ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (خَيْرَ مینگەيَرَهُۥ).

وە مەرجە تێهەڵکێش کردن (الإدغام) لەدوو وشەدا بێت، ئەگەر (نون) و یەکێك لە پیتەکانی (الإدغام) لە یەك وشەدا هاتن، ئەوا دەبێت ئاشکرا (إظهار) بکرێت، بەم ئاشکرا کردنەش دەوترێت : ئاشکرا کردنی ڕەها (الإظهار المُطْلَق).

ئاشکرا کردنی ڕەها (الإظهار المطلق): بەو ئاشکرا کردنە دەوترێت کە ئاشکراکردنی قورگی (الإظهار الحلقي) ولێوی (الإظهار الشفوي) نەبێت[1]، ئەمەش سێ جۆرە:

یەکەم: گەیشتنی نونی ساکن بە یەکێك لە پیتەکانی (الإدغام) لە یەك وشەدا، ئەمەش لەچوار وشە لە قورئاندا هاتووە کە ئەمانەن:

﴿ٱلدُّنۡيَا﴾ ﴿بُنۡيَٰنٌ﴾ (لە هەر شوێنێکدا هاتبێت).

﴿قِنۡوَانٌ﴾ [الأنعام: ٩٩]، ﴿صِنۡوَانٍ﴾[2] [الرعد: ٤].

دووەم: ئاشکرا کردنی (نون) لە ڕێنووسی (هجاء) پیتەکانی زمانی عەرەبی لە کاتی گەیشتنی بە پیتەکانی (الإدغام) کە ئەمەش لەدوو شوێندا هاتووە:

﴿يٰسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ﴾، ﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾.

بەلأم نون لە ڕێنووسی پیتی (سین) تێهەڵکێش دەکرێت لەگەڵ (میم)ی یەکەم لە ڕێنووسی پیتی (میم) لە: ﴿طسٓمٓ﴾: (طَا سِين مِيمْ) ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (طَاسِيمِّيمْ).

سێیەم: ئاشکرا کردنی (نون) و(میم) لە کاتی وەستان لە سەریان بە سکون:

﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾.

---

(١) دەبوو دانەری ئەم کتێبە ڕەحمەتی خوای لێ بێت لێرە بڵێت: هەروەها ئاشکرا کردنی قەمەریش نەبێت (الإظهار القمري). (وەرگێڕ).

(٢) هۆکارەکەشی چونکە کاتێك تێهەڵکێش بکرێت تێکەڵ بوون ڕوو دەدات، نازانرێت ئایا لە بنچینەدا (نون)ەیان هەر خۆی تۆندکراوە (مشدَّد)، نموونە: ﴿ٱلدُّنۡيَا﴾ لە کاتی تێهەڵکێش کردندا دەبێت بە (الدُّيا)، یان لەبەر مەترسی تێکچوونی واتاکەیەتی لە کاتی تێهەڵکێشکردندا، یان هەر بەو شێوازە خوێندراوەتەوە وگەیشتووە پێمان (اتباعاً للرواية). (وەرگێڕ).

سێیەم: هەڵگەڕانەوە (الإقلاب)[1]:

أ- لە زمانەوانیدا: گۆڕینی شتێك بۆ شتێکی تر.

ب- لە زاراوەدا: کردنی نونی ساکن و تەنوینە بە (میم)ێکی شاراوەی مینگەدار، کاتێك بگات بە پیتی (باء)، وە (باء) تاکە پیتی (الإقلاب)ە، وەك:

﴿مِنۢ بَعۡدِ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (مِـمْبَعْدِ).

﴿ٱلۡأَنۢبِيَآءَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (الْأَمْـبِـيَآءَ).

﴿عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (عَلِيمُمْبِذَاتِ).

---

(١) وتـراوە دەبێت بوتـرێت (القلْب)، چونـکە لە (قَلَبَ ـ يَقْلِبُ)ەوە وەرگیـراوە، بۆیـە نـابێت بوترێت (الإقـلاب)، چـونکە لەسـەر کێشی (إفعـال)ە، ئـەم کێشەش (وزن) لـە (فعـل)ی (أفعـل) وەردەگیرێـت، وە نابێـت (فعـل)ی (قَلَـبَ) بخرێتـە سـەر کێشی (إفعـال)، بـەڵام لـە زمانـدا بـە (الإقلاب)یش هاتووە، بەڵام زیاتر (القلب) هاتووە. (وەرگێڕ).

چوارەم: شاردنەوە (الإخفاء):

أ- **لە زمانەوانیدا:** بە واتای داپۆشین دێت.

ب- **لە زاراوەدا:** دەربڕینێکە بۆ نونی ساکن وتەنوین بە شێوازێکی مامناوەند لە نێوان ئاشکرا کردن وتێهەڵکێش کردندا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مینگە لە پیتی یەکەمدا، وپێشی دەوترێت: (الإخفاء الحقيقي).

ج - **پیتەکانی(الإخفاء):** (١٥) پیتن، ولە سەرەتای ئەم وشانەی لای خوارەوە هاتوون:

صِفْ ذَا ثَنَا كَمْ جَادَ شَخْصٌ قَدْ سَمَا دُمْ طَيِّباً زِدْ فِي تُقَى ضَعْ ظَالِمَا[1]

(ص ـ ذ ـ ث ـ ك ـ ج ـ ش ـ ق ـ س ـ د ـ ط ـ ز ـ ف ـ ت ـ ض ـ ظ).

وە ڕێگای دەربڕینی (إخفاء) لکاندنی زمانە بە شوێنی دەرچوونی پیتی (إخفاء)ەکەوە بەبێ پەستان خەستنە سەری، تاوەکو مینگەکە مافی خۆی وەردەگرێت[2]، وەکو ئەم نموونانەی کە دێن:

---

(١) ئەمەش وتەی پێشەوا (سُليمان الجَمْزُوري)ە لە (منظومة تحفة الأطفال). واتە: وەسف وستایشی کەسێك بکە کە خاوەن ڕێز بێت، چەندین کەس باش بوون وبەرزەوە بوون، بەردەوام پاك ببە، و لەخوا ترسانتیش زیاد بکە، وواز لە ستەمکاران بهێنە. (وەرگێڕ).

(٢) یاسا وڕێسایەك بۆ (إخفاء) هەیە، ئەویش: (الغنةُ تابعةٌ لِما بعدَها تفخيماً وترقيقاً)، واتە: مینگە ڕەچاو وشوێنی دوای خۆی دەکەوێت لە ڕووی قەڵەوی وباریکی پیتەکەوە، ئەگەر پیتەکە قەڵەو بوو (مُفَخَّم) مینگەکەیش قەڵەوە، وە ئەگەریش پیتەکە باریك بوو (مُرَقَّق) مینگەکەیش باریکە، وە پیتەکانی قەڵەوکردن بۆ (إخفاء) ئەمانەن: (ص، ض، ط، ظ، ق). (وەرگێڕ).

پیت	نموونەی لە یەك وشە	لە دوو وشە	لە تەنوین
ص	﴿مَنصُورًا﴾	﴿مِن صِيَامٍ﴾	﴿بِرِيحٍ صَرْصَرٍ﴾
ذ	﴿أَنذَرَهُم﴾	﴿مَن ذَا ٱلَّذِى﴾	﴿وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٍ﴾
ث	﴿مَّنثُورًا﴾	﴿مِن ثَمَرَةٍ﴾	﴿نُّطْفَةٍ ثُمَّ﴾
ك	﴿أَنكَالًا﴾	﴿أَن كَانَ﴾	﴿أَجْرٌ كَرِيمٌ﴾
ج	﴿أَنجَىٰكُم﴾	﴿أَن جَآءَكُمْ﴾	﴿شَيْـًٔا • جَنَّتٍ﴾
ش	﴿مَنشُورًا﴾	﴿لِمَن شَآءَ﴾	﴿جَبَّارًا شَقِيًّا﴾
ق	﴿يَنقَلِبُونَ﴾	﴿أَن قَدْ﴾	﴿عَفُوًّا قَدِيرًا﴾
س	﴿ٱلْإِنسَٰنُ﴾	﴿مِن سُلَٰلَةٍ﴾	﴿قِيلًا سَلَٰمًا﴾
د	﴿أَندَادًا﴾	﴿مِن دَآبَّةٍ﴾	﴿قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ﴾
ط	﴿يَنطِقُونَ﴾	﴿مِّن طِينٍ﴾	﴿صَعِيدًا طَيِّبًا﴾
ز	﴿أَنزَلْنَٰهُ﴾	﴿فَإِن زَلَلْتُم﴾	﴿يَوْمَئِذٍ زُرْقًا﴾
ف	﴿أَنفُسِكُمْ﴾	﴿وَإِن فَاتَكُمْ﴾	﴿أَزًّا • فَلَا﴾
ت	﴿كُنتُمْ﴾	﴿مِن تَحْتِهَا﴾	﴿جَنَّتٍ تَجْرِى﴾
ض	﴿مَّنضُودٍ﴾	﴿مِّن ضَعْفٍ﴾	﴿مُّسْفِرَةٌ • ضَاحِكَةٌ﴾
ظ	﴿يُنظَرُونَ﴾	﴿إِلَّا مَن ظَلَمَ﴾	﴿ظِلًّا ظَلِيلًا﴾

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

حوكمەكانى (ميم)ى زەنەدار (الساكنة)

(ميم)ى ساكن كاتێك پيتەكانى عەرەبى بە دوايدا دێت سێ بارى بۆ دروست دەبێت كە ئەمانەن:

تێهەڵكێش كردنى لێوى (الإدغام الشفوي)، وشاردنەوەى لێوى (الإخفاء الشفوي)، وئاشكرا كردنى لێوى (الإظهار الشفوي)، ناونراون بە لێوى (الشفوية)، چونكە پيتى (م) لە نێوانى هەردوو لێوەوە دەردەچێت.

يەكەم: تێهەڵكێش كردنى لێوى (الإدغام الشفوي): (ميم)ى ساكن تێهەڵكێش دەكرێت ئەگەر هاوشێوەى خۆى بە دوايدا هات، وەك:

﴿جَآءَكُم مُّوسَىٰ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (جَآءَكُّمُّوسَى).

﴿وَمَا بِكُم مِّن﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَمَا بِكُمِّن).

﴿مَّا هُم مِّنكُمْ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (مَا هُمِّنكُمْ).

دووەم: شاردنەوەى لێوى (الإخفاء الشفوي): يەك پيتى هەيە ئەويش تەنها (باء)ە، شاردنەوەى لێوى شێوەيەكى هەڵبژێردراوە لە يەكێك لەم دوو شێوەيە، كە دەتوانيت (ميم)ەكە بشاريتەوە كاتێك دەگات بە پيتى (باء)، وە هەروەها دەتوانيت (ميم)ەكە ئاشكرا بكەيت، ئەم دوو شێوەيە رێگە پێدراوە ودروستە لە پيتى (ميم)يێك كە خۆى هەر لە بنچينەدا (ميم) بێت[1]، نەوەك (ميم)يێك پێشتر (نون) بێت كرابێت بە (ميم).

---

(١) پێشەوا (ابن الجزري) لە كتێبى (النشر)دا فەرموويەتى: «هەردوو شێوەكە دروستە و وەردەگيرێت، بەڵام شاردنەوە لە پێشترە بۆ خوێندنەوە»، بەڵام شێوازى ئاشكراكردنەكە سەنەدەكەى پچڕانى تێدايە، بۆيە دروست نيە بە شێوازى ئاشكراكردن بخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە لە کاتی شاردنەوەی لێوی (الإخفاء الشفوي) وهەڵگەڕانەوە (الإقلاب) هەردوو لێو دەنووسێت بەیەکەوە، بە جۆرێك کە نوساندنێکی نەرمە، واتە: بەبێ هیچ گوشان وپەستانێکی زۆر لەسەر هەردوو لێو، چونکە هەردوو پیتی (باء) و(میم) بە داخستنی هەردوو لێو دەردەچن.

وە نابێت هیچ بۆشاییەك لە نێوان هەردوو لێوەوە هەبێت لە کاتی شاردنەوەی لێوی دا، چونکە هیچ شتێك نیە ببێتە مایەی داخوازی لەیەك جیاکردنەوەی لێوەکان[1]، وەك:

﴿إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ ، أَنفُسَكُم بِٱتِّخَاذِكُمْ ، أَحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ﴾.

سێیەم: ئاشکرا کردنی لێوی (الإظهار الشفوي): ئەمەش (٢٦) پیتی هەیە، بە تایبەتی زیاتر ئاشکرا دەکرێت لە کاتی گەیشتنی بە (و ـ ف)[2]، وەك:

---

(١) چونکە یاسایەك هەیە ئەویش ئەوەیە: لە بنچینەدا پیتەکان بگەن بە یەك دەبێت ئاشکرا (إظهار) بکرێت، وە لادان لە ئاشکرا کردن بەرەو لای تێهەڵکێش کردن (إدغام) وشاردنەوە (إخفاء) لادانە بەرەو لای ئاسانتر، بەڵام دەبینیت ئەگەر بۆشایی بمێنێت لە نێوان لێوەکان ئاسنتر نیە، وبەڵکو گرانترە. (وەرگێڕ).

(٢) دەبوو دانەری ئەم کتێبە پەحمەتی خوای لێ بێت لێرە نەیوتبایە: زیاتر ئاشکرا بکرێت، چونکە ئاشکرا کردن هەمووی وەك یەکە، وزیاد وکەمی نیە، وله زانستی تەجویددا شتێك نیە بە ناوی ئاشکرا کردنی زیاتر، باشتر وابوو بڵێت: دەبێت زیاتر ئاگاداری ئاشکرا کردنی (میم) ببین لە کاتی گەیشتنی بە (و)، و(ف)، چونکە پیتی (م) و(و) یەك شوێنی دەرچوونیان هەیە، وپیتی (م) و(ف) شوێنی دەرچوون وسیفەتەکانیان لە یەك نزیکن، بۆیە دەبینیت پێشەوا (الجَمْزُوري) لە هۆنراوەکەی خۆیدا بە ناوی (تحفة الأطفال)دا وەکو ئاگادارکردنەوە باسی کردووە لە کاتی گەیشتنی پیتی (میم) بەم دوو پیتە فەرموویەتی:

واحْذَرْ لَدَى واوٍ وفا أَنْ تَخْتَفِي لِقُربِها ولِاتِّحادِ فَاعْرِفِ. (وەرگێڕ)

ء	﴿ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُمْ﴾	ض	﴿فِيكُمْ ضَعْفًا﴾
ت	﴿وَأَنتُمْ تَتْلُونَ﴾	ط	﴿مِّنْهُم طَآئِفَةٌ﴾
ث	﴿مِّن دِيَـٰرِكُمْ ثُمَّ﴾	ظ	﴿إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ﴾
ج	﴿إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾	ع	﴿مِّنكُمْ عِشْرُونَ﴾
ح	﴿غَنِمْتُمْ حَلَـٰلًا﴾	غ	﴿عَلَيْهِمْ غَيْرِ﴾
خ	﴿تَسْـَٔلُهُمْ خَرْجًا﴾	ف	﴿وَٱرْزُقُوهُمْ فِيهَا﴾
د	﴿مِن قَبْلِهِمْ ۚ دَمَّرَ ٱللَّهُ﴾	ق	﴿لَكُمْ قِيَـٰمًا﴾
ذ	﴿مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ ۖ ذَٰلِكَ﴾	ك	﴿أَمْ كُنتُمْ﴾
ر	﴿عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾	ل	﴿أَوْلَـٰدِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ﴾
ز	﴿أَمْ زَاغَتْ﴾	ن	﴿وَلَكُمْ نِصْفُ﴾
س	﴿وَلَكُمْ أَعْمَـٰلُكُمْ سَلَمٌ﴾	هـ	﴿ثُمَّ أَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ﴾
ش	﴿وَجَعَلْنَـٰكُمْ شُعُوبًا﴾	و	﴿وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ﴾
ص	﴿عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ﴾	ي	﴿ذَٰلِكُمْ يُوعَظُ﴾

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

مینگە (الغنة)

واتای مینگە: دەنگێکە لە بۆشایی لوت (کونە کەپوو) دەردەچێت، ولە پێکهاتەی پیتی (نون) و(میم)دا هەیە، وئەمەش دوو جۆرە:

أ- **سەرەکی:** ئەو مینگەیە کە بە بێ درێژکردنەوەی دێت، بۆ تەواوی دەربڕینی پیتەکە، ئەم جۆرەیش لەدوو شوێندا دروست دەبێت: لەکاتێکدا (نون) و(میم) جولاو (متحرك) بن وتوندکراو (مُشدَّد) نەبن، وە لە کاتێکدا (نون) و(میم) ساکن بن، وئاشکرا (إظهار) بکرێن ئیتر جا ئاشکرا کردنی قورگی یان لێوی یان ڕەها بێت، وەک: ﴿ مَٰلِكِ ، نُورُ ، هَوَىٰهَا ، وَلَا تُمۡسِكُواْ ، نَعۡبُدُ ، ٱلدُّنۡيَا ﴾.

ب- **لاوەکی:** مینگەیەکی درێژکراوەیە بە ئەندازەی دوو حەرەکە.

شوێنەکانی مینگەی لاوەکی نۆ دانەیە، چواریان لە پیتی (نون)، وسیانیان لە پیتی (میم)ە، وشوێنێکی تریشی تێهەڵکێش کردنی پیتی (باء)ە لە (میم)، وە کۆتا شوێنیشی تێهەڵکێش کردنی (لام)ی (أل)ی ناساندنە (التعريف) لە (نون).

١- شوێنەکانی ئاشکراکردنی مینگە بە ئەندازەی دوو حەرەکە لە (نون)دا:

أ- **(نون)ی توندکراو (مُشدَّد):** وەک: ﴿ إِنَّ كِيدَكُنَّ ، عَلَيۡهِنَّ ، ٱلنُّشُورُ ، إِنِّي ﴾.

ب- **(نون)ی ساکن یان تەنوینی تێهەڵکێش کراو بە یەکێک لە پیتەکانی (يَنْمُو):** وەک: ﴿ مَن يَقُولُ ، لَن نَّصۡبِرَ ، مِّمَّن مَّعَكَ ، بَرۡدٗا وَلَا شَرَابًا ﴾.

ج - **(نون)ی ساکن یان تەنوینی هەڵگەڕاوە بۆ (میم) لە کاتی گەیشتنی بە(باء)دا:** وەک: ﴿ يُنۢبِئُكُم ، مَنۡ أَنۢبَأَكَ ، خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴾.

د- (نون)ی ساکن یان تەنوینی شاراوە لە کاتی گەیشتنی بە (١٥) پیتەکە (الإخفاء): وەک: ﴿إِذَا ﴿٨٩﴾ تَكَادُ ، أَن دَعَوْا ، مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾.

٢- شوێنەکانی لە (میم):

أ- (میم)ی توندکراو (مُشدَّد): وەک: ﴿ثُمَّ ، لَمَّا ، وَأَتِمُّوا﴾.

ب- (میم)ی تێهەڵکێش کراو لە هاوشێوەی خۆیدا: وەک: ﴿وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ ، فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾.

ج- (میم)ی شاراوە لە کاتی گەیشتنی بە پیتی (باء): وەک: ﴿فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ ، وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ﴾.

٣- شوێنەکانی لە (باء)دا:

لە کاتی تێهەڵکێشکردنی (ب) لە ناو (م)دا لە سورەتی (هود)[1] کە تاکە نموونەیە ودووەمی نیە لەقورئاندا:

﴿يَٰبُنَيَّ ٱرْكَب مَّعَنَا﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (يَا بُنَيَّ ٱرْكَمَّعَنَا).

٤- شوێنی ئاشکرا کردنی لە (لام)ی (أل)ی ناساندن (التعريف):

لە کاتی تێهەڵکێش کردنی (لام)ی (أل)ی ناساندن لە ناو (نون)دا:

وەک: ﴿ٱلنَّارِ ، ٱلنَّاسِ﴾.

تێبینی: پێویستە مینگە ئاشکرا بکرێت کاتێک (نون) و(میم) توندکراوبن (مُشدَّد)، جا ئەگەر لە ناوەڕاستی وشەدا بێت، یان لە کۆتایی وشەدا لە کاتی

---

(١) سورەتی هود: ٤٢.

وەستان لەسەریان بە ئەندازەی دوو حەرەکە درێژ دەکرێتەوە، وەک: ﴿فَأَلْقِيهِ فِي ٱلْيَمِّ ، غَمًّا بِغَمٍّ ، مِنَ ٱلْجِنَّةِ ، وَلَا جَآنٌّ﴾.

لەگەڵ ڕەچاو کردنی درێژکردنەوەی پێویست (المد اللازم) لە وشەی: ﴿وَلَا جَآنٌّ﴾.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

حوکمەکانی (لام)[1]

(لام)ی ساکن دوو باری هەیە: تێهەڵکێش کردن (الإدغام)، وئاشکرا کردن (الإظهار).

شوێنەکانی (لام): لە سەرەتا وناوەڕاست وکۆتایی وشەدا دێت.

١- (لام) لە سەرەتای وشەدا: (لام)ی (أل)ی ناساندن (التعريف) دەچێتە سەر ناو، دابەش دەبێت بۆ دووبەش: أ- شەمسی، ب- قەمەری.

أ- (لام)ی شەمسی: (لام)یکی تێهەڵکێش کراوە لەو پیتەی کە لە دوای خۆیەوە دێت، ئەگەر ئەو ناوە کە(أل)ی پێوەیە دەستی پێکردبێت بە یەکێك لە پیتەکانی سەرەتای ئەم ووشانەی خوارەوە، کە ئەوانیش (١٤)پیتن.

طِبْ ثُمَّ صِلْ رُحْماً تَفُزْ ضِفْ ذا نِعَمْ دَعْ سُوءَ ظَنٍّ زُرْ شَرِيفاً لِلْكَرَمْ[2]

ط: ﴿ٱلطَّآمَّةُ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَلطَّآ مَّةُ).

ث: ﴿ٱلثَّمَرَٰتِ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَثَّمَرَاتِ).

ص: ﴿ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَصَّالِحاتِ).

---

(١) دانەرانی کتێبی زانستی تەجوید داب ونەریتیان وایە بە تەنیا باسی حوکمەکانی (لام) دەکەن، لەبەر هۆکاری جۆری شێوەکانی وزۆری حوکمەکانی. (وەرگێڕ).

(٢) ئەمەش وتەی پێشەوا (سُليمان الجَمْزُوري)ە لە (منظومة تحفة الأطفال)دا. واتە: خوای گەورە پاکت بکاتەوە، پاشان پەیوەندی خزمایەتی بە جێ بهێنە ئەو کات سەرفراز وبراوە دەبیت، وببە بە میوانی کەسێك کە خاوەن چاکە وشتی باش بێت، وە واز لە گومانی خراپ بهێنە، وسەردانی کەسێك بکە کە خاوەن شکۆمەندی وڕێز بێت. (وەرگێڕ).

ر: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَرَّحْمَٰنِ).

ت: ﴿ٱلتَّـٰٓئِبُونَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَتَّـٰٓئِبُونَ).

ض: ﴿ٱلضَّآلِّينَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَضَّآلِّينَ).

ذ: ﴿وَٱلذَّٰرِيَٰتِ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَذَّارِيَاتِ).

ن: ﴿ٱلنَّاسِ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَنَّاسِ).

د: ﴿ٱلدَّاعِ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَدَّاعِيَ).

س: ﴿ٱلسَّـٰٓئِحُونَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَسَّـٰٓئِحُونَ).

ظ: ﴿ٱلظَّـٰٓنِّينَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَظَّـٰٓنِّينَ).

ز: ﴿ٱلزَّقُّومِ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَزَّقُّومِ).

ش: ﴿ٱلشَّمۡسُ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَشَّمْسُ).

ل: ﴿ٱلَّيۡلَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَلَّيْلَ).

ب- (لام)ی قەمەری: ئەو (لام)ەیە کە پێویستە ئاشکرا بکرێت، ئەگەر چووە سەر ناوێك کە بە یەکێك لەم پیتانە: (**ابْغِ حَجَّكَ وَخَفْ عَقِيمَهُ**)[1] دەستی پێکرد بێت، کە ئەوانیش (١٤) پیتن.

وەك: ﴿ٱلۡإِبِلِ ، ٱلۡبَقَرِ ، وَٱلۡغَنَمِ ، ٱلۡحَاقَّةُ ، ٱلۡجِبَالُ ، ٱلۡكَفِرُونَ ، ٱلۡوَاقِعَةُ ، ٱلۡخَٰٓئِنِينَ ، ٱلۡفَٰٓئِزُونَ ، ٱلۡعَقِبَةَ ، ٱلۡقَرۡيَةِ ، ٱلۡيَاقُوتُ ، ٱلۡمَوۡتَ ، ٱلۡهُونِ﴾.

---

(١) ئەمەش وتەی پێشەوا (سُليمان الجَمْزُوري)ە لە (منظومة تحفة الأطفال)دا. واتە: حەجی خۆت جێ بەجێ بکە، وبترسە لەوەی بەتاڵ ببێتەوە ولێت وەرنەگیرێت. (وەرگێڕ).

٢- (لام) له ناوەڕاستی وشەدا:

(لام) له ناوەڕاستی وشه دەچێته سەر ناو (اسم)، یان دەچێته سەر کردار (فعل)، وه پێویستیشه ئاشکرا بکرێت وبخوێندرێتەوه.

نموونه لەسەر ناو: ﴿أَلْسِنَتُكُمْ ، وَأَلْوَانِكُمْ ، سَلَاسِلَا ، سُلْطَانًا﴾.

نموونه لەسەر کردار: ﴿ٱلْتَقَىٰ ، فَٱلْتَقَمَهُ ، أَدْخِلْنِي ، أَنزَلْنَاهُ ، جَعَلْنَا[1] ، قُلْنَا ، وَقُلْنَ﴾.

٣- (لام)ی پەڕگیر (المُتَطرِّفة):

(لام) له کۆتایی وشه دەچێته سەر پیت (حرف)، و کردار (فعل)، وەک ﴿هَلْ ، بَلْ ، قُلْ، ٱجْعَلْ﴾.

وه پێویسته تێهەڵکێشی (لام) بکرێت کاتێک گەیشت به (ل) یان (ر)، وه ئاشکرا دەکرێت له پیتەکانی تردا.

نموونەی تێهەڵکێش کردنی (ل) له (ل):

﴿بَل لَّا يَخَافُونَ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوه به ـــ (بَلَّا يَخَافُونَ).

﴿بَل لَّا تُكْرِمُونَ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوه به ـــ (بَلَّا تُكْرِمُونَ).

﴿قُل لَّآ أَقُولُ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوه به ـــ (قُلَّآ أَقُولُ).

---

(١) دەبێت ئاگادار بیت له دەربڕینی سکونی (نون)ەکه که هەندێك له قورئان خوێنان دەری نابڕن، هەروەها دەبێت ئاگاداربیت له دەربڕینی سکونی (لام)ەکه کاتێك (نون) بە دوایدا دێت لەبەر نزیکی شوێنی دەرچوونیان له یەکتری، وەکو پێشەوا (ابن الجزري) لە (المقدمة)کەیدا باسی کردووه:

وَاحْرِصْ علَى السُّكُونِ فِي (جَعَلْنَا) (أَنْعَمْتَ) و(الـمَغْضُوبِ) مَعْ (ضَلَلْنَا). (وەرگێڕ).

﴿هَل لَّكُم﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (هَلَّكُمْ).

﴿وَٱجْعَل لِّي﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (وَاجْعَلِّي).

نموونەی تێهەڵکێش کردنی (ل) لە (ر):

﴿بَل رَّفَعَهُ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (بَرَّفَعَهُ).

﴿بَل رَّبُّكُمْ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (بَرَّبُّكُم).

﴿وَقُل رَّبِّ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (وَقُرَّبِّ).

پێویستە (لام) ئاشکرا بکرێت وبەدەربخرێت لە پیتەکانی تردا، وەکو: ﴿بَلْ طَبَعَ ، بَلْ سَوَّلَتْ ، فَهَلْ تَرَىٰ ، بَلْ نَحْنُ ، بَلْ زَعَمْتُمْ ، هَلْ ثُوِّبَ﴾، تاوەکو کۆتایی نموونەی پیتەکانی تر.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

درێژکردنەوە وبەشەکانی (المد وأقسامه)

واتاکەی لە زمانەوانیدا: درێژکردنەوەیە.

لە زاراوەدا: بریتیە لە درێژ کرنەوەی دەنگ لە کاتی دەربڕینی پیتەکانی مەدد، وپیتەکانی مەددیش سێ پیتن کە ئەمانەن:

أ- ئەلیفێکی ساکن کە پیتی پێشەوەی فەتحەی (سەرە) لەسەر بێت: ﴿ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ﴾.

ب- (واو)ێکی ساکن کە پیتی پێشەوەی ضــەمەی (بۆرە) لەسەر بێت: ﴿قُولُوٓا﴾.

ج- (یاء)ێکی ساکن کە پیتی پێشەوەی کەسرەی (ژێرە) لە ژێر بێت: ﴿يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى﴾.

وە هەرسێ پیتەکەی مەدد کۆکراوەتەوە لە وشەی: ﴿نُوحِيهَآ﴾.

دوو جۆر مەدد هەیە:

١- مەددی بنەڕەتی (المد الأصلي)، کە مەددێکی ئاساییە.

٢- مەددی لاوەکی (المد الفرعي).

یەکەم: مەددی ئاسایی (بنەڕەتی):

پێناسەکەی: بریتیە لەو درێژکردنەوەیە کە ئەگەر نەبێت پیتەکەیش بوونی نابێت، وە نابێت بە دوای پیتی مەددەکەدا هەمزە یان سکون هاتبێت، وە ئەندازەی درێژکردنەوەی دوو حەرەکەیە.

جوڵە (الحركة): بریتیە لە فەتحەیەک یان ضــەمەیەک یان کەسرەیەک، وە فەتحەیەک نیو ئەلیفە، وضــەمەیەک نیو (واو)ە، وکەسرەیەک نیو (یاء)ە.

نموونەی ئەلیف: ﴿ذَٰلِكَ ، لَا تَفْرَحْ ، شَانِئَكَ ﴾.

نموونەی (واو): ﴿ قُولُوٓاْ ، مَا مَاتُواْ وَمَاقُتِلُواْ ﴾.

نموونەی (یاء): ﴿لِي ، عَمَلِي ، لِحَيَاتِي ﴾.

پاشکۆکانی مەددی ئاسایی (المد الطبيعي)[1]

پاشکۆکانی مەددی ئاسایی چوار دانەن، وئەندازەی هەر یەکێک لە مەددەکان دوو حەرەکەیە، وپاشکۆکانیش بریتین لە: مەددی گۆڕاو (مد البدل)، ومەددی لە جیاتی (مد العِوَض)، ودرێژکردنەوەی پیتی (ئەلیف) لە ڕێنووسی پیتەکانی (حَيٌّ طَهُرَ)[2]، ومەددی گەیاندنی بچووک (مد الصلة الصغرى).

١- مەددی گۆڕاو (مد البدل): بریتیە لە گۆڕینی هەمزەی دووەم کە ساکنە بۆ پیتێکی مەدد کە لە ڕەگەزی حەرەکەی پیتی پێشی خۆیەتی، وە نیشانەی ئەم مەددەیە ئەوەیە کە پیتی مەددەکە لە دوای هەمزەوە هاتبێت، وەک: ﴿وَءَاتَىٰ ، ءَامَنَ ، ءَادَمَ ، أُوتُوا ، وَأُوذُوا ، وَإِيتَآءَ ، بِٱلْإِيمَٰنِ ، لِإِيلَٰفِ﴾.[3]

ئاگاداریەک:

- (آمن): بنچینەکەی (أَأْمَنَ)یە، هەمزەی دووەم کە ساکنە گۆڕدراوە بۆ ئەلیف، چونکە ئەلیف لە ڕەگەزی فەتحەیە، وهەروەها هاوشێوەی ئەم نموونەیە وەکو: ﴿ءَادَمَ ، ءَاسَىٰ﴾.
- (أُوتُوا): بنچینەکەی (أُؤْتُوا)ە، هەمزەی دووەم کە ساکنە گۆڕدراوە بۆ (واو)، چونکە (واو) لە ڕەگەزی ضەمەیە، وهەروەها هاوشێوەی ئەم نموونەیە، وەکو ﴿أُوذِينَا﴾.

---

(١) ئەم ناونیشانە لە کتێبەکەدا نی یە، بەڵام بە پێویستمان زانی بۆی زیاد بکرێت. (وەرگێڕ).

(٢) ناوبش دەبرێت بە مەددی ئاسایی پیتی (المد الطبيعي الحرفي). (وەرگێڕ).

(٣) ئەم جۆرە مەددە مەرجی ئەوەیە لە سەرەتاوە دروست دەبێت وەکو لە نموونەکانی سەرەوەدا هاتووە ، بەبێ سەیر کردنی (ال)ی ناساندن ئەگەر بە وشەکەوە لکابوو.

▪ (إِیمـان): بنچینەکەی (إِئْمـان)ە، هەمزەی دووەم کە ساکنە گۆڕدراوە بۆ (یاء)، چونکە (یاء) لە ڕەگەزی کەسرەیە، وەهەروەها هاوشێوەی ئەم نموونەیە وەکو: ﴿لِإِیلَٰفِ﴾.

▪ بەڵام ئەگەر لە بنەڕەتدا پیتی مەددەکە هەمزە نەبوو، ئەوا پێی دەوترێ مەددی لێکچوو بە گۆڕاو (شبیه بالبدل)، وەکو: ﴿قُرْءَانٌ ، مَسْـُٔولًا ، إِسْرَٰٓءِيلَ﴾.[1]

تێڕوانینێك بۆ کۆبوونەوەی هەمزەی وەصڵ وهەمزەی قەطع لە وشەیەکدا:

ئەگەر لە وشەیەك دوو هەمزە پێکەوە کۆببنەوە، وێەکەمیان هەمزەی وەصل بێت، ودووەمیان هەمزەی قەطع بێت، ئەوا پێویستە هەمزەی وەصلەکە بسڕینەوە وهەمزەی قەطعـەکە دەربڕین لەکاتی گەیاندنا (وصل):

نموونەی (١): ﴿ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ﴾ ـــ لە کاتی گەیاندنا دەخوێندرێتەوە بە ـــ (الَّذِءْتُـمِنَ)[2].

لە کاتی دەستپێکردن بەو وشەیە هەمزە وەصلەکە کە ضـەمەی لەسەرە دەخوێنرێتەوە، وهەمزە قەطعـەکە دەگۆڕدرێت بۆ (واو)، بە بۆنەی ضـەمەی هەمزە وەصلەکەی پێشی، بۆیە دەخوێندرێتەوە بە: (أُوتُـمِنَ).

---

(١) ئاگەدارکردنەوەیەك : مەددی (شبیه بالبدل) مەرج نیە لەناوەراستەوە بێت ، بەڵکو لە سەرەتا و کۆتایشەوە دێت :

نموونە کە لە سەرەتاوە هاتبێت : ﴿أُورِثْتُمُوهَا ، قُلْ إِی ، أُوفِ﴾

نموونە کە لەکۆتاییەوە هاتبێت : ﴿جَآءُو ، شُرَكَآءِى﴾ .

(٢) هەروەها ئایەتی : ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ﴾ [طه: ١٣٢] ئەگەر لـە وشـەی:﴿أْمُرْ﴾ دەست پێ بکەیت ئەوا بە: (أُومُرْ) دەخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

نموونەی (٢): ﴿إِلَى ٱلْهُدَى ٱئْتِنَا﴾ ــ لە کاتی گەیاندندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (إِلَى الْـهُدَءْتِنَا).

لە کاتی دەست پێکردن بەو وشەیە هەمزە وەصلەکە کە کەسرەی لە ژێرە دەخوێندرێتەوە، وەهەمزە قەطعەکە دەگۆڕدرێت بۆ (یاء)، بە بۆنەی کەسرەی هەمزە وەصلەکەی پێشی، بۆیە دەخوێندرێتەوە بە: (إِيتِنَا).

وە بەراوردی نموونەکانی تر بکە لەسەر ئەم دوو نموونەیە.

٢- مەددی لە جیاتی (مد العِوَض)[1]:

پێناسەکەی: گۆڕینی تەنوینی نەصبە (تنوين النصب) بۆ پیتی ئەلیف لە کاتی وەستاندا، بەلآم بە مەرجێك تەنوینەکە لەسەر (تاء التأنيث المربوطة) نەبێت، وەك:

﴿مُقْتَدِرًا﴾ ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (مُقْتَدِرَا).

﴿مَآءً﴾ ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (مَآءَا).

﴿عَزِيزًا﴾ ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (عَزِيزَا).

﴿شَرْقِيًّا﴾ ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (شَرْقِيَّا).

﴿عِزًّا﴾ ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (عِزَّا).

﴿إِذًا﴾ ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (إِذَا).

---

(١) یەکێك لەو هەلآنەی لەم مەددە ومەددی ئاساییدا دەکرێت دربژکردنەوەیەتی بە ئەندازەی زیاتر لە دوو حەرەکە، بە تایبەتیش ئەو کەسەی کە پێش نوێژی دەکات ئەویش لە کاتی کۆتایی قورئان خوێندنەکەیدا پێش چوونی بۆ کوڕنوش (الركوع). (وەرگێڕ).

بەلآم ئەگەر تەنوینەکە لەسەر (تاء التأنیث المربوطة) بوو، لە کاتی وەستان دەبێت بە (هاء)ی ساکن، وەک: ﴿ وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ ءَامِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا ﴾.

﴿قَرْيَةً﴾ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (قَرْيَهْ).

﴿ءَامِنَةً﴾ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (آمِنَهْ).

﴿مُّطْمَئِنَّةً﴾ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (مُطْمَئِنَّهْ).

■ **ئاگادارییەک دەربارەی وەستان لەسەر کرداری (فعل) تەنویندار:**

ئەگەر (نون التوکید الخفیفة) نوسرا بوو بە تەنوینی نەصب، ئەو کات لەسەری دەوەستین بە ئەلیف، ئەمەش لە قورئانی پیرۆزدا لەدوو وشەدا هاتووە:

یەکەمیان: ﴿وَلَيَكُونًا﴾ لەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ ٱلصَّٰغِرِينَ﴾ [یوسف: ٣٢]، بۆیە بە ئەلیف لەسەری دەوەستێنرێت لە جیاتی تەنوین:

﴿وَلَيَكُونًا﴾ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَلَيَكُونَا).

وە دەبێت لە کاتی گەیاندندا (وصل) بە تێهەڵکێشی مینگەدار بخوێندرێتەوە، بۆیە بە (وَلَيَكُونَنَّ الصَّاغِرِينَ) دەخوێندرێتەوە.

دووەمیان: ﴿لَنَسْفَعًۢا﴾: لەم فەرمایشەی خوای گەورە: ﴿لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ﴾ [العلق: ١٥] بە ئەلیف لەسەری دەوەستێنرێت لە جیاتی تەنوین:

﴿لَنَسْفَعًۢا﴾ ــ لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە بە ــ (لَنَسْفَعَا).

وه له کاتی گەیاندندا (الوصل) تەنوینەکە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ(میم)یکی شاراوە له کاتی گەیشتنی به پیتی (باء): بۆیە به: (لَنَسْفَعَمْبِالنَّاصِيَةِ) دەخوێندرێتەوە.

٣- ئەلیف له ڕێنووسی ئەم پێنج پیتە (حَيٌّ طَهُر)[١][٢]، له سەرەتای سورەتەکاندا: هەریەکێك لەم پیتانە له دوو پیت پێك دێت، خودی پیتەکە وئەلیفێك کە له دوای دێت: (حا ، یا ، طا ، ها ، را).

وه تەنها به ئەندازەی دوو حەرەکە درێژ دەکرێتەوە، به بێ زیادکردنی هەمزە له دوای ئەلیفی ئەو پێنج پیتەی کە باسکران، وه به بێ توندکردنی (تشدید) پیتی (میم) له: ﴿حمٓ﴾.

وەك:﴿حمٓ﴾ ـــ (حا ...)، ﴿يسٓ﴾ ـــ (یا ...) ، ﴿طه﴾ ـــ (طا ها) ، ﴿الٓر﴾ ـــ (... را) ، ﴿طسٓ﴾ ـــ (طا ...)، ﴿كٓهيعٓصٓ﴾ ـــ (... ها یا ...).

٤- مەددی گەیاندنی بچوك (مد الصلة الصغرى):

پێناسەکەی: کردنی ضـەمەی جێناوی (ه) بۆ (واو)، یان کردنی کەسرەکەی بۆ (یاء)، ئەگەر جێناوەکە بکەوێتە نێوان دوو جولاو (متحرك) به مەرجێك هەمزەی قەطع نەکەوێتە دوای جێناوەکە، وه دووەم (هاء) له: ﴿هَٰذِهِ﴾ وەك پاشکۆی ئەم مەددە پاشکۆ دەکرێت ودەژمێردرێت[٣]، وەك:

﴿إِنَّهُۥ هُوَ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە به ـــ (إِنَّـهُو هُوَ).

---

(١) واتە: زیندوویەکی پاك. (وەرگێڕ).

(٢) ناویش دەبرێت به مەددی ئاسایی پیتی (المد الطبيعي الحرفي). (وەرگێڕ).

(٣) له کاتی وەستان لەسەر (هاء)ی مەددی گەیاندنی بچووك (مد الصلة الصغرى) درێژکردنـەوە دروست نابێت. (وەرگێڕ).

﴿لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (لَهُو مَا فِي ٱلسَّمَاوَاتِ).

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَمِن آيَاتِهِي خَلْقُ).

﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (قُلْ هَاذِهِي سَبِيلِي).

وە وشەی: ﴿يَرْضَهُ﴾ لەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿يَرْضَهُ لَكُمْ﴾[1] لەوانەی تر جیاوازە[2]، هەرچەندە هەموو مەرجەکانی مەددی گەیاندنی تێدایە، بەڵام درێژ ناکرێتەوە.

ئاگەدارییەك: ئەو (هاء)انەی کە مەددی گەیاندنی تێدا نیە شەش دانەن.

١- (هاء) لە وشەی: ﴿يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ کە پێشتر باسکرا.

٢- کاتێك (هاء)ەکە لە پێکهاتەی بنەڕەتی وشەکە بێت، وەك: ﴿فَوَكِهَةٌ وَهُم مُّكْرَمُونَ﴾، وهەورەها پیتی (هاء) لە: ﴿لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ﴾، ﴿مَا نَفَقَهُ كَثِيرًا﴾.

٣- ئەگەر (هاء)ی ڕاناو بکەوێتە نێوان دوو ساکن، وەك: (هاء) لە وشەی: ﴿وَهَدَيْنَٰهُ﴾ لەم ئایەتەدا: ﴿وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ﴾، وە (هاء) لە وشەی: ﴿عَلَيْهِ﴾ لەم ئایەتەدا: ﴿عَلَيْهِ ٱلذِّكْرُ﴾.

٤- ئەگەر (هاء) بکەوێتە نێوان جوڵاوێك (متحرك) وساکنێك، وەك: (هاء) لە وشەی: ﴿لَهُ﴾ لەم ئایەتەدا: ﴿لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ﴾.

---

(١) سورەتی الزمر: ٧.

(٢) دەوترێت: (يَرْضَهُ)لە بنەڕەتدا: (يرْضَاه) بووە، دواتر لەبەر (جزم) بوون بووە بە: (يَرْضَهُ)، یان هەر بەو شێوازە گەیشتووە پێمان وپێشتر بەو شێوازە خوێندوویانەتەوە. (وەرگێڕ).

٥- ئەگەر (هاء) بکەوێتە نێوان ساکن وجولاوێک ، وەک: (هاء) لە وشەی: ﴿إِلَيْهِ﴾ لەم ئایەتەدا: ﴿إِلَيْهِ كَنزٌ﴾، بەلأم (هاء) لە وشەی: ﴿فِيهِۦ مُهَانًا﴾[1] جیاوازە، هەر چەندە (هاء) ەکە کەوتووەتە نێوان ساکن وجولاوێک (متحرك)، بەلأم درێژکردنەوەی تێدایە[2].

٦- هەورەها ئەگەر (هاء)ەکە ساکن بوو ئەوا درێژکردنەوەی تێدا نیە، وەک: ﴿أَرْجِهْ وَأَخَاهُ﴾، ﴿فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ﴾.

دووەم : مەددی لاوەکی (المد الفرعي):

پێناسەکەی: درێژکردنەوەی پیتی مەددە زیاد لەمەددی ئاسایی بە هۆی هەمزە یان سکونەوە.

یەکەم: مەددی لاوەکی بەهۆی هەمزەوە: ئەمیش سێ جۆرە:

أ- مەددی پێویستی لکاو (المد الواجب المتَّصل).

ب- مەددی ڕێپێدراوی جیا (المد الجائز المُنْفَصِل).

ج - مەددی گەیاندنی گەورە (المد الصلة الكُبرى).

ئەندازەی هەر یەکێك لەم مەددانە چوار یان پێنج حەرەکەیە[3].

---

(١) سورەتی الفرقان: ٦٩.

(٢)(النَّسَفِي) لە تەفسیرەکەیدا فەرموویەتی: «مەددی پێ دەدرێت لەبەر زیادەڕەوی لە هەڕەشەکردن لێیان»، یان هۆکاری سەرەکی درێژکردنەوە لێرەدا ئەوەیە لە پێشینەکانەوە هاتووە بەو شێوازەی کە وەرمان گرتووە (اتباعاً للرواية). (وەرگێڕ).

(٣) ئەندازەی درێژکردنەوە بە چوار حەرەکە هەڵبژێرداوی پێشەوا (الشاطبي)یە، وە ئەمەیش لە پێش تر، بەلأم ئەندازەی درێژکردنەوە بە پێنج حەرەکە هەڵبژێردراوی پێشەوا (أبو عمرو الداني)یە لە کتێبی (التيسير). (وەرگێڕ).

أ – مەددی پێویستی لکاو (المد الواجب المتَّصل):

پێناسەکەی: ئەوەیە کە پیتی مەددەکە هەمزەیەک بە دوایدا هاتبێت لە یەک وشەدا، وەک: ﴿ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ ، جَآءَ ، كَمَنْ بَآءَ ، بَرِيٓـَٔا ، ٱلنِّسَآءُ ، لِيَسُٓـُٔوا ، قُرُٓوٓءٍ﴾.

پێی دەوترێت لکاو (متصل)، لەبەر هاتنی پیتی مەدد وهەمزە لە یەک وشەدا، وە ناونراوە: پێویست (واجب)، لەبەر یەک دەنگی قورئان خوێنان لەسەر درێژکردنەوەی ئەم مەددە زیاد لە دوو حەرەکە، وە ئەندازەی درێژکردنەوەکەی چوار یان پێنج حەرەکەیە[1].

ب – مەددی ڕێپێدراوی جیا (المد الجائز المُنْفَصِل):

پێناسەکەی: ئەوەیە کە پیتی مەدد لە کۆتایی وشەیەکدا بێت، وهەمزەکەیش لە سەرەتای وشەیەکی تردا بێت، کە بەدوایدا هاتووە، وەک:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ، يَٰٓـَٔادَمُ ، قُوٓاْ أَنفُسَكُمْ ، قُولُوٓاْ ءَامَنَّا ، إِنِّيٓ ءَامَنتُ ، حَتَّىٰٓ يَأْذَنَ لِيٓ أَوْ يَحْكُمَ ٱللَّهُ لِيٓ ﴾.

پێی دەوترێت جیا (منفصل)، لەبەر بوونی پیتی مەدد لە کۆتایی وشەکە، هەمزەیش لە سەرەتای وشەیەکی تر، وە پێی دەوترێت ڕێپێدراو (جائز)، چونکە دروستە دوو حەرەکەی پێ بدرێت لە لای هەندێك قورئان خوێنان جگە لە (حفص)[2]، وە ئەندازەی درێژکردنەوەکەی چوار یان پێنج حەرەکەیە وەکو مەددی لکاو[3].

---

(١) وە بۆچوونی هەڵبژێردراو چوار حەرەکەیە لە لای پێشەوا (الشاطبي). (وەرگێڕ).

(٢) بەڵکو دەتوانرێت لە لای (حفص)یش دوو حەرەکەی پێ بدرێت لە ڕێگەی (طيبة)ەوە، بەڵام ناتوانرێت لە ڕێگەی (شاطبية)ەوە تەنها دوو حەرەکە درێژبکرێتەوە. (وەرگێڕ).

(٣) بەڵام لە کاتی وەستان لەسەر وشەی یەکەم دەبێت بە مەددی ئاسایی (طبيعي)، وتەنها =

ج – مەددی گەیاندنی گەورە (مد الصِلة الكبرى):

پێناسەکەی: کردنی ضـەمەی جێناوی (ه) بۆ (واو)، یان کردنی کەسرەکەی بۆ (یاء)، ئەگەر جێناوەکە بکەوێتە نێوان پیتێکی جولاو (متحرك) وهەمـزەی قەطعـەوە، وە بە ئەندازەی چوار یان پێنج حەرەکە درێژ دەکرێتەوە وەکو مەددی جیا (منفصل)، وەك:

﴿وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنَا﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (وَهُوَ يُحَاوِرُهُۥٓ أَنا).

﴿وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى الله).

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَكُم﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَكُم)

﴿عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُۥ﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُ).

﴿وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُم).

= دوو حەرەکە درێژ دەکرێتەوە، وەك: ﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا﴾ لە کاتی وەستان لەسەر وشەی یەکەم دەخوێندرێتەوە بە: (قُولُوا). (وەرگێڕ).

دووەم : مەددی لاوەکی بە هۆی سکونەوە: ئەمیش دوو جۆرە:

أ – مەددێکی توشهاتوو بە سکون (سکونە عارض).

ب – مەددێك کە سکونەکەی بنەڕەتیە (سکونە أصلي).

أ – مەددی تووشهاتوو بە سکون: دووجۆرە هەیە:

مەددی تووشهاتوو بە سکون (العارض للسکون)، ومەددی لین (اللین).

١ – مەددی توشهاتوو بە سکون (المد العارض للسکون):

پێناسەکەی: ئەوەیە کە پیتی مەددی ئاسایی لە پێش کۆتایی ئەو ووشە بێت کە لەسەری دەوستین بە سکونێکی توشهاتوو، وئەندازەی درێژکردنەوەکە دوو، یان چوار، یان شەش حەرەکەیە[1]، وەك:

﴿ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢ ، ٱلرَّحِيمِ ۝١ ، تُكَذِّبَانِ ۝١٣ ، ٱلۡعِقَابِ ۝١٩٦ ، يُؤۡمِنُونَ ۝١٢ ، يَعۡمَلُونَ ۝١٩﴾

■ **مەددی لکاوی پەڕگیری توشبوو بە سکون (المد المتصل المُتَطَرِّف العارض)**: بریتیە لە مەددێکی پێویستی لکاو دەکەوێتە پێش کۆتایی ئەو وشەیەی کە لەسەری دەوستین بە سکون.

ناونراوە بە لکاو (متصل)، لەبەر هاتنی هەمزە لە دوای پیتە مەددەکە لە هەمان وشەدا، وە ناونراوە بە تووشهاتوو (العارض) لەبەر ئەوەی لە کاتی وەستاندا هەمزەکە دەبێت بە سکون.

---

(١) لەبەر ئەوەی مەددی توشهاتوو بە سکون (العارض للسکون) مەددێکی بە هێزە دەبوایە بیوتایە ئەندازەی درێژکردنەوەکەی شەش یان چوار یان دوو حەرەکەیە، نەوەك دوو یان چوار یان شەش حەرەکە، ئەوە بەڵکو بۆ مەددی لین دەوترێت، چونکە مەددێکی لاوازترە لە توشهاتوو بە سکون. (وەرگێڕ).

دەوەستین لەسەر ئەم جۆرە مەددە بە ئەندازەی چوار یان پێنج یان شەش حەرەکە، ودروست نیە کورت بکرێتەوە بۆ دوو حەرەکە لەبەر بەهێزی ئەو هەمزەیەی کە بە دوای پیتی مەددەکەوە هاتووە، وەک:

﴿ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ ، لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ، إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ﴾.

٢ – مەددی ئاسان (مد اللين):

پێناسەکەی: (واو)یّك یان (یاء)یّك ساکن بێت وپێشەکەیان فەتحە بێت، وبکەوێتە پێش کۆتایی ئەو وشەیەی کە لەسەری دەوستین بە سکونێکی توشهاتوو، ئیتر جیاوازی نیە لە کۆتایی وشەکە هەمزە بێت یان هەر پتێکی تر، وەک:

﴿ٱثْنَتَيْنِ ، ضَيْفِ ، يَوْمِ ، خَوْفٍ ، شَيْءٌ ، ٱلسَّوْءُ﴾.

وە ئەندازەی درێژکردنەوەکەی لە کاتی وەستاندا دوو یان چوار یان شەش حەرەکەیە وەکو مەددی تووشهاتووە بە سکون (المد العارض للسكون)[1]،

---

(١) بەڵکو جیاوازە لە مەددی توشهاتوو بە سکون (العارض للسكون) وەکو لە مەددی توشهاتوو بە سکون باسمان کرد کە مەددی توشهاتوو بە سکون بە هێزترە، ومەددی لین لاوازترە، بۆیە ئەگەر قورئان خوێن مەددی لینی دوو حەرەکە درێژکردەوە ئەوا دەتوانێت مەددی توشهاتوو بە سکون دوو یان چوار یان شەش حەرەکە درێژ بکاتەوە، وە ئەگەر مەددی لینی چوار حەرەکە درێژکردەوە ئەوا دەتوانێت مەددی توشهاتوو بە سکون چوار یان شەش حەرەکە درێژ بکاتەوە، وە ئەگەر مەددی لینی شەش حەرەکە درێژکردەوە ئەوا بۆی هەیە مەددی توشهاتوو بە سکون تەنها شەش حەرەکە درێژبکاتەوە، نابێت کەمتری پێبدات، چونکە بەهێزترە لە مەددی لین بەڵام ئەگەر مەددی توشهاتوو بە سکونی پێشتر درێژکردەوە بە دوو حەرەکە ئەوا دەبێت مەددی لین تەنها دوو حەرەکە درێژبکاتەوە، ونابێت زیاتری پێ بدات، چونکە بەهێزتری دەکات لە مەددی توشهاتوو بە سکون، وە ئەگەر مەددی توشهاتوو بە سکونی چوار حەرەکە درێژ کردەوە ئەوا دەتوانێت مەددی لین دوو یان چوار حەرەکە درێژبکاتەوە، وە ئەگەر مەددی =

وە لە کاتی گەیاندنا (وصل) درێژکردنەوە لە پیتی (لین)دا نیە[١][٢].

ب- مەددێك سکونەکەی بنەڕەتی بێت، کە ئەویش مەددی پێویستە (المد اللازم):

پێناسەی مەددی پێویست: بریتی یە لەو مەددەی کە دەکەوێتە پێش پیتێکی ساکنی بنەڕەتی (أصلي)، یان پیتێکی تۆندکراو (مشدد)، جیاوازی نیە لە وشەدا هاتبێت یان لە پیتدا هاتبێت، وئەندازەی درێژکردنەوەی شەش حەرەکەیە.

وە ئەمەش دەکرێت بە دوو بەشەوە: وشەیی (كَلِمِي)، پیتی (حرفي)، هەر یەکە لەم دوانەیش دەبن بەدوو بەشەوە: قورسکراو (مُثَقَّل)، وسوککراو (مُخَفَّف).

= توشهاتوو بە سکونی شەش حەرەکە درێژ کردەوە ئەوا دەتوانێت مەددی لین دوو یان چوار یان شەش حەرەکە درێژبکاتەوە. (وەرگێڕ).

(١) مەرج نیە هەموو کاتێك پیتی لین لە پێش کۆتایەوە هاتبێت ، بەڵکو لە ناوەڕاستی وشەیشدا هاتووە، وەك: ﴿مَيْسُورًا ﴿٢٨﴾﴾[الإسراء: ٢٨]، و﴿مَّوْفُورًا ﴾ [الإسراء: ٦٣]. (وەرگێڕ).

(٢) چونکە درێژکردنەوەی دەنگەکە بەدی دەکرێت لە کاتی ڕۆیشتن بەسەر پیتی لیندا ئەمەش هۆکاری سیفەتەکەیە لە پیتەکەدا کە ئەویش سیفەتی (رخاوة)یە نەوەك هۆکاری مەدد بێت، بۆیە درێژکردنەوەکەیشی لە کاتی ڕۆیشتندا لە دوو حەرەکە کەمترە، وەك: ﴿شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ [البقرة: ٢٠]، و﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ ﴾[البقرة: ٦٣]. (وەرگێڕ).

يەكەم: مەددی پێویستی وشەیی (المد اللازم الكلمي):

أ- مەددی پێویستی وشەیی قورسكراو (المد اللازم الكلمي المثقل):

پێناسەكەی: بریتیە لەو مەددەی كە لە پێش پیتێكی توندكراو (مشدد) دێت لە یەك وشەدا، وئەمەش بوونی زۆرە لە قورئانی پیرۆزدا، وەك:

﴿يَتَمَآسَّا ،ٱلضَّآلِّينَ ،ٱلصَّآخَّةُ ،ٱلطَّآمَّةُ ،أَتُحَٰٓجُّوٓنِّي﴾.

ب- مەددی پێویستی وشەیی سوككراو (المد اللازم الكلمي المُخَفَّف):

پێناسەكەی: بریتیە لەو مەددەی كە لە پێش پیتێكی ساكنی بنەڕەتیەوە (أصلي) دێت لە یەك وشەدا، لە قورئاندا نموونەی نیە جگە لەم نموونەیە نەبێت: (ءَالْآن) كە دووجار لە سورەتی (یونس)دا هاتووە:

﴿ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ كُنتُم بِهِۦ تَسْتَعْجِلُونَ﴾[1]،﴿ءَآلْـَٰٔنَ وَقَدْ عَصَيْتَ﴾[2].

تێبینیەك: ئەگەر هەمزەی پرسیارکردن (استفهام) كەوتبووە پێش هەمزەی (أل)ی ناساندن (التعريف): ئەگەر هەمزەی پرسیارکردن پێش هەمزەی (أل)ی ناساندن هات ئەوا هەمزەی (أل)ی ناساندن بە دوو شێواز دەخوێندرێتەوە: ئاسانکردن (التسهيل)، وگۆڕین (الإبدال)[3]، ئەمەش لەسێ وشەدا هەیە، كە هەر یەكەیان لە دوو شوێنی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، ئەوانیش:

---

(١) سورەتی یونس: ٥١.

(٢) سورەتی یونس: ٩١.

(٣) لە پێشتر وایە بە (الإبدال) بخوێندرێتەوە، واتە: بە ئەندازەی شەش حەرەكە درێژبكرێتەوە. (وەرگێڕ).

﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ[1] ، ءَآللَّهُ[2]﴾ . مەددی پێویستی قورسکراوی وشەییە لەکاتی گۆڕیندا (الإبدال).

﴿ءَآلْـَٰٔنَ﴾ مەددی پێویستی سوککراوی وشەییە لە کاتی گۆڕیندا (الإبدال).

التَّسْهِيل: دەربڕینێکە لەنێوان هەمزە وئەلیف دایە، واتە: بەهێزترە لە ئەلیف ولاوازترە لە هەمزە[3].

دووەم: مەددی پێویستی پیتی (المد اللازم الحرفي):

ئەمەش لە هەشت پیتدا کە لەسەرەتای هەندێك سوڕەتدا هاتووە، ئەویش پیتەکانی (نَقَصَ عَسَلُكُمْ)[4].

(نون – قاف – صاد – عَین –سین – لام – کاف – میم).

ڕێنووسی هەر یەك لەم پیتانە لە سێ پیت پێکهاتووە، وپیتی ناوەڕاستیان پیتی مەددە یان لینە، وەك: (واو) لە (نون)، و(یاء) لە (سین)، و پیتی لین لە (عَیْن).

---

(١) سوڕەتی الأنعام: ١٤٤، ١٤٥. هەندێك بەم مەددە دەڵێن: مەددی جیاوازی (مد الفَرْق).

(٢) سوڕەتی یونس: ٥٩، والنمل: ٥٩.

(٣) هەندێك لە خەڵکی بە هەڵە دەیخوێننەوە، هەندێکیان هەمزەی دووەم بە (هاء) دەخوێننەوە، وە هەندێکی تر دەیکات بە هەمزەیەکی تەواو، یان هەندێکی تر فەتحەی سەر هەمزەی یەکەم درێژ دەکاتەوە تا دەگات بە تەسهیل کردنی هەمزەی دووەم، بۆیە دەبێت شێوازی دروست لە مامۆستایەکی شارەزاوە وەربگیرێت. (وەرگێڕ).

(٤) واتە: هەنگوینەکەتان کەمی کردووە. (وەرگێڕ).

أ-مەددی پێویستی قورسکراوی پیتی (المد اللازم المُثَقَّل الحرفي):

پێناسەکەی: مەددێکە دەکەوێتە ڕێنووسی ئەو پیتانەی کە سێیەم پیت لە ڕێنووسەکەی تێهەڵکێش کراوە لەگەڵ پیتەکەی دوای خۆی، ئەمەش تەنیا لەدوو پیتدا هەیە:

- ئەلیف لە ڕێنووسی پیتی (لام)، کاتێك (میم)ەکەی تێهەڵکێشی (میم)ی پیتەکەی تر دەکرێت: (لَـم: لَامْ مِیم ــ لاَمِّیم).
- (یاء) لە ڕێنووسی پیتی (سین)، کاتێك (نون)ەکەی تێهەڵکێشی (میم) دەکرێت لە: ﴿طسٓمٓ﴾ لە سورەتی (الشعراء) و(القصص): (سِینْ مِیم ــ سِیمِّیم). وە ئەندازەی درێژکردنەوەی شەش حەرەکەیە.

ب-مەددی پێویستی سووککراوی پیتی(المد اللازم المخفف الحرفي):

پێناسەکەی: مەددێکە دەکەوێتە ڕێنووسی ئەو پیتانەی کە سێیەم پیت لە ڕێنووسەکەی تێهەڵکێش نەکراوە لەگەڵ پیتەکەی دوای خۆی.

وە ئەندازەی درێژکردنەوەکەی شەش حەرەکەیە، وەك: (لام) لە: ﴿الٓر﴾، و(کاف) و(صاد) لە: ﴿كٓهيعٓصٓ﴾ و(قاف)[1] و(نون)[2] و(سین) لە: ﴿طسٓ تِلْكَ﴾.

بەڵام (عەین) یان شەش حەرەکەیە لەبەر سکونی بنەڕەتی کە لە دوای مەددەکەوە هاتووە[1]، یان چوار حەرەکەیە لەبەر بوونی فەتحە لە پێشی (یاء)ەکە کە مەددی لینە.

---

(١) (قاف) وەك: ﴿قٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ﴾ [ق: ١]. (وەرگێڕ).

(٢) (نون) وەك: ﴿نٓ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾ [القلم: ١]. (وەرگێڕ).

لە سەرەتای سوڕەتی (آل عمران) ﴿الٓمٓ ۝١ اللَّهُ﴾ دوو شێوەی هەیە بۆ گەیاندنی سەرەتای سوڕەتەکە بە ﴿اللَّهُ﴾:

یەکەم: درێژکردنەوەی (یاء)ەکە بە ئەندازەی شەش حەرەکە، و(میم)ەکە فەتحەی[٢] پێبدرێت: (..مِيـــــمَ اللهُ)[٣].

دووەم: درێژکردنەوەی (یاء)ەکە بەئەندازەی دوو حەرەکە، و(میم)ەکە فەتحەی پێبدرێت: (.. مِيمَ اللهُ)[١].

---

(١) پێشەوا (الشاطبي) لە (حرز الأماني ووجه التهاني)دا فەرمووێتی:
=
= شەش حەرەکە باشترە:

ومُدَّ لَهُ عندَ الفَوَاتِحِ مُشْبِعا وفي عَينِ الوَجْهَانِ وَالطُّولُ فُضِّلَا. (وەرگێڕ).

(٢) (میم)ەکە لە بنچینەدا ساکنە لە بەرگەیشتنی دوو ساکن بە یەکتر دەکرێت بە فەتحە لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- چونکە بەو شێوازە پێمان گەیشتووە (اتباعاً للرواية).

٢- لەبەر ئەوەی فەتحە سوکترینی نێو حەرەکەکانە.

٣- لەبەر پاراستنی خوێندنەوەی ناوی (الله) بە قەڵەوی (التفخيم).

٣- چونکە ئەگەر حەرەکەی کەسرە هەڵبژێردرایە ئەو کات قورس دەبوو لەسەر زمان بە هێنانی چەند کەسرەیەک بە دوای یەکدا، چونکە (میم)ی یەکەم کەسرەدارە، وە (یاء)ەکەیش هەر بە کەسرە دەژمێردرێت، پاشان ئەگەر (میم)ەکەش بکرێت بە کەسرە ئەو کات خوێندنەوەی قورس دەبێت.

٤- پیشەوا (الفرَّاء) و(الكسائي) وتویانە: حەرەکەی سەر هەمزەی وشەی (الله) گواستراوەتەوە بۆ سەر (میم)ەکە، ئەمەش بە پێی ئەوەی هەمزەی گەیاندن (الوصل) لە وشەی (الله) لە کاتی دەست پێکردندا بە فەتحە دەخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

(٣) لەم بارەدا شەش حەرەکەی پێ دەدرێت، چونکە ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە لە کاتی وەستان لەسەری شەش حەرەکەی پێ دەدرێت. (وەرگێڕ).

ئەو پیتانەی کە لە سەرەتای سورەتاکانەوە هاتووە

(١٤) پیت لە سەرەتای سورەتەکانەوە هاتووە کە کۆکراوەتەوە لە: (طَرَقَ سَمْعَكَ النَّصيحه)[٢].

(طاء ـ راء ـ قاف ـ سين ـ ميم ـ عَين ـ كاف ـ ألف ـ لام ـ نون ـ صاد ـ ياء ـ حاء ـ هاء).

ئەمانیش دابەش دەبن بۆ سێ بەش:

أ- **بەشێکیان مەددی تێدانیە:** ئەمیش تەنها لە پیتی (ئەلیف) دایە.

ب- **بەشێکی تریان درێژ دەکرێتەوە بە ئەندازەی دوو حەرەکە:** ئەمانیش پێنج پیتن: (حَيٌّ طَهُر).

ج- **بەشێکی تر درێژ دەکرێتەوە بە ئەندازەی شەش حەرەکە:** ئەمانیش هەشت پیتن: (نَقَصَ عَسَلُكُم)[٣].

(١) لەم بارەدا دوو حەرەکەی پێ دەدرێت، لەبەر ڕەچاوکردنی ئەو حەرەکە توشهاتووەی کە لە ڕۆیشتندا پێی دەدرێت کە ئەویش فەتحەیە. (وەرگێڕ).

(٢) واتە: ئامۆژگاری بەر گوێت کەوت. (وەرگێڕ).

(٣) بەشێکیش جگە لەوەی شەش حەرەکەی پێ دەدرێت دەتوانرێت چوار حەرەکەی پێ بدرێت، ئەویش تەنها پیتی (عەین)ە. (وەرگێڕ).

ئەو ئەلیفانەی لەکاتی وەستان دەخوێندرێتەوە وە لە کاتی گەیاندندا ناخوێندرێتەوە

لە قورئانی پیرۆزدا حەوت ئەلیف هەیە لە کاتی وەستاندا دەخوێندرێتەوە، ولە کاتی گەیاندندا ناخوێندرێتەوە، وە لە نوسینیشدا نوسراوە وجێگیرە، وە نیشانەکەی لە قورئاندا سفرێکی درێژکراوەیە (O) لەسەر ئەلیفەکە.

یەکەم: ئەلیفی ﴿أَنَاْ﴾:

لە هەر کوێی قورئاندا بێت، وەک: ﴿أَنَاْ نَذِيرٌ﴾ لە کاتی گەیاندندا دەخوێندرێتەوە بە: (أَنَ نَذِيرٌ)، وە لە کاتی وەستان لە سەری دەخوێندرێتەوە بە: (أَنَا . نَذِيرٌ). دەوەستێنرێت لە سەری، وە هەروەها هاوشێوەی ئەم نموونەیە لە حەوت ئەلیفەکەی تردا ولە هەموو ئەو وشانەی کە ﴿أَنَاْ﴾ی تێدایە.

دووەم: ئەلیفی ﴿لَٰكِنَّاْ﴾[1]:

﴿لَّٰكِنَّاْ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّي﴾ لەکاتی گەیاندندا دەخوێندرێتەوە بە: (لَٰكِنَّ هُوَ اللهُ)، وە لە کاتی وەستان لە سەری دەخوێندرێتەوە بە: (لَٰكِنَّا. هُوَ اللهُ).

سێیەم: ئەلیفی ﴿ٱلظُّنُونَاْ﴾[2]:

﴿وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَاْ ۝١٠ هُنَالِكَ﴾ لە کاتی گەیاندندا دەخوێندرێتەوە بە: (الظُّنُونَ هُنَالِكَ)، وە لە کاتی وەستان لە سەری دەخوێندرێتەوە بە: (الظُّنُونَا. هُنَالِكَ).

---

(١) سورەتی الكهف: ٣٨.

(٢) سورەتی الأحزاب: ١٠.

چوارەم: ئەلیفی ﴿ٱلرَّسُولَا۠﴾[١]:

﴿وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُوا۟﴾ لە کاتی گەیاندندا دەخوێندرێتەوە بە: (الرَّسُولَ وَقَالُوا)، وە لە کاتی وەستان لەسەری دەخوێندرێتەوە بە: (الرَّسُولَا. وَقَالُوا).

پێنجەم: ئەلیفی ﴿ٱلسَّبِيلَا۠﴾[٢]:

﴿فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ﴾ لەکاتی گەیاندندا دەخوێندرێتەوە بە: (السَّبِيلَ رَبَّنَا)، لە کاتی وەستان لەسەری دەخوێندرێتەوە بە: (السَّبِيلَا.رَبَّنَا).

شەشەم: ئەلیفی ﴿سَلَٰسِلَا۠﴾[٣]:

﴿لِلْكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَا۠ وَأَغْلَٰلًا﴾ لە کاتی گەیاندندا دەخوێندرێتەوە بە: (سَلَاسِلَ وَأَغْلَالًا)، وە لە کاتی وەستان لەسەری دەخوێندرێتەوە بە: (سَلَاسِلَا) و(سَلَاسِلْ).

حەوتەم: ئەلیفی یەکەم ﴿قَوَارِيرَا۟﴾[٤]:

﴿كَانَتْ قَوَارِيرَا۟ ﴿١٥﴾ قَوَارِيرَا۟ مِن﴾ لە کاتی گەیاندندا دەخوێندرێتەوە بە: (قَوَارِيرَ قَوَارِير)، وە لە کاتی وەستان لەسەری دەخوێندرێتەوە بە: (قَوَارِيرَا. قَوَارِير).

---

(١) سورەتی الأحزاب: ٦٦.

(٢) سورەتی الأحزاب: ٦٧.

(٣) سورەتی الإنسان: ٤.

(٤) سورەتی الإنسان: ١٥.

ئاگادارییەك: دروستە وشەی ﴿سَلَٰسِلَاْ﴾ لەکاتی وەستان لەسەری بە دوو شێوە بخوێندرێتەوە:

شێوەی یەکەم: هێشتنەوەی ئەلیفەکە، وەکو پێشووتر نموونە هێنرایەوە: (سَلَاسِلَا).

شێوەی دووەم: نەهێشتنی ئەلیفەکە، ودەخوێندرێتەوە بە: (سَلَاسِلْ).

ئاگادارییەك: نەهێشتنی ئەلیفی ﴿ثَمُودَاْ﴾ لە دەربڕیندا لە کاتی وەستان وگەیاندنیشدا – بەلأم بە نوسین دەنوسرێت– لە سوڕەتی [هود: ٦٨]، و[الفرقان: ٣٨]، و[العنكبوت: ٣٨]، و[النجم: ٥١]، وە هەروەها ئەلیفی ﴿قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٍ﴾ی دووەم لە سوڕەتی [الإنسان: ١٦] ، دەوەستێندرێت لەسەر وشەکە بە سکون کردنی (ڕاء)ەکە لەگەڵ مەددی توشهاتوو بە سکون (المد العارض للسكون).

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

سڕینەوەی پیتی مەدد بە هۆی گەیشتنی دوو ساکن بە یەکتر

ئەگەر وشەیەك لە کۆتایەکەی پیتی مەدد بوو گەیەنرا بـە وشـەیەکی تـر کـە سەرەتای وشەکە ساکن بوو، ئەو کات پیتە مەددەکـە دەسـڕدرێتەوە، بـە هـۆی گەیشتنی دوو ساکن بە یەکتر، وەك:

﴿وَٱلْمُقِيمِى ٱلصَّلَوٰةِ﴾ ــ لە کاتی گەیاندنا دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَالْـمُقِيمِ الصَّلَاةِ)، بە بێ پیتی (یاء).

﴿مُحِلِّى ٱلصَّيْدِ﴾ ــ لە کاتی گەیاندنا دەخوێندرێتەوە بە ــ (مُحِلِّ الصَّيدِ).

﴿ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾ ــ لە کاتی گەیاندنا دەخوێندرێتەوە بە ــ (آمَنُ اتَّقُ الله).

﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ﴾ ــ لە کاتی گەیاندنا دەخوێندرێتەوە بە ــ (اهْدِنَ الصِّرَاطَ).

﴿وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ ــ لە کاتی گەیاندنا دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَقَالَ الحَمْدُ لله)[1].

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) لەگەڵ ڕەچاوکردنی دەنگ بەرزکردنەوە (النَّبْر) لە فەتحەی سەر لامەکە، بۆ ئەوەی لە کاتی گەیاندنا وشەی (قالا) جیابکرێتەوە لە وشەی (قال)، بۆیە دەبێت نەبری پێ بدرێت. (وەرگێڕ).

دەنگ بەرزکردنەوە (النَّبْر)[1]

لە زمانەوانیدا: بە واتای دەنگ بەرزکردنەوە و هاواری توند دێت.

لە زاراوەدا: بریتی یە لە پەستان خستنە سەر برگەیەک یان پیتێکی دیاری کراو، بە شێوەیەک دەنگەکە هەندێک بەرزتر بێت لە پیتەکانی تەنیشتی.

شوێنەکانی دەنگ بەرزکردنەوە (النبر) لە قورئانی پیرۆزدا:

یەکەم: وەستان لەسەر پیتێکی توندکراو (مشدَّد):

وەک: ﴿مُّسْتَقِرٌّ، ٱلْحَقُّ ، أَضَلَّ﴾.

لێرەدا (النبر) دەکرێت لە سەر پیتی کۆتایی بۆ ئەوەی گوێگر بزانێت کە پیتە توندکراوەکە (مشدَّد) دوو پیتە.

بەڵام لە دوو شوێندا هەرچەند پیتەکە توندکراویش (مشدَّد) بێت ئەوا (النبر)کردن نیە، ئەوانیش:

١- وەستان لەسەر پیتەکانی (القلقلة) کاتێك توندکراو (مشدَّد) بن بە مەرجێك پیتەکەی پێشیان پیتی مەدد نەبێت.

وەک: ﴿وَتَبَّ ، ٱلْحَقُّ﴾.

پێدانی (قلقلة) دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە (النبر)ی تێدا نەکرێت.

---

(١) بابەتی (النبر) خۆی لە کتێبەکەدا نیە، بەڵکو بۆمان زیاد کردووە، چونکە بە پێویستمان زانی بۆی زیاد بکەین. (وەرگێڕ).

٢- پیتی (نون) و(میم)ی توندکراو (مشدَّد):

وەك: ﴿ٱلْيَمِّ ، جَآنٌّ﴾.

هۆکاری درێژکردنەوەی مینگە لەکاتی وەستان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوێگر دەزانێت لەکاتی ڕۆیشتن توندکراوە (مشدد) بۆیە پێویست بە (النبر) ناکات.

دووەم: لە کاتی دەربڕینی پیتی (واو) و(یاء)ی توندکراو (مشدَّد).

وەك: ﴿ٱلْقُوَّةَ ، عَدُوٌّ ، شَرْقِيًّا ، ٱلْحَيُّ﴾.

هۆکاری (النبر)کردن لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (واو) و(یاء)ی توندکراو (مشدَّد) تێکەڵ بە (واو) و(یاء)ی مەددی نەبێت لە کاتی خوێندنەوەدا، چونکە ئەگەر (النبر)ی پێ نەدرێت وەکو پیتی مەددی دەردەچێت.

سێیەم: گواستنەوە لە پیتی مەددەوە بۆ پیتی یەکەم لە توندکراو(مشدد).

وەك : ﴿ٱلضَّآلِّينَ ،دَآبَّةٍ﴾

هۆکارەکەشی بۆئەوەی پیتی یەکەم لە توند کراوەکە (مشدد) تیانەچێت بەهۆی سەرقاڵبوونی دەم بەدەرکردنی پیتە مەددەکەوە ، بۆئەوەی گوێگر هەست بکات کە پیتە توند کراوەکە (مشدد) دوو پیتە.

چوارەم : لەکاتی وەستان لەسەر پیتی (هەمزە) کە لە پێشیدا پیتی مەدد یان لین هاتبێت.

وەك : ﴿ٱلسَّمَآءُ ، ٱلسُّوٓءُ ، سِيٓءَ ، شَيْءٍ ، ٱلسَّوْءِ﴾

هۆکارەکەشی بۆ ئەوەی پیتی هەمزەکە نەفەوتێت کاتێك دەم سەرقاڵ بووە بە دەرکردنی پیتە مەددەکەوە.

پێنجەم : لەکاتی نەمانەی (ألف)ی دوانەدا (ألف الاثنين) بەهۆی گەیشتینی دوو ساکن بە یەکتر ئەگەر لەگەڵ تاك (مفرد) جیا نەکرایەوە ، لەکاتی دەربڕیندا.

وەك : ﴿ وَٱسْتَبَقَا ٱلْبَابَ ، وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾

بەلأم ئەگەر لەتاك (مفرد)ەکەی جیاکرایەوە ئەوا پێویست بە (النبر) ناکات.

وەك : ﴿ دَّعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا ، وَقِيلَ ٱدْخُلَا ٱلنَّارَ ﴾.

لە نموونەی یەکەمدا : ﴿ دَّعَوَا ٱللَّهَ ﴾بەهۆی ئەوەی (واو)ەکە لە تاك (مفرد)ەکەی جیا دەبێتەوە بۆیە (النبر)ی تێدا نیە.

لە نموونەی دووەمدا : ﴿ وَقِيلَ ٱدْخُلَا ٱلنَّارَ ﴾ بەهۆی فەتحەی سەر (لام)ەکە لە وشەی ﴿ ٱدْخُلَا ﴾جیادەبێتەوە لە تاك (مفرد)ەکەی بۆیە (النبر)ی تێدا نیە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

شوێنی دەرچونی پیتەکان (مخارج الحروف)[١]

شوێنی دەرچونی پیتەکان (١٧) دانەیە، لەسەر بۆچوونی پەسەند وهەڵبژێردراو[٢]، ودابەشکراوە بەسەر پێنج شوێن، ئەوانیش:

١- بۆشایی قورگ ودەم (الجوف).

٢- قورگ (الحلق).

٣- زمان (اللسان).

٤- هەردوو لێو(الشفتان).

٥- بۆشایی لوت (الخيشوم).

١-بۆشایی نێوان قورگ ودەم (الجَوف):

ئەو بۆشایەیە کە لەناو دەمدایە[٣] لە کاتی دووركەوتنەوەی شەویلگەدا ڕووەدات، لە کاتی دەربڕینی پیتێك لە پیتەکانی مەد، وەیەك شوێنی دەرچوونی تێدایە کە پیتەکانی مەددی لێوەدەردەچێت کە سێ دانەن:

أ- ئەلیفی ساکن پێشی فەتحە بێت.

ب- (واو)ی ساکن پێشی ضـەمە بێت.

---

(١) شوێنی دەرچوونی پیتەکان (مخارج الحروف) پێش دەخرێت بەسەر سیفەتی پیتەکان (صفات الحروف)، چونکە هەموو کات وەسفکراو، واتە: ئەو شتەی وەسف دەکرێت پێش دەخرێت بە سەر وەسفەکە، واتە: چۆنێتی وەسفکراوت بۆ باس دەکات. (وەرگێڕ).

(٢) بۆچوونی پەسەند وهەڵبژێردراو بۆچوونی پێشەوا (ابن الجزري)یە، کە بە (١٧) شوێنی دەرچوون هەژماری کردووە، بەڵام پێشەوا (خلیل)ی کوڕی (أحمد)ی (الفراهيدي) لە کتێبەکەیدا بە ناوی کتێبی (العين) بە (١٠) شوێنی دەرچوون هەژماری کردووە. (وەرگێڕ).

(٣) دەبوو دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت بیوتبایە: ئەو بوشاییەی کە لە قورگ ودەمدایە، بۆیە لە هەرشوێنك وشەی (الجوف) هات ئێمە بە بۆشایی قورگ ودەم لەیەکی دەدەینەوە. (وەرگێڕ).

ج- (ياء)ی ساکن پێشی کەسرە بێت.

وە پێیان دەوترێت پیتەکانی مەدد یان پیتە هەواییەکان (الأحرف الجوفية).

٢- قوڕگ (الحَلْق): لە قوڕگدا سێ شوێنی دەرچوونی تێدایە، ئەوانیش: دوورترین، ناوەڕاست، نزیکترین[١].

أ- دوورترینی قوڕگ (أقصى الحلق): پیتی (همزه) و(ه)ی[٢] لێوە دەردەچێت.

ب- ناوەڕاستی قوڕگ (وسط الحلق): پیتی (ع) و(ح)ی[٣] لێوە دەردەچێت.

ج- نزیکترینی قوڕگ (أدنى الحلق) : پیتی (غ) و(خ)ی لێوە دەردەچێت.

وە پێیان دەوترێت پیتەکانی قوڕگ (الأحرف الحلقية).

---

(١) مەبەست لە: (دورترین وناوەڕاست ونزیکترین) ئەوەیە دوری ونزیکیەکەیان بە گوێرەی دووری ونزیکییانە لە دەمەوە. (وەرگێڕ).

(٢) هەندێك لە قورئان خوێنان پێتی (هاء) وەکو پیتی (حاء) یان نزیك لە (حاء) دەردەبڕن، هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەنها سیفەتی (الهمس)ی پێ دەدەن، بە بێ ئەوەی سیفەتی (الجهر)ی پێ بدەن ، بۆیە دەبێت هەردوو سیفەتەکە بە جوانی تێیدا جێ بەجێ بکرێت، وە(خليل بن أحمد الفراهدي) فەرموویەتی : (لولا الهتّةُ لأُشْبِهَتِ الهاءُ بالحاء) واتا: ئەگەر (الهتّةُ)ی پێ نەدرێت ئەوا پیتی (هاء) وەکو (حاء) دەردەچێت (وەرگێڕ).

(٣) هەندێك بە هەڵە پیتی (حاء) دەردەبڕن، لە کاتی دەربڕیندا تێکەڵی پیتی (عین)ی دەکەن، بۆیە (خليل بن أحمد الفراهدي) فەرموویەتی : (لولا البُحَّةُ لأُشْبِهَتِ الحاءُ بالعين) واتا : ئەگەر (البُحَّة) پێ نەدرێت ئەوا پیتی (حاء) وەکو (عین) دەردەچێت (البُحَّة)، واتە: دەنگ گڕی ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پیتی (حاء) پەستانێکی زیاتر لەسنوری خۆی دەخرێتە سەری ، چونکە لەکاتی دەربڕینی پیتی (عین) دا پەستانی زیاتر دەخرێتە سەر ئەو بەشەی کە پێی دەوترێت (لِسانُ المِزْمار) تاوەکو پیتی (حاء) (وەرگێڕ).

٣- **زمان (اللِّسَان)**: (١٠) شوێنی دەرچوونی تێدایە.

أ- **دورترینی زمان (أقصى اللسان)**: کۆتایی زمان و بەرزبوونەوەی لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە مەڵاشوی سەرەوە (الحنك الأعلى)، پیتی (ق)ی لێوە دەردەچێت[١].

ب- **دوورترینی زمان (أقصى اللسان)**: کۆتایی زمان و نزمکردنەوەی لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە مەڵاشوی سەرەوە (الحنك الأعلى) پیتی (ك)ی لێوە دەردەچێت[٢].

وە بە هەریەکە لە (ك) و(ق) دەوترێت پیتی زمانە بچکۆلە (اللَّهاة)، لەبەر نزیکیان لە زمانە بچکۆلەوە.

ج- **ناوەڕاستی زمان (وسط اللسان)**: ناوەڕاستی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە مەڵاشوی سەرەوە (الحنك الأعلى) پیتی (ج[٣]، ش[٤]، ي (مەددی نەبێت)[٥]) لێوە دەردەچێت.

---

(١) لە مەڵاشوی گۆشتی (الحنك اللحمي) دەردەچێت، ونابێت بهێنرێتە پێشەوە بۆ لای مەڵاشوی ئێسکی (الحنك العَظْمي)، واتە: نزیك شوێنی دەرچوونی پیتی (ك) دەربچێت. (وەرگێڕ).

(٢) لە مەڵاشوی گۆشتی (الحنك اللحمي) لەگەڵ مەڵاشوی ئێسکی (الحنك العَظْمي) دەردەچێت، واتە: هەردووکیان بەشدار دەبن لە دەرچوونی پیتی (ك). (وەرگێڕ).

(٣) ناوەڕاستی زمان دەدات لە مەڵاشوی سەرەوە. (وەرگێڕ).

(٤) بۆشاییەکی کەم دەمێنێتەوە لە نێوان ناوەڕاستی زمان ومەڵاشوی سەرەوە، ئەویش لەبەر دروست بوونی سیفەتی بلاوبوونەوەی هەوا (التفشِّي). (وەرگێڕ).

(٥) بۆشاییەك دەمێنێتەوە لە نێوان ناوەڕاستی زمان ومەڵاشوی سەرەوە، بەڵام بۆشاییەکەی کەمێك زیاترە لە بۆشایی پیتی (شین). (وەرگێڕ).

وە (یاء)یّك مەددی نەبێت، واتە: (یاء)ی فەتحەدار، وەکو: ﴿يَعْلَمُونَ﴾، یان چـەمەدار، وەکو: ﴿يُوقِنُونَ﴾، یان کەسرەدار وەکو: ﴿يَدَيِ ٱللَّهِ﴾، یان لە دوای پیتێکی فەتحەدار (یاو)یّکی ساکن هاتبێت وەکو: ﴿عَلَيْهِمْ﴾.

وە پێیان دەوترێت پیتە بنەڕەتیەکان (الأحرف الشَّجْرية) لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاستی زمانەوە دەردەچن، واتە: بنەڕەتی زمان[1].

د- لێوارەکانی زمان (حافة اللسان): یەکێك لە لێوارەکانی زمان بدەی لەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە ددانە خرێکانی (کاکیلەکان) سەرەوەی (الأضراس العلوية) لای ڕاست یان لای چەپ یان هەردووکیان بەیەکەوە، ودەرچوونی پیتی (ض) بە لێواری چەپی زمان لەگەڵ خرێکانی سەرەوەی لای چەپ ئاسانترە وزیاتریش بەکار دەهێنرێت.

هـ- لە نێوان هەردوو لێواری زمان (ما بين حافَتَي اللسان)[2]: لە نێوان هەردوو لێواری زمان لەگەڵ پووکی ددانەکانی سەرەوە کە بەرامبەریەتی کەمێك لەدوای شوێنی دەرچوونی پیتی (ضاد) پیتی (ل)ی لێوە دەردەچێت.

---

(١) هەندێك لـە زانایان دەڵێن: لەبەرئـەوەی پێیـان دەوترێت پیتـە بنەڕەتییـەکان (الأحرف الشَّجْرية)، چونکە لە نێوان هەردوو شەویلگەکانەوە دەردەچن (منفتح ما بين اللحيين).(وەرگێڕ).

(٢) جوانتر وابوو دانەر بیوتبایە: دەردەچێت لە نێوان کۆتایی هەردوو لێواری زمان (ما بين أدنى حافَتَي اللسان). (وەرگێڕ).

و- پێشەوەی زمان (طرف اللسان): پێشەوەی زمان[1] لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە کۆتایی مەڵاشووی سەرەوە یان لە سەرووی پووکی ددانەکانی سەرەوە پیتی (ن)ی لێوە دەردەچێت[2].

ز- پێشەوەی زمان (طرف اللسان): پێشەوەی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە کۆتایی مەڵاشووی سەرەوە کەمێك خوارەوەی شوێنی دەرچوونی (نون) زیاتر دەڕوات بۆ لای پشتەوەی زمان پیتی (راء)ی لێوەدەردەچێت.

وە بە (ل) و(ر) و(ن) دەوترێت پیتەکانی سەری زمان (الأحرف الذَّلْقِية)، لەبەر ئەوەی لەسەری زمانەوە دەردەچن، واتە: کەناری زمان.

ح- پێشەوەی زمان (طرف اللسان): پێشەوەی زمان لەگەڵ بنچینە وڕەگی دوو ددانی سەرەوە هەرسێ پیتی (د ، ت ، ط)ی لێوە دەردەچێت.

پێیان دەوترێت پیتەکانی پێشەوەی مەڵاشوو (الأحرف النِّطْعية)، لەبەر ئەوەی لەو شوێنەوە دەردەچن کە ئەو گۆشتەی دوو ددانی سەرەوەی داپۆشیوە، (النِّطْع)، واتە: بەرگ وتوێکڵ (پێستە).

---

(١) کەمێك لە خوار پیتی (لام)ەوە دەردەچێت. (وەرگێڕ).

(٢) شوێنی دەرچوونی پیتی (نون) لەگەڵ هاوبەشی بۆشایی لوت (الخيشوم) دەردەچێت، بۆیە زانایان بە بەشی زمان لە (نون) دەڵێن: نیوەی تەواو کراو (النصف المكمَّل)، وە بە بەشی بۆشایی لوت (الخيشوم) دەڵێن: نیوەی تەواوکەر (النصف المكمِّل)، چونکە نیوەی بەشی زمان تەواو دەکات، وبە هەردوو بەشەکەوە پیتی (نون) پێك دێت. (وەرگێڕ).

ط- لە نێوان پێشەوەی زمان: لە نێوان پێشەوەی زمان ولەگەڵ نێوانی دوو ددانی سەرەوە وخوارەوە[1]، ولەگەڵ دوورکەوتنەوەی هەردوو شەویلگەی سەرەوە وخوارەوە هەرسێ پیتی (س ، ص ، ز) لێوە دەردەچێت.

وە پێیان دەوترێت پیتەکانی باریکایی (الأحرف الأسَلية)، لەبەر ئەوەی لە کۆتایی پێشەوەی زمان دەردەچێت، وە نوکی شتێك، واتە: کۆتایی پێشەوەی.

ي- پشتی پێشەوەی زمان (ظهر طرف اللسان): پشتی پێشەوەی زمان لەگەڵ نوکی دوو ددانی سەرەوە هەرسێ پیتی (ث ، ذ ، ظ)ی لێوە دەردەچێت.

وە پێیان دەوترێت پیتەکانی پووك (الأحرف اللِّثَوِيَّة)، لەبەر ئەوەی زۆر نزیکە لە پووکی دوو ددانی سەرەوە.

٤- هەردوو لێو (الشَّفَتانِ): دوو شوێنی دەرچوونی تێدایە.

أ- ناوەوەی لێوی خوارەوە: ناوەوەی لێوی خوارەوە لەگەڵ لێواری دوو ددانی سەرەوە پیتی (ف)[2]ی لێوە دەردەچێت.

ب- لە نێوان هەردوو لێو: هەرسێ پیتی (ب ، م ، و (مەددی نەبێت)) لێوە دەردەچێت، بەڵام پیتی (ب) و(م) بە داخستنی هەردوو لێو دەردەچن،

---

(١) لە نێوان دوو دانی سەرەوە وخوارەوە دەنگەکە دەردەچێت، نەوەکو زمان بدرێت لەو نێوانە، بەڵکو باریکایی زمان دەدرێت لە بەشی سەرەوەی دانەکانی برپرەی خوارەوە، وە وتراویشە زمان دەدرێت لە بەشی خوارەوەی دوو ددانی سەرەوە، ئەمەیش بۆچوونی (أبو عمرو الداني)یە. (وەرگێڕ).

(٢) یەکێك لەو هەڵانەی کە دەکرێت ئەویش پەستان خستنە سەر پیتی (فاء)ە لە کاتی دەربڕیندا، ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی سیفەتی (الهمس) و(الرخاوة) لە دەست بدات، واتە: نەڕۆیشتنی هەوا و دەنگ کاتێك بە تۆندی دەردەبڕدرێت. (وەرگێڕ).

وپیتی (و) بەکردنەوەی هەردوو لێو لەگەڵ خڕکردنیان دەردەچێت، وەپێیان دەوترێت پیتە لێویەکان (الأحرف الشَّفَوية).

تێبینی: مەبەست لەپیتی (و) کاتێك مەدد نەبێت ئەمانەیە:

١- (واو)ی فەتحەدار: وەك: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾، ﴿كُفُوًا أَحَدٌ﴾.

٢- (واو)ی ضــەمەدار: وەك: ﴿تَلَوُاْ ، ٱلْوُسْطَىٰ ، ٱلْوُثْقَىٰ﴾.

٣- (واو)ی کەسرەدار: وەك: ﴿وِقْرًا ، وِزْرًا﴾.

٤- (واو)یّکی ساکن لە دوای فەتحەوە هاتبێت: وەك: ﴿يَوْمَهُمُ ، قَوْلِهِمُ﴾.

٥- بۆشایی لووت (الخَيْشُوم): ئەمیش یەك شوێنی دەرچوونی تێدایە، ئەویش مینگەیە (الغنة)[1] ئەمیش سیفەتێکە ولە پیتەکە جیا نابێتەوە، وبەشێکە لە هەردوو پیتی (م) و(ن)، ئیتر جا هەر چۆنێك بن، ئاشکرا یان تێهەڵکێشکراو یان شاراوە بن تووندکراو یان سوککراو بن، ساکن یان جوڵاو (متحرك) بن.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) ئاگادارییەك : بابەتی مینگە (الغُنَّة) لەلای هەندێك نەزانراوە ، دەوترێت ئایە مینگە بەشوێنی دەرچوون (المخرج) یان بەسیفەت دەژمێردرێت ، وەلآمەکەشی پوونکردنەوەی تێدایە : مینگە (الغُنَّة) لە پووی ئەوەی کە بەشێکە لە پیتی (نون) و (میم) ئەوکات بەشوێنی دەرچوون (المخرج) دەژمێردرێت بەلآم مینگە لەپووی درێژیی و کورتیەوە کە هەندێك جار دوو حەرەکە یان کەمتر درێژ دەکرێتەوە ئەوکات بەسیفەت دەژمێردرێت. (وەرگێڕ).

چەند ئاگاداریەك

١- ناسینی شوێنی دەرچوونی پیت: ئەگەر ویستت شوێنی دەرچوونی پیتێك بزانیت، ئەوا ئەو كات پیتەكە بكە بە ساكن یان توند كراو (مشدد)، وە همزەیەكی جولّاو (متحرك) لە پێشی دابنێ[١]، جا لە هەر شوێنێك دەنگی پیتەكە كۆتایی هات ئەوا ئەو شوێنە شوێنی دەرچوونی پیتەكەیە.

وەك: (أَبْ) ، (أَقْ) ، (أَمْ)[٢].

٢- شوێنی دەرچونی ئەو پیتانەی كە شوێنیان دیاری كراوە ودیاری نەكراوە[٣]: هەموو پیتەكان شوێنی دەرچونیان دیاری كراوە،

---

(١) جگە لە پیتی (ئەلیف)، بۆ ئەوەی شوێنی دەرچوونەكەی بزانین دەبێت پیتی (ل) بۆ زیاد بكرێت، واتە: دەڵێت: (لا)، چونكە پیتی ئەلیف كە هەمیشە سكوندارە وپیتی پێشەوەی فەتحەدارە، وله زمانی عەربیشدا پیتی سكوندار ناكەوێتە سەرەتاوە، بەڵكو پێویستی بە پیتێك هەیە بكەوێتە پێشیەوە، جا زانایانی زمان (علماء اللغة) پیتی (ل)یان لە پێشی ئەلیفەوە داناوە، لەبەرئەوەی خزمەتێكی زۆری پێشكەش كردووە بە لامی سكوندار لە (أل)ی ناساندن (التعریف)، بۆیە پێویستە ئەمیش خزمەتێك بە پیتی ئەلیف پێشكەش بكات. (وەرگێڕ).

(٢) دەبوایە دانەر ئەم خاڵەی لە پێش دەست پێكردنی شوێنی دەرچوونی پیتەكان (مخارج الحروف) باسبكردایە، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت بەم شێوازە شوێنی دەرچوونی پیتەكان دەدۆزرێتەوە.(وەرگێڕ).

(٣) **شوێنی دەرچوونی دیاری كراو (المخرج المحقَّق):** ئەو شوێنی دەرچوونەیە كە پشت دەبەستێت بە بەشێكی دیاركراو لە بەشەكانی قورگ یان زمان یان لێو.

شوێنی دەرچوونی دیاری نەكراو (المخرج المقدَّر): ئەو شوێنی دەرچوونەیە كە پشت نابەستێت بە بەشێكی دیاركراو، بۆیە لە بۆشایی نێوان قورگ ودەمدا دەردەچێت، كە مەبەست پێی پیتەكانی مەدە یان لە بۆشایی لووت (الخیشوم) دەردەچێت كە مەبەست پێی مینگەیە (الغُنَّة).(وەرگێڕ).

لەبەر ئەوەی دەتوانرێت شوێنی دەرچوونیان بە تەواوی بزانرێت، تەنها شوێنی دەرچوونی بۆشایی نێوان قورگ ودەم (الجوف) نەبێت، کە شوێنێکی دیاری کراوی نیە، بە شێوەیەك ناتوانرێت شوێنی دەرچوونیان لە بۆشایی قورگ ودەم (الجوف) دیاری بکرێت.

٣- تێبینی دەکرێت کە ژمارەی پیتەکانی زمانی عەرەبی (٢٨) پیتە ، وە ژمارەی پیتەکانی تەجوید (٣١) پیتە، ئەویش بە هۆی زیادکردنی هەمزە وبوونی (واو)یّك مەددی بێت و(واو)یّك مەددی نەبێت[1]، وە (یاء)یّك مەددی بێت و(یاء)یّك مەددی نەبێت، وە سەیری خشتەی شوێنی دەرچونی پیتاکان وسیفەتەکانیان بکە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) دەبوایە دانەر بۆشایی لووتیشی (الخیشوم) زیاد بکردایە چونکە بۆشایی لووت (الخیشوم) شوێنێکی دیاری کراوی نیە و پشت نابەستێت بە شوێنێکی دیاری کراوەوە ، وەکو پێشەوا (محمد بن أبي بكر المَرْعَشِي) لە کتێبی (جُهْدُ المُقِل) دا باسی کردووە . (وەرگێڕ).

وێنەی زمان وشوێنی دەرچوونی پیتەکان[1]



بۆشایی قورگ ودەم (الجوف)



[1] ئەم وێنانە خۆی لە کتێبەکەدا نیە، بەڵکو بۆی زیاد کراوە، چونکە زیاتر بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی بۆی زیاد بکەین. (وەرگێڕ).

وێنەی ئەو پیتانەی لە بۆشایی قوڕگ و دەمدا (الجوف) دەردەچن







وێنەی ئەو پیتانەی لە قوڕگ (الحلق) دەردەچن




غه‌ين


حاء


خاء

وێنەی ئەو پیتانەی لە زمان (اللسان) دەردەچن













■ ناوچەی بە یەکگەیشتن بە بێ پەستان
■ ناوچەی پەستان




لام (ل)


لام (لْ)


نون


راء (ر)





دەبێت لە کاتی دەربڕینی پیتی (راء) هەندێك بۆشایی هەبێت بۆ ئەوەی پیتەکە وەك خۆی دەربچێت


دال وتاء


طاء


سین وزای


صاد


ذال وثاء


ظاء

وێنەی ئەو پیتانەی لە هەردوو لێوەوە (الشفتان) دەردەچن









شێوەی هەردوو لێو لە کاتی
دەربڕینی پیتی (واو)

وێنەی ئەو پیتانەی لە بۆشایی لووت (الخیشوم) دەردەچن



❊ ❊ ❊ ❊ ❊

سیفەتی پیتەکان (صفات الحروف)

سیفەتی پیتەکان دوو بەشن : خۆییەکان (لازمة) وتوشهاتووەکان (عارضة).

یەکەم: سیفەتە خۆییەکان (الصفات اللازمة): ئەو سیفەتانەن کە بەشێکن لە پیتەکە ولێی جیا نابنەوە، ومافی (حق) پیتەکەن، وەک: (الاستعلاء) و(الهمس) وهەموو ئەو سیفەتانەی کە دێن.

دووەم: سیفەتە توشهاتووە زیادەکان (الصفات العارضة الزائدة): سیفەتێکی تەواوکەرە بۆ پیتەکە بەشێوەیەک ئەگەر لە پیتەکە جیا ببێتەوە هیچ کاریگەریەک لەسەر خودی پیتەکە دروست ناکات، ئەم سیفەتانەیش شایەنی (مستحق) پیتەکەیە، زیادەن وبەشێك نین لە پیتەکە، وەک: (التفخیم) و(الإدغام) و(الإخفاء) و(الإمالة).

یەکەم: سیفەتە خۆییەکان (الصفات اللازمة): سیفەتی خۆیی پیتەکان ژمارەیان (١٧) سیفەتە، ودەبن بە دوو بەشەوە، ئەوانیش:

أ- سیفەتە دژیەکەکان (صفات مُتَضَادَّة).

ب- سیفەتە بێ دژەکان (صفات غیر متضادة).

أ- **سیفەتە دژیەکەکان (الصفات المتضادة)**: ژمارەیان (١٠) سیفەتە، ودابەش دەبن بە سەر پێنج کۆمەڵە، لەهەر کۆمەڵەیەکدا دوو سیفەتی دژیەک هەیە، واتە: ئەگەر یەکێك لەو دوو سیفەتە لە پیتێکدا بە دی کرا ئەوی تریانی تێدا بەدی ناکرێت، وە پێویستە هەموو پیتێك یەکێکیانی تێدا بەدی بکرێت، وسیفەتەکانیش ئەمانەن:

١ و ٢- (الهَمْس) دژەکەی (الجَهْر)ە.

٣ و ٤- (الشِّدَّة) و(البَينِيَّة «التَّوَسُّط») دژیەکەیان (الرِّخَاوة)یە.

٥ و ٦- (الاسْتِعْلاء) دژەکەی (الاسْتِفَال)ە.

٧ و ٨- (الإطْبَاق) دژەکەی (الانْفِتَاح)ە.

٩ و ١٠- (الإذْلاَق) دژەکەی (الإصْمَات)ە.

١ و ٢- (الهَمْس) دژەکەی (الجَهْر)ە[١]:

الهمس: ڕێکردنی هەناسەیە لە کاتی دەربڕینی پیتەکە، لەبەر لاوازی پشت بەستنی پیتەکە بە شوێنی دەرچونیەوە، وژمارەی پیتەکانی (١٠) پیتە، وکۆکراوەتەوە لەم وتەیەدا: (فَحَثَّهُ شَخْصٌ سَكَتَ)[٢].

الجهر: ڕێنەکردنی هەناسەیە[٣] لە کاتی دەربڕینی پیتەکە، لەبەر بە هێزی پشت بەستنی پیتەکە بە شوێنی دەرچونیەوە، وژمارەی پیتەکانی (١٩) پیتە، وپیتەکانی تری زمانی عەرەبی دەگرێتەوە[٤].

---

(١) دەتوانرێت جیاوازییەکی تر لە نێوان سیفەتی (الهمس) و(الجهر) بکرێت، ئەویش ئەوەیە لە کاتی دەربڕینی پیتێك لە پیتەکانی (الجهر) دەستەکان بخرێتە سەر هەر دوو گوێ یان دەست بخرێتە سەر قوڕگ هەست بە لەرینەوە (هزَّة) دەکرێت، بە هۆی داخستنی ژێ دەنگەکانەوە (الأوتار الصوتية)، بەڵام لە پیتەکانی (الهمس)دا هەستی پێ ناکرێت، ئەم جیاوازیەش ئاسانترە بۆ ناسینی (الهمس) و(الجهر). (وەرگێڕ).

(٢) واتە: بێ دەنگ بوو بۆیە کەسێك هانی دا بۆ ئەوەی قسە بکات. (وەرگێڕ).

(٣) ڕێنەکردنی هەوا لە هەندێك لە پیتەکان ڕێنەکردنێکی ڕێژەییە، وەکو لە پیتەکانی: (غ، ذ، ز، ض)دا هەیە، بەڵام لە پیتەکانی: (أَقُطْبُ جَدٍ) هەوا بە تەواوی ڕێ ناکات.

(٤) پیتەکانی کۆکراوەتەوە لەم بڕگەیە: (عَظُمَ وَزْن قارئ ذي غضّ جِدّ طَلَب)، واتە: پلە وپایەی بەرز بووەتەوە ئەو قورئان خوێنەی کە چاوی لە حەرام دەپارێزێت، وهەوڵدەدات بۆ بە دەستهێنانی زانست. (وەرگێڕ).

٣ و ٤- (الشِّدَّة) و(البَينِيَّة) دژیەکەیان (الرِّخَاوة)یە[١]:

الشدة: گیران یان ڕێنەکردنی دەنگە لە کاتی دەربڕینی پیتەکە، لەبەر بەهێزی پشت بەستنی پیتەکە بە شوێنی دەرچونیەوە، وژمارەی پیتەکانی هەشت پیتن، کۆکراوەتەوە لە: (أَجِدْ قَطٍ بَكَتْ)[٢].

البينية[٣]: ئەو سیفەتەیە کە لە نێوان (الشدة) و(الرخاوة) دایە[٤]، ژمارەی پیتەکانی پێنج پیتە، وکۆکراوەتەوە لە: (لِنْ عُمَر)[٥].

الرِّخاوة : ڕێکردنی دەنگە لە کاتی دەربڕینی پیتەکە، و پیتەکانی بریتی یە لە پیتەکانی تری زمانی عەرەبی کە ژمارەیان (١٦) پیتە.

---

(١) دانەری کتێب دەبوایە بوتبایە (الشدة) دەژکەی (الرخاوة)یە، وە ئەوەیش لە نێوانیان دایە (البينية ,التوسط)ە، چونکە دانەر (البينية)شی بە دژی (الرخاوة) داناوە. (وەرگێڕ).

(٢) واتە: کار وکردەوەکانت بە باشی ئەنجام بدە، ئەگەر وابوو ئەوا بەسە بۆت، چونکە دوژمنت وکوێر ودەمکوت دەکات، و(أَجِدُ قَطٍ بَكَتْ): واتە: ئەبینم وگوێم لێیە (قَطٍ) دەگیرێت، وە (قَطٍ) ناوی ئافرەتێکە. (وەرگێڕ).

(٣) باشتر وابوو پێش ئەم سیفەتە سیفەتی (الرِّخَاوة)ی باسکردایە، چونکە تاوەکو سیفەتی (الرخاوة) نەزانرێت ناتوانرێت سیفەتی (البينية) ڕوون بکرێتەوە، چونکە دانەری کتێب فەرموویەتی لە نێوان سیفەتی (الشدة) و(الرخاوة)دایە. (وەرگێڕ).

(٤) واتە: بریتییە لە ڕۆیشتنی بەشێك لە دەنگ لە شوێنی دەرچوونی پیتەکە، بە هۆی تەواو دانەخرانی شوێنی دەرچوونەکە. (وەرگێڕ).

(٥) واتە: ئەی عومەر هێمن ولەسەر خۆبە. (وەرگێڕ).

٥ و ٦- (الاسْتِعْلاء) دژەکەی (الاسْتِفَال)ە:

الاستعلاء : بەرزکردنەوەی کۆتایی زمانە بەرەو مەڵاشوو لە کاتی دەربڕینی پیتەکە، وژمارەی پیتەکانی حەوت پیتە، وکۆکراوەتەوە لە: (خُصَّ ضَغْطٍ قِظ)[١][٢][٣].

الاستفال: نزمکردنەوەی کۆتایی زمانە لە کاتی دەربڕینی پیتەکە، وپیتەکانی تری زمانی عەرەبی دەگرێتەوە.

٧ و ٨- (الإطْبَاق) دژەکەی (الانْفِتَاح)ە.

الإطباق: لکاندنی زۆرینەی زمانە لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە مەڵاشوی سەرەوە (الحنك الأعلى)، وژمارەی پیتەکانی چوار پیتە، وئەوانیش: (ص ، ض ، ط ، ظ).

الانفتاح: دورخستنەوەی زمان یان زۆرینەیەتی لە مەڵاشوی سەرەوە (الحنك الأعلى) لە کاتی دەربڕینی پیتەکە، وژمارەی پیتەکانی (٢٥) پیتە، وپیتەکانی تری زمانی عەرەبی دەگرێتەوە.

---

(١) واتە: أ- لە گەرمای هاویندا لە خانویەکی قامیشی دروستکراوی تەسك وبچووکدا قایل ببە وقانەعەت بکە.

ب- بێدار بەرەوە لە بێ ئاگایی، وکردەوە بکە بۆ ڕۆژی دوایی، چونکە لە گۆڕدا گۆڕە وشار هەیە، و(قظ): بێداربەرەوە، و(ضغط): گوڕە وشار. (وەرگێڕ).

(٢) هەرگیز لارکردنەوە (الإمالة) لەم پیتانە ڕوونادات. (وەرگێڕ).

(٣) پیتی (کاف) و(تاء) سیفەتی (الهمس) و(الشدة)یان هەیە، بۆیە لە کاتی دەربڕیندا سیفەتی (الشدة) دەردەبڕدرێت لەبەر بەهێزی سیفەتی (الشدة)، پاشان سیفەتی (الهمس) دەردەبڕدرێت لەبەر لاوازی سیفەتی (الهمس). (وەرگێڕ).

٩ و ١٠- (الإذْلاَق) دژەکەی (الإصْمَات)ە[١]:

الإذلاق: دەربڕینی پیتە بە خێرایی وسوکی، کە لە پێشەوەی زمان یان لە هەردوو لێوەوە دەردەچن، وژمارەی پیتەکانی شەش پیتە، وکۆکراوەتەوە لە: (فَرَّ مِنْ لُبٍ)[٢]، هەندێکیان لە پێشەوەی زمانەوە دەردەچن، کە (ل ، ر ، ن)ن، وە هەندێکی تریان لە هەردوو لێوەوە دەردەچن کە (ف ، م ، ب)ن.

الإصمات: نەتوانینی قسەکەرە لە هێنانی وشەیەکی چوار پیتی یان پێنج پیتی کە پیتە بنەڕەتیەکانی (حروفها الأصلية) یەکێك لە پیتەکانی (الإذلاق) تێدا نەبێت، جگە لەوشەی (عَسْجَد)[٣]، وە وتراویشە ئەم وشەیە هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، وکراوە بە وشەی عەرەبی.

ب- سیفەتە بێ دژەکان (صفات غير متضادة): حەوت سیفەتن، کە ئەمانەن:

١- الصَّفِير. ٢- القَلْقَلَة. ٣- اللِّين. ٤- الانْحِرَاف. ٥- التَّكْرار. ٦- التَّفَشِّي. ٧- الاسْتِطَالَة.

١- الصَّفِير: دەنگێکە لە دەنگی بااڵندە دەچێت لەکاتی دەربڕینی پیتەکە، وژمارەی پیتەکانی سێ پیتن (ص ، س ، ز).

---

(١) هەندێك لە زانایانی تەجوید باسی (الإذلاق) و(الإصمات) نەکردووە، چونکە وتویانە ئەم دوو سیفەتە لە سیفاتی خودی پیتەکان نین، بەڵکو سیفەتی زیادەن، چونکە (الإذلاق) پەیوەندی بە دەرچوونی پیتەوە هەیە لە شێوێنی دەرچوونیان، وە (الإصمات)یش پەیوەندی بە بابەتی (الصَّرْف)ەوە هەیە. (وەرگێڕ).

(٢) واتە: أ- ئەی ئەو کەسەی عەقڵت هەیە بەرەو لای خوای پەروەردگار ڕابکە وبڕۆ.
ب- نەزان ڕادەکات لە دەست خاوەن زانست وزانا. (وەرگێڕ).

(٣) واتە: زێڕ، وە هەروەها وشەی (عَسَطُوس)یش، واتە: دار حەیزەران. (وەرگێڕ).

٢- **القَلْقَلَة**: شپرزە بوون و هەژاندنە لە شوێنی دەرچونی پیتەکە لەکاتی دەربڕینی پیتەکە، لەبەر بوونی هەردوو سیفەتی (الشدة) و(الجهر) لە پیتەکاندا، واتە لەبەر نەڕۆیشتنی دەنگ و هەناسەیە لەپیتەکاندا، وژمارەی پیتەکانی پێنج پیتن کۆکراوەنەتەوە لە: (قُطْبُ جَد)[١][٢].

وە قەلقەلە لە پیتی ساکندا دەنگێکی تایبەتی هەیە، دەنگەکە نە فەتحەیە ونە ضەمەیە ونە کەسرەیە، وە حەرەکەی پێشی هیچ کاریگەریەکی لەسەری نیە.

٣- **اللِّين**: بریتی یە لەوەی کە پیتی (و ، ي) ساکن بن وپێشیان فەتحەدار بێت لەبەر سوکی وئاسانی دەرچوونیان لەکاتی دەربڕیندا.

٤- **الانْحِرَاف**: سیفەتێکی خۆییە لە (ل ، ر) دا، بەشێوەیەك زمان لادەدات بەرەو شوێنی دەرچونی پیتی (نون) لە کاتی دەربڕیندا[٣].

---

(١) واتە: جەمسەری گەورەیی. (وەرگێڕ).

(٢) (قلقلة) دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، ئەوانیش:

١- **قەلقەلەی بچووك (القلقلة الصغرى)**: دروست دەبێت کاتێك پیتەکانی قەلقەلە ساکن بن وبکەوێتە ناوەڕاستی وشەوە، یان لە کۆتایی وشەدا بێت ولەسەریان نەوەستێنرێت.

وەك: ﴿خَلَقْنَا ، يَجْعَلُونَ ، وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا ، يَنقَلِبْ إِلَيْكَ﴾.

٢- **قەلقەلەی گەورە (القلقلة الكبرى)**: دروست دەبێت کاتێك پیتەکانی قەلقەلە ساکن بن وبوەستێنرێت لەسەریان بە سکون کردن، جا ئەگەر تۆندکراو بێت (مشدد) یان تۆندکراو نەبێت.

وەك: ﴿حَقٌّ ، وَتَبَّ ،ٱلْكِتَٰبَ ، لُوطٍ﴾. (وەرگێڕ).

(٣) لێرەدا دانەر چۆنێتی وشێوازی زمانمان بۆ دیاری دەکات لە کاتی دەربڕینی هەردوو پیتەکەدا، بەڵام جوانتر وابوو باسی چۆنێتی دەربڕینی دەنگەکەیان بکات، چونکە دەنگی پیتی (لام) لا دەدات بەرەو لای ڕاست وچەپ پاشان دەردەچێت، بەڵام دەنگی پیتی (ڕاء) کۆدەبێەوە وبەرەو پێشەوە دەردەچێت، چونکە بۆشاییەکی بچووك لە پێشەوەی زمان دروست دەبێت و لەو بۆشاییەوە دەردەچێت. (وەرگێڕ).

٥-التَّكْرار: دووبارەبونەوەی پیتەکەیە لە کاتی دەربڕیندا، ئەمیش یەک پیتە کە پیتی (ر)ە ، وە پێویستە واز بهێنرێت لەم سیفەتە[1]، بە شێوەیەک ئەگەر ویستمان پیتی (ر) دەربڕین ئەوا پێویستە پێشەوەی زمان بنوسێت بەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە مەڵاشووی سەرەوە (الحنك الأعلى)، وە چاوپۆشی کراوە کە یەک جار بلەرێتەوە.

٦- التَّفَشِّي: بریتیە لە بڵاوبونەوەی هەوا لە ناو دەم لە کاتی دەربڕینی پیتەکە، وە یەک پیتی هەیە، ئەویش: (ش)ە.

٧- الاسْتِطَالة: درێژکردنەوەی پیتە لە شوێنی دەرچونی، وە یەک پیتی هەیە، ئەویش: (ض)ە.

---

(١) وازهێنان لەم سیفەتە دروست نیە، چونکە ئەم سیفەتە سیفەتێکی خوێیە (اللازمة)، بۆیە جیا نابێتەوە لە پیتەکە، بەڵکو دەتوانرێت بوترێت ئەو کەسەی کە ئەم پیتە دەردەبڕێت ناگادارێت لە زیاتر دووبارەنەوەی لە یەک جار.(وەرگێڕ).

تێبینی: ئەو سیفەتانەی کە هەر پیتێك لە پیتەکان داوای دەکات وەی خوازێت:

دەبێت هەر پیتێك پێنج سیفەتی دژیەکی هەبێت، واتە: پێویستە هەر پیتێك دەبێت یەکێك لە سیفەتە دژیەکەکانی تێدا بێت، ئەگەر پیتێك سیفەتی (الهمس)ی تێدابوو ئەوە ڕێگرە لەوەی سیفەتی (الجهر)ی تێدابێت، وە ئەگەر سیفەتی (الشدة) یان (البینیة)ی تێدابوو ئەوە ڕێگرە لەوەی سیفەتی (الرخاوة)ی تێدابێت، وەك:

- **الباء:** وەسفکراوە بەوەی سیفەتی (الجهر ، الشدة ، الاستفال ، الانفتاح، الإذلاق) هەیە بۆیە ڕێگری دەکات لە دژەکانیان کە ئەوانیش: (الهمس ، الرخاوة، الاستعلاء ، الإطباق ، الإصمات)[1]ە.
- **الحاء:** وەسفکراوە بەوەی سیفەتی (الهمس ، الرخاوة ، الاستفال، الانفتاح ، الإصمات) هەیە بۆیە ڕێگری دەکات لە دژەکانیان کە ئەوانیش: (الجهر، الشدة ، الاستعلاء ، الإطباق ، الإذلاق)[2]ە.

پیتەکانی سیفەتە بێ دژەکان لە هەر پیتێکدا شەش سیفەتی تێدا بەدی دەکرێت: پێنجیان دژیەکن وپەکێکیان بێ دژە، جگە لە پیتی (راء) نەبێت کە حەوت سیفەتی تێدایە پێنجیان دژیەکە ودوانیان بێ دژە.

سەیری خشتەکە بکە کە بۆ شوێنی دەرچونی پیتەکان وسیفەتی پیتەکان کراوە، تێبینی ئەوە بکە کە پێنج سیفەتەکەی سەرەتا سیفەتە دژیەکەکانن.

---

(١) وەهەروەها ڕێگیری دەکات لەوەی کە سیفەتی (البینیة) شی تێدا بێت. (وەرگێڕ).

(٢) وەهەروەها ڕێگیری دەکات لەوەی کە سیفەتی (البینیة) شی تێدا بێت. (وەرگێڕ).

خشتەی شوێنی دەرچونی پیتەکان وسیفەتەکانیان بە گوێرەی رێکخستنی پیتەکانی زمانی عەرەبی

پیت	شوێنی دەرچوونی	ژمارەی سیفەت	سیفەتەکان
١- هەمزە	ئەو پەڕی قورگ.	٥	الجهر، الشدة، الاستفال، الانفتاح الإصمات.
٢- ئەلیف	لە بۆشایی قورگ و دەم.	٥	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٣- باء	لە دوو لێوەوە لەگەڵ داخستنی.	٦	الجهر، الشدة، الاستفال، الانفتاح، الإذلاق، القلقلة.
٤- تاء	پێشەوەی زمان لەگەڵ پووکی دووددانی سەرەوە.	٥	الهمس، الشدة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٥- ثاء	لە پشتی پێشەوەی زمان لەگەڵ نوکی دوو دانی سەرەوە.	٥	الهمس، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٦- جيم	لەناوەڕاستی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی کەلە بەرامبەریەتی لە مەڵاشووی سەرەوە (الحنك الأعلى).	٦	الجهر، الشدة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات، القلقلة.
٧- حاء	لە ناوەڕاستی قورگ.	٥	الهمس، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٨- خاء	نزیکترینی قورگ.	٥	الهمس، الرخاوة، الاستعلاء، الانفتاح، الإصمات

٩- دال	لەپێشەوەی زمان لەگەڵ پووکی دوو ددانی سەرەوە.	٦	الجهر، الشدة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات، القلقلة.
١٠- ذال	لە پشتی پێشەوەی زمان لەگەڵ نوکی ددانەکانی سەرەوە.	٥	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
١١- ڕاء	لە پێشەوەی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی کە لە بەرامبەریەتی لە کۆتایی مەڵاشوی سەرەوە.	٧	الجهر، البينية، الاستفال، الانفتاح، الإذلاق، الانحراف، التكرير.
١٢- زای	لە نێوان پێشەوەی زمان لەگەڵ نێوانی دوو ددانی سەرەوە وخوارەوە.	٦	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانقتاح، الإصمات، الصفير.
١٣- سین	لە نێوان پێشەوەی زمان لەگەڵ نێوانی دوو ددانی سەرەوە وخوارەوە.	٦	الهمس، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات، الصفير.
١٤- شین	لە ناوەڕاستی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی لە بەرامبەریەتی لە مەڵاشوی سەرەوە.	٦	الهمس، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات، التفشي.
١٥- صاد	لە نێوان پێشەوەی زمان لەگەڵ نێوانی دوو ددانی سەرەوە، وخوارەوە.	٦	الهمس، الرخاوة، الاستعلاء، الإطباق، الإصمات، الصفير.

١٦- ضاد	یەکێك لە لێوارەکانی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی لەبەرامبەریەتی لە ددانە خڕێکانی بەشی سەرەوە.	٦	الجهر، الرخاوة، الاستعلاء، الإطباق، الإصمات، الاستطالة.
١٧- طاء	لە پێشەوەی زمان لەگەڵ پووکی دوو ددانی سەرەوە.	٦	الجهر، الشدة، الاستعلاء، الإطباق، الإصمات، القلقلة.
١٨- ظاء	لە پشتی پێشەوەی زمان لەگەڵ نووکی دوو ددانی سەرەوە.	٥	الجهر، الرخاوة، الاستعلاء، الإطباق، الإصمات.
١٩- عەین	لە ناوەڕاستی قورگ.	٥	الجهر، البينية، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٢٠- غەین	نزیکترینی قورگ.	٥	الجهر، الرخاوة، الاستعلاء، الانفتاح، الإصمات.
٢١- فاء	لە ناوەوەی لێوی خوارەوە لەگەڵ لێواری دوو ددانی سەرەوە	٥	الهمس، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإذلاق.
٢٢- قاف	لە دوورترینی زمان لەگەڵ بەرزبونەوەی لەگەڵ ئەو بەشەی لەبەرامبەریەتی لە مەلاشوی سەرەوە.	٦	الجهر، الشدة، الاستعلاء، الانفتاح، الإصمات، القلقلة.
٢٣- كاف	لە دوورترینی زمان لەگەڵ نزمبوونەوەی لەگەڵ ئەو بەشەی کە لەبەرامبەریەتی لە مەلاشوی سەرەوە.	٥	الهمس، الشدة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.

٢٤- لام	لە نێوان هەردوو لێواری زمان لەگەڵ ئەو بەشەی لە بەرامبەریانە لە پوکی ددانەکانی سەرەوە.	٦	الجهر، البينية، الاستفال، الانفتاح، الإذلاق، الانحراف.
٢٥- میم	بە داخستنی هەردوو لێو.	٦	الجهر، البينية، الاستفال، الانفتاح، الإذلاق، الغنة.
٢٦- نون	لە پێشەوەی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی لە بەرامبەریەتی لە کۆتایی مەڵاشووی سەرەوە.	٦	الجهر، البينية، الاستفال، الانفتاح، الإذلاق، الغنة.
٢٧- هاء	دوورترینی قورگ.	٥	الهمس، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٢٨- واوێکی ساکن پێشی فەتحە بێت	بەکردنەوەی هەردوو لێو.	٦	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات، اللين.
٢٩- واوی جولاو	لە بۆشایی دەم وقورگ.	٥	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٣٠- واوی مەددی	لە بۆشایی قورگ ودەم.	٥	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٣١- یائێکی ساکن پێشی فەتحە بێت	لە ناوەڕاستی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی لە بەرامبەریەتی لە مەڵاشووی سەرەوە.	٦	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات، اللين.

٣٢- يائی جولاّو	لە ناوەڕاستی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی لە بەرامبەریەتی لە مەلاّشووی سەرەوە.	٥	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.
٣٣- يائی مەددی	لە بۆشایی قورگ ودەم.	٥	الجهر، الرخاوة، الاستفال، الانفتاح، الإصمات.

تێبینی: بزانە پیتی (م ، ن) سیفەتێکی خۆیی زۆر بەهێزیان تێدایە کە ئەویش مینگەیە (الغنة) بۆ خۆیی شوێنی دەرچوونی تایبەتی وەرگرتووە کە لە پێشتر لەگەڵ شوێنی دەرچوونی پیتەکان باسم کرد[1].

(١) جوانتر وابوو دانەر لەگەڵ سیفەتە بێ دژەکان باسی بکردایە، نەك لە کۆتاییدا بیهێنێت، وەکو پێشتر باسمان کرد مینگە (الغنة) لە ڕووی ئەوەی بەشێکە لە پیتی (میم) و (نون) ئەوا شوێنی دەرچوونە(المخرج) وە لە ڕووی درێژی و کورتیەوە سیفەتە بۆ پیتەکە. (وەرگێڕ).

دووەم: سیفەتە توشهاتووە زیادەکان (الصفات العارضة الزائدة):

قەڵەوکردن (التفخیم) وباریککردن (الترقیق):

١-قەڵەوکردن (التَّفْخِیم): بریتی یە لە قەڵەوکردنێك کە بەسەر پیتدا دێت، ئەمیش سیفەتێکی زیادەیە، وپیتەکانی قەڵەوکردن دوو بەشن:

أ- بەشێکیان بە بەردەوامی قەڵەون، ئەوانیش حەوت پیتەکەی (الاستعلاء)یە: (خُصَّ ضَغْطٍ قِظ).

ب- بەشێکی تریان هەندێ جار بە باریك وهەندێ جاریش بە قەڵەوی دەخوێندرێنەوە، ئەوانیش چوارن: (لام ، راء ، ئەلیف ، مینگە).

أ- **پیتەکانی (الاستعلاء):** پیتەکانی (الاستعلاء) بەردەوام قەڵەون، وبەهێزترین پلەکانی قەڵەوکردن لە پیتەکانی (الاستعلاء) بەم شێوەیە:

- ئەگەر پیتی (الاستعلاء) فەتحەدار بوو وە (ئەلیف)یشی بە دوادا هاتبێت، وەك:﴿وَٱلصَّٰٓئِمِينَ ، ٱلْغَآئِبِينَ ، لِلطَّآئِفِينَ﴾.
- پاشان ئەگەر پیتی (الاستعلاء) فەتحەدار بوو بەڵام (ئەلیف)ی بە دوادا نەهاتبێت، وەك: ﴿ضَرَبَ، طَبَعَ ، دَخَلُواْ﴾.
- پاشان ئەگەر پیتی (الاستعلاء) ضـــەمەدار بـوو وەك: ﴿ضُرِبَ ، طُوبَىٰ ، قُولُوٓاْ﴾.
- پاشان ئەگـەر پیتـی (الاستعلاء) کەسـرەدار بـوو وەك: ﴿دُخِلَتْ ، قِسْمَةٌ ، ضِيزَىٰٓ﴾.

ئەمە نزمترین پلەی قەڵەوییە.

تێبینی: ئەگەر پیتی (الاستعلاء)كه ساكن بوو ئەوا پلەی قەڵەوكردنەكه بە گوێرەی حەرەكەی پیتەكەی پێشی دەبێت[1].

- ئەگەر پیتی (الاستعلاء) ساكنەكه لە دوای فەتحەوه هاتبوو، وەك: ﴿مَطْلَعِ ٱلْفَجْرِ ، مَغْرِبَ ٱلشَّمْسِ﴾ ئەوا له پلەی دووەمدایه.
- ئەگەر پیتی (الاستعلاء) ساكنەكه له دوای ضەمەوه هاتبوو وەك: ﴿ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ، مُّقْمَحُونَ﴾ ئەوا له پلەی سێیەمدایه.
- ئەگەر پیتی (الاستعلاء) ساكنەكه له دوای كەسرەوه هاتبوو وەك: ﴿إِخْرَاجٍ ، إِطْعَٰمٌ﴾ ئەوا لەپلەی چوارەمدایه.

ب- ئەوپیتانەی هەندێ جار قەڵەودەكرێن و هەندێ جار باریك دەكرێن: ئەوانیش چوارن: (راء ، لام ، ئەلیف ، مینگه (الغنه)).

یەكەم: قەڵەوكردنی (ڕاء) وباریككردنی(تفخیم الراء وترقیقها)[2]:

پیتی (ڕ) دەكەوێته كۆتایی وشه یان سەرەتا وناوەڕاستی وشەوه.

(ڕاء)ی پەڕگیر (المتطرف): ئەو (ڕاء)ەیه كه دەكەوێته كۆتایی وشه.

(ڕاء)یێك پەڕگیر نەبێت (غیر المتطرف): ئەو (ڕاء)ەیه كه له سەرەتای وشه یان له ناوەڕاستیدایه.

---

(١) باشتر و تەواوتر وایه دانەر ئەم پلەی قەڵەوكردنەی له دوای پلەی پیتی (الاستعلاء) كاتێك ضەمەدارە دابنایه، بەڵكو هەر سێ حەرەكەكه كه له پێش پیتی ساكندایه له یەك پلەدان، وه هەروەها نابێت بوترێت ساكن به گوێری ئەو حەرەكەیەیه كه له پێشێتی به بێ ئەوەی ڕەچاوی حەرەكەی پێشی بكرێت. (وەرگێڕ).

(٢) بنچینه له پیتی (ڕاء) قەڵەوكردنه. (وەرگێڕ).

أ- (ڕاء) قەڵەو دەکرێت لە سەرەتا یان لە ناوەڕاستی وشە لە حەوت باردا:

١- ئەگەر پیتی (ڕ) فەتحەدار بوو : ﴿رَحْمَةِ رَبِّكَ ، أَرَءَيْتَ ، أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ﴾.

٢- ئەگەر پیتی (ڕ) ضەمەدار بوو : ﴿كَفَرُوا ، ٱلرُّعْبَ ، رُوحُ ٱلْقُدُسِ﴾.

٣- ئەگەر پیتی (ڕ) ساکن بێت وپێشەکەی فەتحە بێت : ﴿أَرْسَلْنَا ، أَرْبَعِينَ ، مَرْجِعُكُمْ﴾.

٤- ئەگەر پیتی (ڕ) ساکن بێت وپێشەکەی ضەمە بێت: ﴿ٱلْمُرْسَلُونَ ، وَقُرْءَانَ ، بِقُرْبَانٍ﴾.

٥- ئەگەر پیتی (ڕ) ساکن بێت وپێشەکەی کەسرەیەکی توشهاتوو (العارضة) بێت: ﴿ٱرْكَعُوا ، ٱرْجِعُوٓا ، ٱرْكَبُوا﴾.

وەکەسرەی توشهاتوو ئەو کەسرەیەیە کە نامێنێت کاتێک دەگەیەنرێت بە پێشی خۆی، ولە هەمزەی گەیاندنا (همزة الوصل) هەیە.

٦- ئەگەر پیتی (ڕ) ساکن بێت وپێشەکەی کەسرەیەکی لەیەک جیاکراو بێت (المُفصَّل)[1]: ﴿ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ ، إِنِ ٱرْتَبْتُمْ ، رَبِّ ٱرْجِعُونِ﴾[2].

---

(١) کەسرەی لەیەک جیاکراو (الكسر المفصَّل): ئەو کەسرەیەیە لە کۆتایی وشەوە دێت و(راء)یکی ساکنیش لە سەرەتای ئەو وشەیەوە دێت کە دەکەوێتە دوای کەسرەکەوە.

(٢) چونکە ئەوەی کاریگەری لەسەر پیتی (ڕاء) دروست دەکات لە ڕووی قەڵەوکردن وباریککردنەوە دەبێت تەنها لە خودی وشەکەدا بێت، بەڵام ئەگەر کەوتە وشەیەکی دیکەوە ئەوا کاریگەری لەسەر پیتی (ڕاء) دروست ناکات. =

٧- ئەگەر پیتی (ڕ) ساکن بێت وپێشەکەی کەسرەیەکی بنەڕەتی (الأصلي) بێت، ودوای (ڕاء)ەکە پیتی (الاستعلاء)ی کەسرەدار نەبێت: ﴿ قِرْطَاسٍ[١]، فِرْقَةٍ[٢] ، وَإِرْصَادًا[٣] ، مِرْصَادًا[٤]، لِّلْمِرْصَادِ[٥] ﴾، تەنها ئەم پێنج ووشە هەیە لە قورئاندا و شەشەمی نیە لە قورئاندا.

وە کەسرەی بنەڕەتی (الأصلي) لە سەرەتای دەستپێکردن وڕۆیشتندا دەخوێندرێتەوە.

ب- باریککردنی (ڕاء) لە کۆتایی وشە نەبێت: (ڕاء) بچوک دەکرێت کاتێک نەکەوتبێتە کۆتایی وشەوە، ئەویش لە دوو باردا:

١- ئەگەر پیتی (ڕ) کەسرە داربوو: ﴿مِنْ أَمْرِنَا ، مَّرِيجٍ ، مِنْ غَيْرِكُمْ ﴾.

٢- ئەگەر پیتی (ڕ) ساکن بێت وپێشەکەی کەسرەیەکی بنەڕەتی (الأصلي) بێت، وپیتی (الاستعلاء) لە داوی (ڕاء)ەکەوە نەهاتبێت: ﴿ وَجَآءَ فِرْعَوْنُ ، أُوْلِي ٱلْإِرْبَةِ ، شِرْعَةً ﴾.

= وە هەڕوەها دەتوانرێت لە نموونەی: ﴿إِنِ ٱرْتَبْتُمْ ﴾ بوترێت پیتی (ڕاء)ەکە بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە بە هۆی گەیشتنی دوو ساکن بە یەکتری (التقاء الساكنين) کە ساکنی یەکەم دەکرێت بە کەسرەیەکی توشهاتوو (العارضة)، واتە: کەسرەیەکی بنەڕەتی (أصلي) نیە. (وەرگێڕ).

(١) سوڕەتی الأنعام: ٧.

(٢) سوڕەتی التوبه: ١٠٧.

(٣) سوڕەتی الفجر: ١٤.

(٤) سوڕەتی التوبة: ١٢٢.

(٥) سوڕەتی النبأ: ٢١.

ج- دروستی قەڵەوکردن وباریککردنی (راء) کاتێك لە کۆتایی وشە نەبێت: دەتوانرێت (ڕ) بە قەڵەوی وباریکی بخوێندرێتەوە کاتێك لە کۆتایی وشەدا نەبێت، ئەگەر پیتی (ڕ) ساکن بێت وپێشەکەی کەسرەیەکی بنەڕەتی (الأصلي) بێت، دوای پیتی (ڕ)ەکە پیتی (الاستعلاء)ی کەسرەدار بێت، ئەمەش لە یەك وشەدا هەیە کە: ﴿ فِرْقٍ ﴾ە[1] کە دووەمی لە ناو قورئاندا نیە، دەتوانرێت هەردوو شێوەکەی تێدا بخوێندرێتەوە لەکاتی ڕۆیشتن ووەستاندا[2].

د- قەڵەوکردنی (راء)ی پەڕگیر (المتطرف): ئەو (ڕ)ەی دەکەوێتە کۆتایی وشەوە قەڵەو دەکرێت ئەگەر پیتی (ڕ) ساکن بێت وپێشەکەی فەتحە بێت، وەك: ﴿ فَمُسْتَقَرٌّ ، وَلَا نَذَرُ ، لِلْبَشَرِ ، وَٱلْعَصْرِ ، بِٱلصَّبْرِ ﴾[3]، یان ئەلیف لە پێشیەوە بێت، وەك: ﴿ مَعَ ٱلْأَبْرَارِ ، عَذَابَ ٱلنَّارِ ، بِٱلْأَسْحَارِ ﴾، یان ضەمە

---

(١) سورەتی الشعراء: ٦٣.

(٢) لە کاتی ڕۆیشتندا دەتوانرێت بە قەڵەوی وباریکی بخوێندرێتەوە، ولە پێشتریشە بە باریکی بخوێندرێتەوە، بەڵام لە کاتی وەستاندا زانایان بەم شێوازە باسیان کردووە: ئەگەر کەسێك ویستی لە کاتی ڕۆیشتندا بە قەڵەوی بیخوێنێتەوە ئەوا لە کاتی وەستانیشدا بۆی هەیە تەنها بە قەڵەوی بیخوێنێتەوە، ئیتر جیاوازی نیە بە سکونی تەواو لەسەری دەوەستێت یان بە ڕەومکردن (الرَّوم)، بەڵام ئەگەر ویستی لە کاتی ڕۆیشتندا بە باریکی بیخوێنێتەوە ئەوا لە کاتی وەستاندا بۆی هەیە بە قەڵەوی وبە باریکیش بیخوێنێتەوە ئەگەر وەستانەکە بە ڕەوم بوو، بەڵام ئەگەر بە سکونی تەواو بوو ئەوا بۆی هەیە تەنها بە باریکی بیخوێنێتەوە. بڕوانە کتێبی: (هداية القاري: ١٢٨). (وەرگێڕ).

(٣) لەم دوو نموونەیەدا: ﴿وَٱلْعَصْرِ ، بِٱلصَّبْرِ﴾ پیتی (ڕ) ساکنە ولە پێشیەوە پیتێکی ساکن هاتووە، وە لە پێشی ئەویشەوە پیتێکی فەتحەدار هاتووە، بۆیە بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

له پێشیەوە بێت، وەك: ﴿بِٱلنُّذُرِ ، وَسُعُرٍ ، وَدُسُرٍ ، ٱلْيُسْرَ ، ٱلْعُسْرَ ، خُسْرٍ﴾[١]، یان (واو) له پێشیەوە بێت، وەك: ﴿وَٱلطُّورِ ، مَّسْطُورٍ ، مَّنشُورٍ﴾.

هـ- **باریككردنی (ڕاء)ی پەڕگیر (المتطرف)**: ئەو(ڕ)ی كە دەكەوێتە كۆتایی وشەوە باریك دەكرێت ئەگەر پیتی (ڕ) ساكن بێت لە پێشیەوە كەسرە یان (یاء)ی ساكن بێت، وەك: ﴿قُدِرَ ، مُّدَّكِرٍ ، كُفِرَ ، ٱلسِّحْرَ ، ٱلذِّكْرُ[٢] ، خَيْرٌ ، خَبِيرٌ ، بَصِيرٌ﴾.

و- **دروستی قەڵەوكردن وباریككردنی (ڕاء)ی پەڕگیر**: دەتوانرێت پیتی (ڕ) بە قەڵەوی وباریكی بخوێنرێتەوە لە هەردوو وشەی ﴿ٱلْقِطْرِ﴾[٣]، ﴿مِّصْرَ﴾[٤][٥] لە كاتی وەستان لەسەریان، چونكە (ڕ) ساكنە لە دوای پیتێكی (الاستعلاء)ی ساكنەوە هاتووە، كە پێشەكەی كەسرەدارە.

---

(١) لەم سێ نموونەیەدا: ﴿ٱلْيُسْرَ ، ٱلْعُسْرَ ، خُسْرٍ﴾ پیتی (ڕ) ساكنە ولە پێشیەوە پیتێكی ساكن هاتووە، وە لە پێشی ئەویشەوە پیتێكی ضەمەدار هاتووە، بۆیە بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

(٢) لەم دوو نموونەیەدا: ﴿ٱلسِّحْرَ ، ٱلذِّكْرُ﴾ پیتی (ڕ) ساكنە ولە پێشیەوە پیتێكی ساكن هاتووە، وە لە پێشی ئەویشەوە پیتێكی كەسرەدار هاتووە، بۆیە بە باریكی دەخوێندرێتەوە، بەڵام بە مەرجێك ئەو پیتە ساكنەی پێش پیتی(ڕ)ەكە پیتی (الاستعلاء) نەبێت. (وەرگێڕ).

(٣) سورەتی سبأ: ١٢.

(٤) لە هەر كوێی قورئاندا هاتبێت.

(٥) لە هەردوو نموونەی: ﴿ٱلْقِطْرِ ، مِّصْرَ﴾ ئەوەی قەڵەوی دەكات پەچاوی پیتە (استعلاء)ەكە دەكات، وئەوەیشی باریكی دەكات پەچاوی كەسرەی پێش (ڕ)ەكە دەكات، بۆیە باشتر وجوانتر وایە بەو شێوازە بخوێندرێتەوە كە لە كاتی ڕۆیشتندا دەخوێندرێتەوە، واتە: ئەگەر لە كاتی ڕۆیشتندا بە قەڵەوی بخوێندرێتەوە ئەوا باشتر وایە لە كاتی وەستانیشدا بە قەڵەوی =

❖ ئەگەر پیتی (یاء) لە دوای پیتی (ڕاء) سڕابووەوە، وئەگەر وەستێنرا لەسەر (ڕاء)ەکە بە سکون ئەوا دروستە بە هەردوو شێوەکە بخوێندرێتەوە، ئەمەش لەم وشانەدا هاتووە: ﴿إِذَا يَسْرِ ،أَنْ أَسْرِ ، فَأَسْرِ ﴾، و ﴿وَنُذُرِ﴾[١] کە پیتی (واو) لەپێش نموونەکەوە هاتووە لە شەش شوێنی سورەتی (القمر).

ئاگادارکردنەوەیەک لەسەر پیتی (ڕاء)ی پەڕگیر: ئەگەر (ڕ)ی پەڕگیر گەیەنرا (وُصِلَ) بە دوای خۆی ئەوا قەڵەو دەکرێت ئەگەر (ڕاء)ەکە فەتحە یان ضەمەدار بێت ، وباریك دەکرێت ئەگەر (ڕاء)ەکە کەسرەدار بێت.

دووەم: قەڵەوکردنی (لام) وباریککردنی (تفخيم اللام وترقيقها)[٢][٣]:

(ل) قەڵەو دەکرێت لە (اللّٰه) کاتێك پێشەکەی کەسرە نەبێت، واتە ئەگەر لە سەرەتاوە هاتبوو یان فەتحە یان ضەمە لەپێشیەوە هاتبێت[٤].

= بخوێندرێتەوە، وە ئەگەر لە کاتی گەیاندنا بە باریکی خوێندرایەوە ئەوا باشتر وایە لە کاتی وەستانیشدا بە باریکی بخوێندرێتەوە، ئەمیش وتەی هەڵبژێردراوی پێشەوا (ابن الجزري)یە. (وەرگێڕ).

(١) ئەوەی بە باریکی دەیخوێنێتەوە پەچاوی بنەڕەتی وشەکان دەکات، کە ئەویش پیتێکی (یاء)یکی سڕاوە هەیە لە بنەڕەتی وشەکە کە دەکەوێتە دوای (ڕاء)ەکە، وە ئەو کەسەیش بە قەڵەوی دەیخوێنێتەوە پەچاوی بنەڕەتی وشەکان ناکات، بەڵکو (ڕاء)ەکە بە پیتێکی ساکنی توشهاتوو (عارض) دادەنێت، لە پێشتریش وایە بە باریکی بخوێندرێتەوە لە کاتی وەستان لەسەریان. (وەرگێڕ).

(٢) جوانتر وباشتر وابوو پیتی (لام) لە زمانی عەرەبیدا وشەی (تَغْلِيظ)ی بۆ بەکار بهێنرێت، نەوەك (تفخيم)، ئەمەش وتەی (علي محمد الضبَّاع)ە لە کتێبی: (الإضاءة في أصول القراءة). (وەرگێڕ).

(٣) بنچینە لە پیتی (لام) باریککردنە. (وەرگێڕ).

(٤) ئەگەر ئەلیف یان (واو) لە پێشیەوە هاتبێت ئەوا هەر بە قەڵەوی دەخوێندرێتەوە، چونکە فەتحە لە پەگەزی ئەلیفە، وضەمەیش لە پەگەزی (واو)ە. (وەرگێڕ).

وەك: ﴿ ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾ ، ﴿ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ ﴾ ، ﴿ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ ﴾، ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ ، ﴿ كَانَ ٱللَّهُ ﴾ ، ﴿ رَسُولُ ٱللَّهِ ﴾ ، ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ ﴾.

وە بە باریکی دەخوێندرێتەوە ئەگەر لەدوای کەسرەوە هات: ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ ﴾ ، ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ ﴾ ، ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ ﴾، ﴿ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ ﴾[1].

سێیەم: قەڵەوکردنی ئەلیف و باریککردنی (تفخيم الألف وترقيقها):[2]

ئەلیف قەڵەو دەکرێت لە دوای پیتە قەڵەوەکان، وباریك دەکرێت لە دوای پیتە باریکەکان، واتە قەڵەو دەکرێت لە دوای پیتی (الاستعلاء) ولە دوای (لام)ی وشەی (الله) کە پێشی کسرە نەبێت، وە لە دوای (ڕاء)یێك کە (إمالة)[3] نەکرابێت، وەك: ﴿ ٱلظَّانِّينَ ، وَلَوْ تَرَىٰٓ ، قَالَ ٱللَّهُ ، يُرِيدُ ٱللَّهُ ﴾، وە باریك دەکرێتەوە لە جگە لەوانەی پێشوتر کە باسکران، وەك: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ ﴾.

چوارەم: قەڵەوکردنی مینگە وباریککردنی (تفخيم الغنة وترقيقها):

مینگە قەڵەو دەکرێت ئەگەر نونی ساکن یان تەنوین شاردرایەوە لە یەکێك لە پیتەکانی (الاستعلاء)، کە ئەوانیش: (ص ، ض ، ط ، ظ ، ق)

---

(١) ئەگەر (یاء) لە پێشیەوە هاتبێت ئەوا هەر بە باریکی دەخوێندرێتەوە، چونکە کەسرە لە ڕەگەزی (یاء)ە. (وەرگێڕ).

(٢) یاسایەك بۆ ئەلیف هەیە ئەویش : (الألف تابعة لما قبلها تفخيماً و ترقيقاً) واتا : ئەلیف شوێنی پ﴾ش خۆی دەکەوێت لە ڕووی قەڵەوی و باریکی پیتەکەوە.

(٣) دانەر مەبەستی لە وشەی: ﴿ مَجْرٖىٰهَا ﴾یە کە ئەلیفەکە بە لارکردنەوەی گەورە (الإمالة الكبرى) دەخوێندرێتەوە، واتە (إمالة)کە وەکو پیتی (ىٓ)ی کوردی دەردەبڕدرێت بۆیە ئەو لارکردنەوەیە (إمالة) کە لە پیتی ئەلیفدا دەکرێت وا لە پیتی (ڕاء)ەکەی پێشی دەکات بە باریکی بخوێندرێەوە. (وەرگێڕ).

وەك: ﴿يُنصَرُونَ ، مِّن صِيَامٍ ، وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ ، مِّن ضَعْفٍ ، مَّنضُودٍ ، مُّسْفِرَةٌ ضَاحِكَةٌ ، يَنطِقُونَ ، مِّن طِينٍ ، مُبَـٰرَكَةً طَيِّبَةً ، يَنظُرُونَ ، مَن ظَلَمَ ، ظِلًّا ظَلِيلًا ، أَن قَالُواْ ، يَنقَلِبُونَ ، كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا﴾.

وە باریك دەكرێت جگە لەوانەی پێشوو كە باسكران، وەك: ﴿ٱلْإِنسَـٰنُ ، كُنتُمْ ، مِن شَيْءٍ ، أَنفَقْتُم﴾.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

تێهەڵکێش کردن وبەشەکانی (الإدغام وأقسامه)

تێهەڵکێش کردنی گشتی (الإدغام العام): برتیی یە لە وەی پیتی یەکەم وەکو پیتی دووەمی لێبکرێت، ودەردەبڕێت وەکو پیتێکی تۆندکراو (مشدد) وەک دووەم پیت بێت، وئەمەیش دوو بەشە: گەورە (کبیر)، وبچوک (صغیر).

تێهەڵکێش کردنی گەورە (الإدغام الكبير)[1]: گەیشتنی پیتێکی جولاّوە (متحرك) بە پیتێکی تری جولاّو، بە شێوەیەک کە ببنە پیتێکی تۆندکراو (مشدد).

تێهەڵکێش کردنی بچوک (الإدغام الصغير): گەیشتنی پیتێکی ساکنە بە پیتێکی تری جولاّو، بە شێوەیەک ببنە پیتێکی تۆندکراو (مشدد)، ئەمیش دابەش دەبێت بۆ سێ بەش: لە یەکچوو (متماثل) ، هاو ڕەگەز (متجانس)، لە یەک نزیك (متقارب).

تێهەڵکێش کردنی گەورە (الإدغام الكبير): لە خوێندنەوەی (حفص)دا نموونەی بو ئەم تێهەڵکێشکردنە لە ناو قورئاندا هەیە وهاوشێوەی (١٠) قورئان خوێنەکە کە تێهەڵکێشی گەورەی دەکەن[2] لە: ﴿مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَىٰ يُوسُفَ﴾[3]

---

(١) بۆیە پێی دەوترێت تێهەڵکێشکردنی گەورە، لەبەر زۆر دووبارەبوونەوەی، بە پێچەوانەی تێهەڵکێشکردنی بچووك، کە کەمتر دووبارە دەبێتەوە. (وەرگێڕ).

(٢) دانەر دەبوایە بیوتبایە: جگە لە خوێندنەوەی (أبو جعفر المدني) نەبێت کە یەکێکە لە (١٠) قورئان خوێنەکە، چونکە پێشەوا (أبو جعفر المدني) بە تێهەڵکێش کردنێکی پوخت وتەواو (الإدغام المَحْض) خوێندویەتیەوە، واتە بە بێ (الإشمام) و(الاختلاس) کردن. (وەرگێڕ).

(٣) سورەتی یوسف: ١١.

لەگەڵ ئەوەی بە پێویستیان داناوە بە (الإشْمَام) یان بە (الاخْتِلاس)[١][٢] بخوێندرێتەوە، بە شێوەیەك كە (لا)ی نەرێ كردنە (نافية)، وشەی (تأمن) (نون)ەكەی لە ڕووی (إعراب)ەوە مەرفوعە، بۆیە (نون)ە مەرفوعەكە تێهەڵكێش كراوە لەو (نون)ەی كە لە دوایەوە هاتووە، وە هەروەها نموونەیەكی تر لە تێهەڵكێش كردنی گەورە وشەی: ﴿مَا مَكَّنِّي﴾، لە بنچینەدا (مَا مَكَّنَنِي) بووە، وە هەروەها وشەی: ﴿أَتُحَاجُّونِّي﴾ لە بنچینەدا (أَتُحَاجُّونَنِي) بووە، لەخوێندنەوەی (حفص)دا نموونەی تێهەڵكێش كردنی گەورە نیە لە جۆری هاو ڕەگەز (متجانس) و لە یەك نزیك (متقارب).

تێهەڵكێش كردنی بچوك بە هەر سێ جۆرەیەكەوە: لە یەكچوو (متماثل) ، هاو ڕەگەز (متجانس)، لە یەك نزیك (متقارب):

١- **لە یەكچوو (المتماثل)**: بریتی یە لەو تێهەڵكێش كردنەی كە لە نێوان دوو پیتی لێكچوو لە ڕووی شوێنی دەرچوون (المخرج) وسیفەتەوە (الصفة) وەك یەك بن، وەك:

﴿فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (رَبِحَتِّجَارَتُهُمْ).

﴿طَلَعَت تَّزَٰوَرُ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (طَلَعَتَّزَاوَرُ).

﴿وَقَد دَّخَلُواْ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَقَدَّخَلُوا).

﴿إِذ ذَّهَبَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (إِذَّهَبَ).

---

(١) الاختلاس: هێنانی بەشێك لە حەرەكەیە.

(٢) الاختلاس: دەربڕینی (٢/٣)ی حەرەكەیەكە، واتە: حەرەكەكە بكرێت بە سێ بەشەوە دوو بەشی دەربڕدرێت. (وەرگێڕ).

﴿يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (يُدْرِكُّمُ المَوْتُ).

﴿قُل لَّآ أَقُولُ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (قُلَّآ أَقُولُ).

(فاء) لەگەڵ (فاء)دا: ﴿فَلَا يُسْرِف فِّي ٱلْقَتْلِ﴾.

(باء) لەگەڵ (باء)دا: ﴿ٱذْهَب بِّكِتَٰبِي ، ٱضْرِب بِّعَصَاكَ﴾.

(واو)ی ساکن پێشی فەتحە بێت لەگەڵ (واو)دا: ﴿عَفَوا وَّقَالُوا﴾.

(میم) لەگەڵ (میم)دا: ﴿قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ﴾.

(نون) لەگەڵ (نون)دا: ﴿لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ﴾.

تێهەڵکێش لە (واو) و(یاء)ی مەددیدا نیە کە بگەن بە هاوشێوەی خۆی[1]، وەک: ﴿ءَامَنُوا وَعَمِلُوا ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾، ﴿ٱلَّذِي يُوَسْوِسُ﴾.

٢- هاو رەگەز (المتجانس): تهێڵکێشکردنی دوو پیتە کە هەمان شوێنی دەرچوونیان هەیە بەڵام لە سیفەتدا جیاوازن، وئەمەش لە پیتەکانی پێشەوەی مەڵاشوو (النِّطْعية)، وپووك (اللِّثَوية)، ولێو (الشَّفَوية) ڕوودەدات.

- پیتەکانی پێشەوەی مەڵاشوو (الأحراف النِّطْعية): (تاء) تێهەڵکێش دەکرێت لە (طاء)، وە بە پێچەوانەشەوە، وە (تاء) تێهەڵکێش دەکرێت لە (دال)، وەبە پێچەوانەیشەوە.

---

(١) چونکە شوێنی دەرچوونیان (المخرج) جیاوازە، پیتی (واو)ی مەددی شوێنی دەرچوونی لەبۆشایی قورگ ودەمدایە (الجوف) بەڵام (واو)ەکەی دوای (واو)ە مەددیەکە شوێنی دەرچوونی لەهەردوو لێوەوە دەردەچێت (الشفتان)، وە هەروەها پیتی (یاء)ی مەددی شوێنی دەرچوونی لە بۆشایی قورگ ودەمدایە (الجوف)، بەڵام (یاء)ەکەی دوای ئەو شوێنی دەرچوونی لە ناوەڕاستی زماندایە (وسط اللسان)، وە هەروەها دریژکردنەوەکەیش لە پیتی مەددا بەربەستی سەرەکییە. (وەرگێڕ).

- پیتەکانی پووک (الأحراف اللِّثوية): (ثاء) تێهەڵکێش دەکرێت لە (ذال)، وە (ذال) تێهەڵکێش دەکرێت لە (ظاء).
- پیتەکانی لێوی (الأحرف الشفوية): (باء) تێهەڵکێش دەکرێت لە (میم)دا.

أ- نموونە لەسەر پیتەکانی پێشەوەی مەڵاشوو:

- (تاء) لە (طاء):

﴿ وَدَّت طَّآئِفَةٌ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَدَطَّآئِفَةٌ).

﴿ وَقَالَت طَّآئِفَةٌ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَقَالَطَّآئِفَةٌ).

﴿ هَمَّت طَّآئِفَةٌ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (هَمَّطَّآئِفَةٌ).

﴿ فَآمَنَت طَّآئِفَةٌ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (فَآمَنَطَّآئِفَةٌ).

﴿ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٌ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَكَفَرَطَّآئِفَةٌ).

- (طاء) لە (تاء)[1]:

﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (لَئِن بَسَطْتُ).

﴿ فَرَّطتُّمْ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (فَرَّطْتُمْ).

﴿ أَحَطتُ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَحْطْتُ).

﴿ فَرَّطتُ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (فَرَّطْتُ).

---

(١) ئەم تێهەڵکێشکردنە پێی دەوترێت تێهەڵکێشکردنی ناتەواو (الإدغام الناقص) کە خودی پیتەکە دەمێنێت، بەڵام سیفەتی قەلقەلەی تێیدا نامێنێت، وە یاسایەکیش هەیە بۆ ئەمە کە دەڵێت: (تُطْبِقُ بالطاء وتَفْتَحُ بالتاء)، واتە: بە پیتی (طاء) دەست پێدەکرێت وبە پیتی (تاء) دەردەبردرێت. (وەرگێڕ).

- (تاء) له (دال):

﴿أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أُجِيبَدَّعْوَتُكُمَا).

﴿أَثْقَلَت دَّعَوَا﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَثْقَلَدَّعَوَا).

- (دال) له (تاء):

﴿قَد تَّبَيَّنَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (قَتَّبَيَّنَ).

﴿عَقَدتُّمُ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (عَقَتُّمُ).

ب- نموونە لەسەر پیتەکانی پووک (الأحرف اللثوية):

- (ثاء) له (ذال):

﴿يَلْهَث ذَّٰلِكَ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (يَلْهَذَّلِكَ).

- (ذال) له (ظاء):

﴿إِذ ظَّلَمُوٓاْ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (إِظَّلَمُوا).

﴿إِذ ظَّلَمْتُمْ﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (إِظَّلَمْتُمْ).

ج-نموونە لەسەر پیتەکانی لێوی (الأحرف الشفوية):

- (باء) له (میم):

﴿ٱرْكَب مَّعَنَا﴾ ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ(ارْكَمَّعَنَا) [1].

---

(١) دەبێت ڕەچاوی قەڵەوکردنی پیتی (ڕاء) بکرێت، چونکە وشەکە بە کەسرەیەکی توشهاتوو (العارضة) دەست پێدەکات کە دەکەوێتە پێش (ڕاء)ەکەوە. (وەرگێڕ).

٣- لە یەك نزیك (المتقارب): تێهەڵكێش كردنی دوو پیتە كە لە ڕووی شوێنی دەرچوون وسیفەتەوە لە یەك نزیكن:

أ- (لام) لە (ڕاء)[1]:

﴿ وَقُل رَّبِّ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَقُرَّبِّ).

ب- (قاف) لە (كاف):

﴿أَلَمْ نَخْلُقكُّم ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَلَمْ نَخْلُكُّم).

ج- (نون) لە پیتەكانی (وَيَرْمَل):

﴿مِن يَوْمِهِمُ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (مِيـــوَمِهِم). مینگە

﴿بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (بِفَاحِشَتِمُّبَيِّنَةٍ).

تێهەڵكیش كردنی ناتەواو (الإدغام الناقص): تێهەڵكێش كردنی خودی پیتەكە (ذات الحرف) بەڵام سیفەتەكەی دەمێنێت لەگەڵ پیتەكەی دوای خۆی، ئەمەش لەسێ پیت دەبێت ئەوانیش:

- (نون) لە (واو) یان لە (یاء): وەك:

﴿مِن وَاقٍ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (مِـــوَاقٍ). مینگە

﴿ وَمَن يَعْمَلْ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَمَـيـــعْمَلْ). مینگە

---

(١) بەڵام تێهەڵكێش كردنی (ڕاء) لە (لام)دا ڕوونادات، لەبەر ئەوەی یاسایەكمان هەیە، ئەویش ئەوەیە: پیتێك سیفەتی بەهێزی هەبێت تێهەڵكێش ناكرێت لە پیتێك سیفەتی لاوازی هەبێت، بۆیە پیتی (ڕاء) سیفەتی (التكریر)ی هەیە كە سیفەتێكی بەهێزە، جگە لەوەی كە بە ڕیوایەت بۆمان هاتووە كە تێهەڵكێش كردن ڕووی دابێت، وەك:﴿أَحَطتُ ﴾ . (وەرگێڕ).

- (طاء) له (تاء): وەك:

﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (لَئِنْ بَسَطْتُ).

- (قاف) له (كاف) به یەكێك لەو دوو شێوەیەی كە دەخوێندرێتەوە:

﴿ أَلَمْ نَخْلُقكُّم ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَلَمْ نَخْلُكُّم)[1].

وە شێوەی دووەمی: تێهەڵكێش كردنی تەواوە بە (كاف)ێكی تەواو، ودەخوێندرێتەوە بە: (أَلَمْ نَخْلُكُّمْ).

تێبینی ئەوە دەكرێت لە كاتی تێهەڵكێش كردنی (طاء) لە (تاء)، و(قاف) لە (كاف) قەلقەلەی لەگەڵدا نیە[2]، وەبە (طاء) دەست پێ دەكرێت پاشان بە (تاء) كۆتایی دێت، وە بە (قاف) دەست پێ دەكرێت پاشان بە (كاف) كۆتایی دێت، بە بێ جیاكردنەوە لە نێوان دوو پیتەكە بە تایبەت لە دوو نموونەی كۆتاییدا.

تێهەڵكیش كردنی تەواو (الإدغام الكامل): تێهەڵكێش كردنی خود وسیفەتی پیتەكەیە بە پیتەكەی دوای خۆی، ونموونەی ئەم تێهەڵكێش كردنە هەمووی لە نموونەكانی تێهەڵكێش كردن هات.

---

(١) دانەر لێرەدا نەیێكاوە، چونكە ئەم شێوازەیان لە ڕیوایەتی (حفص عن عاصم) نەگێڕدراوەتەوە، نە لە ڕێگەی (الشاطبية)ەوە، وە نە لە ڕێگەی (الطيبة)شەوە، بۆیە تەنها شێوازی تێهەڵكێش كردنی تەواوی (الإدغام الكامل) تێدا دروستە. بڕوانە كتێبی (صريح النص)ی (علي محمد الضبّاع). (وەرگێڕ).

(٢) وەكو پێشتر باسمان كرد و وتمان دروست نیە بەم شێوازە، كە (قاف) لە (كاف)دا بە تێهەڵكێش كردنی ناتەواو بخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

پوختە:

- (تاء) تێهەڵکێش دەکرێت لە (تاء) و(دال) و(طاء).
- (دال) تێهەڵکێش دەکرێت لە (دال) و(تاء).
- (طاء) تێهەڵکێش دەکرێت لە (تاء).
- نموونە نیە لە قورئاندا (طاء) لە (دال) و(دال) لە (طاء) تێهەڵکێش بکرێت.
- (ثاء) تێهەڵکێش دەکرێت لە (ذال).
- (ذال) تێهەڵکێش دەکرێت لە (ظاء).
- (باء) تێهەڵکێش دەکرێت لە (میم).
- (قاف) تێهەڵکێش دەکرێت لە (کاف).
- (لام) تێهەڵکێش دەکرێت لە (ڕاء).

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

هەمزەی گەیاندن (همزة الوصل)

ئەو هەمزەیەیە لە سەرەتاوە دەخوێندرێتەوە، و لە کاتی گەیاندنا ناخوێندرێتەوە، دەچێتە سەر پیت (الحرف)، وناو (الاسم) وکردار (فعل)، ونیشانەکەشی لە ناو قورئاندا (صاد)ێکی بچووکە (ص) لەسەر ئەلیفی هەمزەکە (أ).

أ- هەمزەی گەیاندن لە پیتدا: هەمزەی گەیاندن لە پیتدا تەنها دەچێتە سەر (أل)ی ناساندن، وە لە کاتی دەستپێکردندا بە فەتحە دەخوێندرێتەوە، وەک:

﴿ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٣﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (رَبِّ لْعَالَمِينَ رَّحْمَٰنِ رَّحِيمِ).

ب- هەمزەی گەیاندن لە ناودا: هەمزەی گەیاندن دەچێتە سەر حەوت ناو کە لە قورئاندا هاتووە، کە ئەمانەن: (اسْم ، ابْن ، ابْنَة ، امْرُؤ ، امْرَأة ، اثْنَان، یان اثْنَين ، اثْنَتَان، یان اثْنَتَين). وەک:

اسم: ﴿مِنۢ بَعۡدِى ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (مِن بَعْدِ سْمُهُۥ~أَحْمَدُ).

ابن: ﴿عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (عِيسَ بْنُ مَرْيَمَ).

ابنة: ﴿وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَٰنَ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَمَرْيَمَ بِنْتَ عِمْرَانَ).

امرؤ: ﴿إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (إِنِ مْرُؤٌ هَلَكَ).

امرأة: ﴿قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (قَالَتِ مْرَأَتُ العَزِيزِ).

اثنان: ﴿حِينَ ٱلۡوَصِيَّةِ ٱثۡنَانِ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (حِينَ الوَصِيةِ ثْنَانِ).

اثنين: ﴿لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (لَا تَتَّخِذُوا إِلَٰهَيْنِ ثْنَيْنِ).

اثنتان: ﴿فَٱنفَجَرَتۡ مِنۡهُ ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ عَيۡنٗاۖ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (مِنْهُ ثْنَتَا عَشْرَةَ).

اثنتين: ﴿فَإِن كَانَتَا ٱثۡنَتَيۡنِ﴾ــ لە کاتی گەیاندن دەخوێندرێتەوە بە ــ (فَإِن كَانَتَ ثْنَتَيْنِ).

ج- هەمزەی گەیاندن لە کرداردا: هەمزەی گەیاندن دەچێتە سەر کرداری داخوازی کە سێ پیتی بێت، هەروەها ئەو چاوگ (مصدر) وکرداری ڕابردوو وداخوازییانەی کە پێنج پیتین یان شەش پیتین و بە هەمزە دەستیان پێ کردووە.

١- داخوازی سێ پیتی [١]: وەک: ﴿ٱضۡرِب ، ٱفۡتَحۡ ، ٱدۡخُلِ ، ٱخۡرُجۡ﴾.

٢- ڕابردوو وداخوازی وچاووگی پێنج پیتی:

- ڕابردووی پێنج پیتی، وەک: ﴿فَٱنتَقَمۡنَا ، وَٱنطَلَقَ ، ٱخۡتَلَفَ ، ٱبۡيَضَّتۡ ، ٱسۡوَدَّتۡ﴾.
- داخوازی پێنج پیتی، وەک: ﴿وَٱصۡطَبِرۡ ، وَٱقۡتَرِب [٢]﴾.
- چاووگی پێنج پیتی، وەک: ﴿ٱخۡتِلَٰفِ ، ٱنۢبِعَاثُهُمۡ﴾.

٣- ڕابردوو وداخوازی وچاووگی شەش پیتی:

- ڕابردووی شەش پیتی، وەک: ﴿ٱسۡتَكۡبَرَ ، وَٱسۡتَفۡتَحُواْ ، ٱشۡمَأَزَّتۡ﴾.

---

(١) تێبینی لەسەر کرداری داخوازی سێ پیتی: هەمزەی گەیاندن نیە لە کرداری داخوازی سێ پیتی ئەگەر (المِثال) یان (الأجْوف) یان (اللَّفِيف المَفْرُوق) یان (مَهْمُوز الفاء) یان (المُضَعَّف) بێت.

أ- المِثال: وەک: ﴿فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ﴾، پیتی (فاء) بۆ دەستپێکردنە، و(قع): کرداری داخوازییە، و(واو)ەکە بۆ کۆمەڵێ بکەرە (لجماعة الفاعلين): کردارە ڕابردووەکەی: (وَقَعَ) یە.

ب- الأجْوف: وەک: ﴿قُلِ ٱللَّهُ ، قُمِ ٱلَّيۡلَ﴾، ڕابردووەکەیان: (قَالَ ، قَامَ)یە.

ج- اللَّفِيف المَفْرُوق: وەک: ﴿قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ﴾، (ق): کرداری داخوازییە، و(واو)ەکە بۆ کۆمەڵێ بکەرە، ڕابردووەکەی (وَقَى)یە.

د- مَهْمُوز الفاء: وەک: ﴿خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ ، كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾، ڕابردووەکەیان: (أَخَذَ، أَكَلَ)یە.

هـ- المُضَعَّف: وەک: ﴿فَفِرُّوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ﴾، پیتی (فاء) بۆ دەستپێکردنە، و(فِرُّوا): کرداری داخوازییە، و(واو)ەکە بۆ کۆمەڵێ بکەرە.

(٢) دانەری ئەم کتێبە پەحمەتی خوای لێ بێت ئەم نموونەیەی نووسیبوو: ﴿ٱقۡتَرَبَ﴾، بەڵام ئەم نموونەیە کرداری ڕابردووە، وە نموونە ڕاستەکەمان لەسەرەوە هێناوە.. (وەرگێڕ).

- داخوازی شەش پیتی، وەک: ﴿ٱسْتَغْفِرْ ، ٱسْتَعِينُوا﴾.
- چاووگی شەش پیتی، وەک: ﴿ٱسْتِكْبَارًا ،ٱسْتِغْفَارُ﴾.
- جگە لە هەموو ئەو هەمزانەی باسمان کرد کە لە قورئاندا هاتووە هەمووی هەمزەی قەطعن، وەک: ﴿إِسْتَبْرَقٍ ، أَحَدٌ ، أَتَىٰ ، إِلْيَاسَ ، إِسْمَٰعِيلَ﴾.

❖ حەرەکەی هەمزەی گەیاندن:

ا- دەبێت بە فەتحە لە (ال)ی ناساندن لە کاتی دەست پێکردن پێی:

وەک: ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ، ٱلرَّحِيمِ ، ٱلْقُرْءَانَ﴾.

ب- دەبێت بە ضەمە کاتێک سێیەم پیتی کردارەکە ضەمە بێت:

وەک: ﴿ٱخْرُجْ ،ٱدْخُلُوا ، ٱضْطُرَّ﴾، جگە لەم وشانە نەبێت: ﴿ٱمْشُوا ، ٱئْتُونِي ، ٱبْنُوا ، وَٱمْضُوا ، ٱقْضُوا﴾[1]، ئەو ضەمەیەی کە لەسەر سێیەم پیتە ضەمەیەکی توشهاتووە (عارضة) لە بەر ئەوەی (واو الجماعة) لە دوایەوە هاتووە.

ج- دەبێت بە کەسرە جگە لە دوو بارەکەی پێشوو[2]: وەک: ﴿ٱقْرَأْ ، ٱضْرِب ،ٱخْتَلَفَ ،ٱقْتَتَلَ ،ٱبْتِغَآءَ ، ٱفْتَرَآءً﴾.

---

(١) چونکە لە بنچینەدا بەم شێوەن: (امشِيُوا، ائْتِيُوني، ابنِيُوا، وامضِيُوا، اقضِيُوا) دواتر حەرەکەی سەر (یاء)ەکە، واتە: ضەمەکە گواستراوەتەوە بۆ سەر پیتی پێشەوەی، پاشان (یاء)ەکە دەبێت بە ساکن، وە (واو)ەکەیش ساکنە بۆیە (یاء)ەکە دەسڕێتەوە، لەبەر گەیشتنی دوو ساکن بە یەکتر (لالتقاء الساكنين)، بۆیە ئێستا بەو شێوازە هاتووە لە قورئاندا. (وەرگێڕ).

(٢) چونکە بنچینەی حەرەکەی هەمزەی گەیاندن لە کرداردا (فعل) کەسرەیە. (وەرگێڕ).

تێبینی: ئەگەر هەمزەی پرسیارکردن (الاستفهام) پۆیشتە سەر هەمزەی (أل)ی ناساندن ئەوا هەمزەی گەیاندن دەگۆڕدرێت بۆ ئەلیف یان تەسهیل دەکرێت، وبە هەردوو شێوەکە دەخوێندرێتەوە[١]، وهەمزەی (أل)ی ناساندن لانابرێت، وەک: ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ[٢]، ءَآلْـَٰٔنَ[٣]، ءَآللَّهُ[٤]﴾.

حەرەکە دانان بۆ پیتێکی ساکن ئەگەر لە پێشی هەمزەی گەیاندنەوە هاتبێت: ئەگەر هەمزەی گەیاندن لە دوای پیتێکی ساکنەوە هات ئەوا سێ حاڵەتی هەیە، یان دەکرێت بە فەتحە یان بە ضـــەمە یان بە کەسرە.

أ- ئەگەر (مِن) لە پێشی هەمزەی گەیاندنەوە هات ئەوا (نون)ی (مِن)ەکە دەکرێت بە فەتحە، وەک: ﴿فَمَنَ ٱللَّهِ ، مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ﴾.

ب- (میم)ی کۆ (میم الجمع) و(واو)ی کۆ (واو الجمع) کە ساکنن وپێشەکەیان فەتحەیە، هەردووکیان دەکرێن بە ضـــەمە ئەگەر هەمزەی گەیاندن لە دوایانەوە هات، وەک: ﴿عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ ،إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَمَ﴾، ﴿ٱشْتَرَوُا۟ ٱلضَّلَـٰلَةَ ، وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾.

ج- پیتی پێشی هەمزەی گەیاندن دەبێت بە کەسرە جگە لە دووبارەکەی پێشوو، وەک: ﴿ٱنِ ٱضْرِب ، وَقَالَتِ ٱخْرُجْ ، ٱنِ ٱمْشُوا۟ ، ٱنِ ٱصْنَعِ ٱلْفُلْكَ﴾.

---

(١) بەڵام شێوازی (الإبدال) لە پێشترە، وەکو لە باسی مەددەکان باسمان کرد. (وەرگێڕ).

(٢) سورەتی الأنعام: ١٤٤، ١٤٥.

(٣) سورەتی یونس: ٥١، ٩١.

(٤) سورەتی یونس: ٥٩، النمل: ٥٩.

د-ئەگەر تەنوین لە پێش هەمزەی گەیاندنەوە هات ئەوا (نون)ی تەنوینەکە کەسرەدار دەکرێت، وەك:

﴿مَحْظُورًا ﴿٢٠﴾ ٱنظُرْ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (مَحْظُورَنِ نظُرْ).

﴿مِّن رِّجْزٍ أَلِيمٌ ﴿١١﴾ ۞ ٱللَّهَ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَلِيمُنِ اللهُ).

﴿وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ٱرْكُضْ﴾[1] ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (وَعَذَابِنِرْكُضْ).

﴿أَحَدٌ ﴿١﴾ ٱللَّهُ﴾ــ دەخوێندرێتەوە بە ــ (أَحَدُنِ اللهُ).

لەگەڵ ڕەچاوکردنی باریك خوێندنەوەی (ترقیق) (لام)ی (الله) چونکە کەسرە لە پێشی هاتووە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(1) لەگەڵ ڕەچاوکردنی قەڵەو خوێندنەوەی (راء)ی ﴿ٱرْكُضْ﴾ ، چونکە ئەو کەسرەیەی کە لە پێشیەوە هاتووە کەسرەیەکی توشهاتووە (عارض)، نەوەکو کەسرەیەکی بنەڕەتی (أصلي)، وە لەبەر ئەوەی کەسرەکە لە وشەیەکی تردایە لە ناو خودی وشەکەدا نیە کە (ڕاء)ەکەی تێدایە. (وەرگێڕ).

چەند ئاگادارکردنەوەیەکی گرنگ کە پەیوەندی بەخوێندنەوەوە هەیە

ئاگادارکردنەوەی یەکەم:

- ﴿وَيَبْصُطُ ، بَصْطَةً﴾ بە (صاد) دەنوسرێت، وبە (سین) دەخوێندرێتەوە.

﴿يَقْبِضُ وَيَبْصُطُ﴾[١] ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (يَبْسُطُ).

﴿وَزَادَكُمْ فِي ٱلْخَلْقِ بَصْطَةً﴾[٢] ـــ دەخوێندرێتەوە بە ـــ (بَسْطَةً).

- ﴿ٱلْمُصَيْطِرُونَ ۝٣٧﴾[٣] بە (صاد) دەنوسرێت، بەلاّم بە (سین) و(صاد)یش دەخوێندرێتەوە: (الـمُسَيطِرُونَ ، الـمُصَيطِرُونَ)[٤].

- ﴿بِمُصَيْطِرٍ ۝٢٢﴾[٥] بە (صاد) دەنوسرێت، وبە (صاد)یش دەخوێندرێتەوە.

ئاگادارکردنەوەی دووەم: دروستە پیتی (ضاد) بە ضـــەمە یان بە فەتحە بخوێندرێتەوە لەم ئایەتەی سورەتی (الروم: ٥٤): ﴿۞ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ (ضُعْفٍ) ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ (ضُعْفٍ) قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا (ضُعْفاً) وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ ۝٥٤﴾[٦].

---

(١) سورەتی البقرة: ٢٤٥.

(٢) سورەتی الأعراف: ٦٩.

(٣) سورەتی الطور: ٣٧.

(٤) لە پێشترە بە (صاد) بخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

(٥) سورەتی الغاشية: ٢٢.

(٦) لـە پێشـترە بـە (ضـاد)ێکـی فەتحـەدار بخوێندرێتـەوە چـونکە بـەو شـێوازە لـە قورئانـدا نوسـراوە، وە هەروەهـایش خوێندنـەوەی بـە ضـــەمـەدار هەڵبـژێـردراوی پێشەوا (حفص)ە،=

ئاگادارکردنەوەی سێیەم: وەستان لەسەر (یاء)ی وشەی (آتاني) لە ئایەتی: ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ﴾[١] بە خوێندنەوەی (یاء)ەکە ونەخوێندنەوەیش دروستە: (فَمَا آتَانِي)، (فَمَا آتَانْ)[٢]، بەڵام لەکاتی گەیاندندا (یاء)ەکە بە مەفتوحی دەخوێندرێتەوە: (فَمَا آتَانِيَ اللهُ).

■ **لارکردنەوە (الإمالة):** دەربڕینەکە لە نێوان ئەلیف و(یاء)دا[٣].

لارکردنەوە نیە لە خوێندنەوەی (حفص)دا جگە لە ئەلیف نەبێت، ئەویش تەنها لە وشەی ﴿مَجْرٖىٰهَا﴾ لە ئایەتی: ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ مَجْرٖىٰهَا وَمُرْسَىٰهَآ﴾[٤] لارکردنەوەی ئەلیفەکە ئەوە دەخوازێت (راء)ەکەش بە باریکی (ترقیق) بخوێندرێتەوە.

■ **التسهيل:** دەربڕینێکە لە نێوان هەمزە وئەلیفدا.

(حفص) هەمزەی قەطع تەسهیل ناکات جگە لە وشەی ﴿ءَاْعْجَمِيٌّ﴾ نەبێت لەئایەتی ﴿وَلَوْ جَعَلْنَٰهُ قُرْءَانًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا۟ لَوْلَا فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥٓ ءَاْعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ﴾[٥] تەسهیلی هەمزەی دووەم دەکات.

= واتە: لە پێشەوا (عاصم)ەوە وەری نەگرتووە، ئەمەیش لە (قراءات)دا شتێکی ئاساییە. بڕوانە کتێبی (السبعة)ی (ابن مجاهد). (وەرگێڕ).

(١) سورەتی النمل: ٣٦.

(٢) لە پێشترە (یاء)ەکە نەخوێندرێتەوە، واتە: بە (فَمَا آتَان) بخوێندرێتەوە، چونکە (یاء)ەکە لە قورئاندا نەنوسراوە. (وەرگێڕ).

(٣) واتە: وەکو پیتی (ئ)ی کوردی دەردەبڕدرێت. (وەرگێڕ).

(٤) سورەتی هود: ٤١.

(٥) سورەتی فصِّلت: ٤٤.

ئاگادارکردنەوەی چوارەم:

■ لە ئایەتی: ﴿بِئْسَ ٱلِٱسْمُ ٱلْفُسُوقُ﴾ [الحجرات: ١١] لە کاتی گەیاندنا هەردوو هەمزەی گەیاندنی پێش وپاشی (لام)ەکە ناخوێندرێتەوە، و(لام)ەکەش کەسرەدار دەکرێت: (بِئْسَ لِسْمُ الفُسُوقُ)، وە لە کاتی دەست پێکردندا دەتوانرێت هەمزەی (أل)ی ناساندنەکە بخوێندرێتەوە، ودەتوانرێتیش نەخوێندرێتەوە (أَلِسْمُ الفُسُوقُ)[1]، (لِسْمُ الفُسُوقُ).

■ ﴿ثُمَّ لْيَقْطَعْ﴾ [الحج: ١٥]، و﴿ ثُمَّ لْيَقْضُواْ﴾ [الحج: ٢٩] لە کاتی دەست پێکردن بە (لام)ێکی کەسرەدار دەخوێندرێتەوە: (لِيَقْطَعْ)، (لِيَقْضُوا)، لە کاتی گەیاندنیان بە پێشی خۆیان (لام)ەکەیان بە ساکنی دەخوێندرێتەوە.

■ ﴿ٱلْأَيْكَةِ﴾ [الحجر: ٧٨، ق: ١٤]، و﴿لَّيْكَةِ﴾ [الشعراء: ١٧٦، ص: ١٣] لە کاتی گەیاندنا هەمزەی (أل)ی ناساندن ناخوێندرێتەوە، بەڵام لەکاتی دەست پێکردندا دەخوێندرێتەوە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) ئەم شێوازە لە پێشترە بخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

چەند ئاگادارکردنەوەیەکی گرنگ کە پەیوەندی بە حەرام بوون ومەکرووهێتی (المکروه) خوێندنەوەوە هەیە

زانایان ڕەحمەتی خوایان لێبێت دەستەواژەی لەحنیان (لحن) بەکارهێناوە بۆ گۆڕینی پیت یان حەرەکە یان سیفەت یان شوێنی دەرچوون لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا ، وە دابەشیان کردووە بۆ دوو بەش: هەڵەی ئاشکرا (لَحْنٌ جَلِيٌّ)، وهەڵەی شاراوە (لَحْنٌ خَفِيٌّ).

هەڵەی ئاشکرا (لَحْنٌ جَلِيٌّ): ئەو هەڵەکردنەیە کە هەموو کەسێک جا شارەزا بێت یان شارەزا نەبێت هەستی پێدەکات، وەک: دەربڕینی بە: (أَلْعَمْتَ) گۆڕینی (نون) بۆ (لام)، یان دەربڕینی: (أَنْعَمْتُ) گۆڕینی فەتحەی (تاء)ەکە بۆ ضەمە، یان دەربڕینی بە: (أَنْعَمْتِ) بە (تاء)یکی کەسرەدار، کە خۆی فەتحەدارە: ﴿أَنْعَمْتَ﴾.

هەڵەی شاراوە (لَحْنٌ خَفِيٌّ)[1]: ئەو هەڵەکردنەیە وەک ئەوەی کەسرە بەشێوەیەک دەربڕێت لە نێوان کەسرە وفەتحەدا بێت: وەک: ﴿عَلَيْهِمْ ، إِلَيْهِمْ﴾، یان دەربڕینی (واو) بە شێوەیەک لە نێوان (واو) وئەلیفدا بێت[2]، وەک: ﴿يُؤْمِنُونَ ، يَعْلَمُونَ﴾، یان دەربڕینی ضەمە بە شێوەیەک لە نێوان فەتحە و

---

(١) دانەر پێناسەی هەڵەی شاراوەی نەکردووە، ئەمەیش پێناسەکەیەتی: ئەو هەڵەکردنەیە کە هەموو کەسێک ناتوانێت هەستی پێ بکات، بەڵکو تەنها لە لای ئەوانە ڕوونە کە شارەزان لە حوکمەکانی تەجوید، وە لە لای ئەوانەیش شاراوەیە کە شارەزایان لە زانستی تەجویدا نیە، وەکو ئەو نموونانەی کە دانەر هێناویەتی. (وەرگێڕ).

(٢) واتە: وەک پیتی (ۆ)ی کوردی دەردەبڕدرێت. (وەرگێڕ).

ضـــەمەدا بێت، وەك: ﴿عَلَيۡكُمۡ ،مِّنۡهُمۡ﴾، یان قەڵەوکردنی (لام) جگە لـە وشـەی (الله)، وەك: ﴿ضَلَّ، ظَلَمَ ، ٱلصَّلَوٰةَ ، مَطۡلَعِ﴾.

لەو شتانەی کە خوێندنەوە پوچەڵ دەکاتەوە گۆڕینی پیتێکە بـە پیتێکـی تـر، یـان گۆڕیـنی حەرەکەیەکـە بـە حەرەکەیـەکی تـر، بەشـێوەیەك بێـت خوێندنەوەکـە لەگـەڵ واتـای قورئانەکـە نایەتـەوە وێـەك ناگرێـت، لەوانـەی کـە پێشـتر باسمـان کـرد لـە نموونـەی هـەڵـەی ئاشکـرا (اللحـن الجلـي)، وەکـو دەربڕینی پیتـی (ضاد) بـە (ظـاء)، وەك: (ظَلَٰلٍ) کە ڕاستەکەی: ﴿ضَلَٰلٍ﴾ە، هەروەها وەك: (وَلَا ٱلظَّآلِّينَ) کە ڕاستەکەی: ﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ە.

هەروەها وەکو دەربڕینی پیتەکانی (الصفیر) بە پیتـەکانی پـووك (اللثویـة)، یان بە پێچەوانەوە، وەکـو دەربڕینـی پیتـی (ثـاء) بـە (سـین)، وەك: (سُمَّ) کـە ڕاسـتەکەی: ﴿ثُمَّ﴾ە، یـان بەپێچـەوانەوە وەکـو دەربڕینـی پیتـی (سـین) بـە (ثاء)، وەك: (يَثۡقُونَ) کە ڕاستەکەی: ﴿يَسۡقُونَ﴾ە.

وە وەکـو دەربڕینـی پیتـی (ذال) بـە پیتـی (زای)، وەك: (قُلۡ أَعُـوذُ) کـە ڕاسـتەکەی: ﴿قُلۡ أَعُوذُ﴾ە، وە بـە پێچەوانەشـەوە دەربڕینـی پیتـی (زای) بـە (ذال)، وەك: (الذَّكَوٰةَ) کە ڕاستەکەی: ﴿ٱلزَّكَوٰةَ﴾ە.

هەروەها وەکو دەربڕینی پیتی (ظاء) بە (صاد)یێکی تێکـەڵکراو بـە (زای)، وەك: (العَصِـيمِ) کە ڕاستەکەی: ﴿ٱلۡعَظِيمِ﴾ە.

وە وەکو دەربڕینی پیتی (صاد) بە (ثاء)یّکی قەڵەو، وەك: (مِن مَّحِيثٍ) کە ڕاستەکەی: ﴿مِّن مَّحِيصٍ﴾ە.

وە وەکو ئەوەی پیتی (جیم) بە شێوەیەك دەربڕێت لە نێوان پیتی (قاف) و(کاف)دا بێت، وەکو خوێندنی زۆربەی مصریەکان لە نموونەی: ﴿نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ﴾[1].

وە هەروەها باریك خوێندنەوەی چوار پیتەکەی (الاستعلاء) کە سیفەتی (الإطباق)یان هەیە، وەك: خوێندنەوەی پیتی (صاد) بە (سین) لە نموونەی: (هِيَ عَسَايَ) کە ڕاستەکەی: ﴿هِيَ عَصَايَ﴾ە، یان کردنی (ضاد) بە (دال) لە نموونەی: (الدَّالِّينَ) کە ڕاستەکەی: ﴿الضَّالِّينَ﴾ە، یان کردنی (طاء) بە (تاء) لە نموونەی: (وَتُبِعَ) کە ڕاستەکەی: ﴿وَطُبِعَ﴾ە، یان کردنی (ظاء) بە (ذال) لە نموونەی: (فَذَلْتُمْ) کە ڕاستەکەی: ﴿فَظَلْتُمْ﴾ە.

وە هەروەها کردنی پیتی (سین) بە (صاد) لە نموونەی: (الْمُصْتَقِيمِ) کە ڕاستەکەی: ﴿الْمُسْتَقِيمِ﴾ە.

یان کردنی پیتی (غەین) بە (قاف) لە نموونەی: (قِسْلِينٍ) کە ڕاستەکەی: ﴿غِسْلِينٍ﴾ە.

یان کردنی پیتی (قاف) بە (غەین) لە نموونەی: (لَيْلَةِ الْغَدْرِ) کە ڕاستەکەی: ﴿لَيْلَةِ الْقَدْرِ﴾ە.

---

(١) واتە: وەك پیتی (گ)ی کوردی دەری دەبڕن. (وەرگێڕ).

یان کردنی پیتی (قاف) بە (کاف) لە نموونەی: (الْمُسْتَكِيمِ) کە ڕاستەکەی: ﴿ٱلْمُسْتَقِيمَ﴾ە، یان (قاف)ەکە بکرێت بە پیتێك لە نێوان (قاف) و(کاف)دا بێت، وەکو زۆربەی خەڵکی دورگەی عەرەبی وبیابان نشینەکان دەری دەبڕن.

باش نیە ئەو هەڵە شاراوانە بکرێت لە خوێندنەوەی قورئاندا کە باسمان کرد، وە هەروەهایش درێژکردنەوەی مینگە (الغنة) باش نیە لە کاتی وەستان بە سکون لەسەر پیتی (میم) و(نون) کاتێك تووندکراو (مشدد) نەبن.

وەك: ﴿ٱلْعَٰلَمِينَ ،ٱلرَّحِيمِ﴾.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

وەستان (الوقف)

وەستان لە زمانەوانیدا: واتە خۆگرتنەوە.

لە زاراوەدا: واتە بریتی یە لە پچڕاندنی دەنگ و وەستان لەسەر کۆتایی وشەیەک بۆ ئەوەی هەناسە وەربگرێت ونیازی دەسپێکردنەوەی هەبێت.

وەستان دابەش دەبێت بۆ دوو بەش: وەستانی ناچاری (اضْطِرَارِي)، و وەستانی خۆویستی (اخْتِيارِي).

یەکەم: وەستانی ناچاری (الوقف الاضطراري): بریتی یە لەوەی قورئان خوێن بوەستێت لەسەر وشەیەک بە ناچاری بە هۆی یەکێک لەم هۆکارانەوە: پژمین یان کۆکە یان پشێوی درووست بوون لە خوێندنەوەدا، یان هەرشتێکی تر لەو بابەتانە.

❖ **وەستان لەسەر (تاء التأنيث):** ئەگەر (تاء التأنيث) بە شێوەی (تاء)ی کراوە (ت) نوسرا بوو ئەوا بە (تاء) لەسەری دەوەستێنرێت، وە ئەو شوێنانەی کە یەک دەنگی زانایانی لەسەرە ولە قورئانی پیرۆز هاتووە[1]، ئەمانەن:

- ﴿رَحْمَتَ ٱللَّهِ﴾ لە [البقرة: ٢١٨]، و[الأعراف: ٥٦]، و﴿رَحْمَتَ رَبِّكَ﴾، و﴿وَرَحْمَتُ رَبِّكَ﴾ هەردووکیان دەکەونە سوورەتی [الزخرف: ٣٢]،

---

(١) لە لای پێشەوا (حفص عن عاصم) یاسایەک هەیە ئەویش ئەوەیە: هەموو وشەیەک دەوەستێنرێت لەسەری بەو شێوازەی کە لە قورئاندا هاتووە، واتە ئەگەر بە (تاء)ی کراوە نوسرا بوو هەموو کات هەر بە (تاء) لەسەری دەوەستێنرێت، بەڵام ئەگەر بە (تاء)ی خڕ (التاء المربوطة) نوسرا بوو ئەوا بە (هاء) لەسەری دەوەستێنرێت. (وەرگێڕ).

و﴿ رَحْمَتُ ٱللَّهِ ﴾ له [هود: ٧٣]، و﴿ رَحْمَتِ رَبِّكَ ﴾ له [مريم: ٢]، و﴿ رَحْمَتِ ٱللَّهِ ﴾ له [الروم: ٥٠]، هەموویان بە (تاء) لەسەری دەوەستێنرێت: (رَحْمَتْ)، جگە لەمانە وشەی (رَحْمَة) بە (هاء) لەسەری دەوەستێنرێت.

▪ ﴿ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ﴾ له [البقرة: ٢٣١]، و[آل عمران: ١٠٣]، و[المائدة: ١١]، وله دوو شوێنی سورەتی [إبراهيم: ٢٨، ٣٤]، وە دوو شوێنی سورەتی [النحل: ٨٣، ١١٤]، وله [فاطر:٣]، وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ ﴾ له سورەتی [النحل: ٧٢]، و[لقمان: ٣١]، و﴿ بِنِعْمَتِ رَبِّكَ ﴾ لە سورەتی[الطور: ٢٩] هەموویان لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (نِعْمَتْ)، جگە لەمانە وشەی (نِعْمَة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء).

▪ ﴿ ٱمْرَأَتَ ﴾ بە هەر شێوەیەك بدرێتە پاڵ مێردەکەی[1]، ئەمەش لە سورەتی [آل عمران: ٣٥] و[يوسف: ٣٠، ٥١] و[القصص: ٩] و[التحريم: ١٠، ١١] لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (امْرَأَتْ)، جگە لەمانە وشەی (امْرَأة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء).

▪ ﴿ سُنَّتَ ٱللَّهِ ﴾ له سورەتی [غافر: ٨٥]، و﴿ سُنَّتُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ لە سورەتی [الأنفال: ٣٨]، و﴿ سُنَّتَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾ لە سورەتی [فاطر: ٤٣]،

---

(١) یاسایەك هەیە ئەویش ئەوەیە: وشەی (امرأة) ئەگەر لەگەڵ مێردەکەی باسکرا ئەوا بە (تاء)ی کراوە نوسراوە، بەڵام جگە لەوە بە (تاء)ی خڕ (التاء المربوطة) نوسراوە.
پێشەوا (أحمد بن محمد المُتَولِّي) کە لە ساڵی (١٣١٣ك) کۆچی دوای کردووە دەفەرموێت:
وامرأةٌ مع زوجِها قدْ ذُكِرَت فهاؤُها بالتَّاءِ رسماً وَرَدَتْ. (وەرگێڕ).

و﴿لِسُنَّتِ ٱللَّهِ﴾ لە دوو شوێنی سورەتی [فاطر: ٤٣] لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (سُنَّتْ)، جگە لەمانە وشەی (سُنَّة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء).

- ﴿لَّعْنَتَ ٱللَّهِ﴾ لە سورەتی [آل عمران: ٦١]، و[النور: ٧] لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (لعنتْ)، جگە لەمانە وشەی (لَعْنَة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء).

- ﴿وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ﴾ لە دوو شوێنی سورەتی[المجادلة: ٨، ٩] لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (مَعْصِيتْ)، وسێیەمی نیە لە قورئاندا.

- ﴿بَقِيَّتُ ٱللَّهِ﴾ لە سورەتی [هود: ٨٦]، لەسەری دەوەستێنرێت بە بە (تاء): (بَقِيَّتْ)، جگە لە وشەی پێشوو وشەی (بَقِيَّة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء): (بَقِيَّهْ).

- ﴿كَلِمَتُ رَبِّكَ﴾ لە سورەتی [الأعراف: ١٣٧]، و[الأنعام: ١١٥]، وە لە دوو شوێنی سورەتی [يونس: ٣٣، ٩٦]، ولە [غافر: ٦]، لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (كَلِمَتْ)، جگە لەمانە وشەی: (كَلِمَة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء).

- ﴿قُرَّتُ عَيْنٍ﴾ لە سورەتی [القصص: ٩]، لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (قُرَّتْ)، جگە لە وشەی پێشوو وشەی (قُرَّة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء).

- ﴿فِطْرَتَ ٱللَّهِ﴾ لە سورەتی [الروم: ٣٠]، لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (فِطْرَتْ)، دووەمی نیە لە قورئاندا.

- ﴿شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ﴾ له سوڕەتی [الدخان: ٤٣]، لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (شَجَرَتْ)، جگە لە وشەی پێشوو وشەی (شَجَرَة)، لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء).
- ﴿وَجَنَّتُ نَعِيمٍ﴾ له سوڕەتی [الواقعة: ٨٩]، لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (جَنَّتْ)، جگە له وشەی پێشوو وشەی (جَنَّة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء).
- ﴿ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ﴾[1] له سوڕەتی [التحريم: ١٢]، لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (ابْنَتْ).
- ﴿غَيَٰبَتِ ٱلْجُبِّ﴾ له سوڕەتی [يوسف: ١٠، ١٥]، لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (غَيَٰبَتْ)، نموونەی سێیەمی نیە له قورئاندا.
- ﴿بَيِّنَتٍ مِّنْهُ﴾ له سوڕەتی [فاطر: ٤٠] لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (بَيِّنَتْ)[2].
- ﴿جِمَٰلَتٌ صُفْرٌ﴾[3] له سوڕەتی [المرسلات: ٣٣]، لەسەری دەوەستێنرێت بە (تاء): (جِمَٰلَتْ).

بەڵام ئەگەر (تاء التأنيث) بە (تاء)ی (مربوطة) نوسرابوو ئەوا لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء)، وەك: ﴿ٱلْوَاقِعَةُ ، ٱلْحَآقَّةُ ، ذُو ٱلرَّحْمَةِ﴾.

---

(١) نموونەی دووەمی نیە له قورئاندا. (وەرگێڕ).

(٢) جگە له وشەی پێشوو وشەی: (بَيِّنَة) لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء). (وەرگێڕ).

(٣) نموونەی دووەمی نیە له قورئاندا. (وەرگێڕ).

❖ وەستان لەسەر وشەی ﴿أَيُّهَ﴾:

(أَيُّه) کاتێك ئەلیفی نیە، لەسەری دەوەستێنرێت بە (هاء) بە بێ ئەلیف، ئەویش لە سێ شوێندا هاتووە، ئەوانیش:

﴿أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ لە سورەتی [النور: ٣١].

﴿وَقَالُوا۟ يَٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ﴾ لە سورەتی [الزخرف: ٤٩].

﴿سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ﴾ لە سورەتی [الرحمن: ٣١]، وجگە لەوانەی پێشوو لەسەری دەوەستێنرێت بە ئەلیف.

❖ وەستان لەسەر (لام)ی جەڕ کە جیاکراوەتەوە لە ناوێکی مەجرور (الاسم المجرور):

لە چوار شوێنی قورئاندا دەوەستێنرێت لەسەر (لام)ێك ئەگەر جیابوو لەو ناوەی کە مەجروری کردووە[(١)]، ئەوانیش: ﴿فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾﴾[(٢)]، و﴿مَالِ هَٰذَا ٱلْكِتَٰبِ﴾[(٣)]، و﴿وَقَالُوا۟ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ﴾[(٤)]، و﴿فَمَالِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ قِبَلَكَ مُهْطِعِينَ ﴿٣٦﴾﴾[(٥)].

---

(١) قورئان خوێن لە کاتی تەنگە نەفەسی ونەمانی هەناسەیدا، یان مامۆستاکەی تاقیبکاتەوە دروستە و دەتوانیچت بوەستێت لەسەر وشەی: (ما) یان (ل)ی پیتی جەر (حرف الجر)، بەڵام دروست نیە لە (ل) جەرەکە یان ناوە مەجرور کراوەکەوە دەست پێ بکات. (وەرگێڕ).

(٢) سورەتی النساء: ٧٨.

(٣) سورەتی الكهف: ٤٩.

(٤) سورەتی الفرقان: ٧.

(٥) سورەتی المعارج: ٣٦.

❖ وەستان لەسەر پیتێکی مەدد کە لە نوسیندا سڕاوەتەوە:

﴿ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ ﴾ لە هەر کوێی قورئاندا هاتبێت، و﴿ أُحۡيِۦ ﴾ [البقرة: ٢٥٨]، و﴿ يَسۡتَحۡيِۦ ﴾ [البقرة: ٢٦، والأحزاب: ٥٣]، ئەم وشانە بە یەک (یاء) نوسراوە، بەلّام بە دوو (یاء) دەخوێندرێتەوە یەکەمیان کەسرەدارە، ودووەمیان ساکنە، وە دەبێتە مەددێکی ئاسایی (طبيعي).

﴿ تَلۡوُۥٓاْ ﴾ [النساء: ١٣٥] بەیەک (واو) نوسراوە، بەلّام بە دوو (واو) دەخوێندرێتەوە، یەکەمیان ضـەمەدارە، ودووەمیان ساکنە، وە دەبێتە مەددێکی ئاسایی (طبيعي).

﴿ يُحۡيِ ٱللَّهُ ﴾ [البقرة: ٧٣] ، و﴿ يُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ ﴾ [الحج: ٩، والشورى: ٩، والأحقاف: ٣٣]، و﴿ لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ ﴾ [الروم: ٥٠]، و﴿ يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ ﴾ [يس: ٧٨]، و﴿ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ ﴾ [الحديد: ١٧] هەموویان بە یەک (یاء) نوسراوە، وە لە کاتی گەیاندنا (وصل) هەر بەیەک (یاء)ی کەسرەدار دەخوێندرێتەوە، بەلّام دەوەستێنرێت لەسەریان بە دوو (یاء)، یەکەمیان کەسرەدارە، ودووەمیان ساکنە، وە دەبێتە مەددێکی ئاسایی (طبيعي).

❖ پچڕاو وگەیەنراو (المقطوع والموصول):

ئەگەر دوو وشە بەیەکەوە نوسرابوون، ئەوا لەسەر دووەمیان دەوەستێنرێت وەک:

﴿وَأَلَّوِ﴾ لە سورەتی [الجنّ: ١٦] بنچینەکەی (أصلها): (وَأَنْ لَو).

﴿لِئَلَّا﴾ بنچینەکەی: (لِأَنْ لَا).

﴿وَإِمَّا﴾ بنچینەکەی: (وَإِنْ مَا).

﴿وَمِمَّآ﴾ بنچینەکەی: (وَمِنْ مَا).

﴿بِئْسَمَا﴾ بنچینەکەی: (بِئْسَ مَا)، هەموو کاتێک ئەم دوو وشەیە لێک پچڕاون، جگە لە سێ شوێن نەبێت ئەوانیش: دوو شوێنی لە سورەتی [البقرة:٩٠، ٩٣]، وەیەک شوێنی لە سورەتی [الأعراف: ١٥٠].

بەڵام ئەگەر دوو وشەکە بە جیا نوسرابوون، ئەوا دەوەستێنرێت لەسەر وشەی یەکەمیان یان دووەمیان بە گوێرەی ناچاریەکەی، وە ئەو شوێنانەی لە قورئاندا بە جیا نوسراون، ئەمانەن[1]:

- ﴿أَن لَّآ﴾: لە [الأعراف: ١٠٥، ١٦٩]، و[التوبة: ١١٨]، و[هود: ١٤، ٢٦]، و[الحج: ٢٦]، و[یس: ٦٠]، و[الدخان: ١٩]، و[الممتحنة: ١٢]، و[القلم: ٢٤].
- ﴿وَإِن مَّا﴾: لە [الرعد: ٤٠]، ودووەمی نیە لە قورئاندا.
- ﴿عَن مَّا﴾: لە [الأعراف: ١٦٦]، ودووەمی نیە لە قورئاندا.

---

(١) بە گوێرەی ئەوەی یەک دەنگی زانایانی لەسەرە کە پێشەوا (ابن الجزری) لە (المقدمة الجزرية) دا باسی کردووە.

- ﴿مِن مَّا﴾: له [النساء: ٢٥]، و[الروم: ٢٨]، و[المنافقون: ١٠] (١).
- ﴿أَم مَّن﴾: لـه [النسـاء: ١٠٩]، و[التوبـة: ١٠٩]، و[الصـافات: ١١]، و[فصلت: ٤٠].
- ﴿أَن لَّمْ﴾: به پچڕاوی نوسراوه له هەر کوێی قورئاندا هاتبێت.
- ﴿إِن لَّمْ﴾: بەردەوام به پچڕاوی نوسراوه، جگه له یەك شوێن نەبێت له [هود:١٤] ئەویش: ﴿فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُواْ﴾.
- ﴿إِنَّ مَا﴾: له [الأنعام: ١٣٤] (٢).
- ﴿وَأَنَّ مَا﴾: له [الحج: ٦٢]، و[لقمان: ٣٠].
- ﴿وَحَيْثُ مَا﴾: له دوو شوێن له [البقرة: ١٤٤، ١٥٠].
- ﴿كُلِّ مَا﴾: له [إبراهيم: ٣٤] (٣).

---

(١) له سورەتی [الروم: ٢٩]وسورەتی [المنافقون: ١٠] یەك دەنگی زانایانی لەسەر نیە، بەڵکو بۆچوونی جیاواز لەسەری هەیە ، بەڵام کار دەکرێت بە پچڕاندن. (وەرگێڕ)

(٢) لـه سـورەتی [النحـل: ٩٥] ئایـەتی: ﴿إِنَّمَا عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ بۆچـوونی جیـاواز لەسـەری هەیە ، بەڵام لە پێشتر وبەهێزتر ئەوەیە بە گەیاندن بخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

(٣) له سورەتی [إبراهيم: ٣٤] یەك دەنگی زانایانی لەسەرە کە کار دەکرێت بـە پچڕاندن، بـەڵام زانایان بۆچوونیان جیاوازە لە سورەتی: [النساء: ٩١]، و [الأعراف: ٣٨]، و [المؤمنـون: ٤٤] و [الملك: ٨] ، کار دەکرێت بـە پچڕاندن لـە هـەردوو سورەتی: [النسـاء] و[المؤمنـون]، وە کـار دەکرێت بە گەیاندن لە هەردوو سورەتی: [الأعراف] و [الملك] ، جگـە لـەم پێنج شوێنە یـەك دەنگی زانایانی لەسەرە کە دەبێت کار بکرێت بە گەیاندن. (وەرگێڕ).

- ﴿فِي مَا﴾: لە [البقرة: ٢٤٠]، و[المائدة: ٤٨] ، و[الأنعام: ١٤٥و١٦٥] ، و[الأنبياء: ١٠٢] و [النور: ١٤] ، و[الشعراء: ١٤٦] ، و[الروم: ٢٨] ودوو شوێن لە [الزمر: ٣، ٤٦] ، و [الواقعة: ٦١].

- ﴿أَيْنَ مَا﴾: بەردەوام بە پچڕاوی نوسراوە، جگە لە چوار شوێن نەبێت، ئەوانیش: لە [البقرة: ١١٥] ، و[النساء: ٧٨][1]، و[النحل:٧٦]، و[الأحزاب: ٦١] [2].

- ﴿أَنْ لَّن﴾: بەردەوام بە پچڕاوی نوسراوە، جگە لە دوو شوێن نەبێت، لە (الكهف: ٤٨)، و(القيامة: ٣).

- ﴿أَن لَّوْ﴾: لە (الأعراف: ١٠٠)، و(الرعد: ٣١)، و(سبأ: ١٤).

- ﴿كَيْ لَا﴾: بەردەوام بە پچڕاوی نوسراوە، جگە لە چوار شوێن نەبێت، ئەوانیش: لە [آل عمران: ١٥٣]، و [الحج: ٥]، و دووەم شوێنی لە[الأحزاب: ٥٠] [3]، ولە[الحديد: ٢٣].

- ﴿عَن مَّن﴾: لە [النور: ٤٣] ، و[النجم: ٢٩].

- ﴿يَوْمَ هُم﴾: لە [غافر: ١٦] ، و[الذاريات: ١٣].

---

(١) بۆچوونی جیاواز هەیە لە سوڕەتی [النساء: ٧٨]، بەڵام پەسەندتر ئەوەیە کار بکرێت بە پچڕاندن. (وەرگێڕ).

(٢) هەروەها لە سوڕەتی [الشعراء: ٩٢]هاتووە، بۆیە لە سوڕەتی [الأحزاب: ٦١] و [الشعراء: ٩٢] دەتوانرێت کار بکرێت بە پچڕاندن وگەیاندن، چونکە هەردووکیان دروستە.(وەرگێڕ).

(٣) بۆیە دانەر باسی دووەم شوێنی کردووە چونکە لە یەکەم شوێندا لە سوڕەتی [الأحزاب: ٣٧] بە پچڕاوی هاتووە.(وەرگێڕ).

ئەگەر وشەیەك بە دوو بەش نوسرابوو ئەوا لەسەر بەشی دووەم دەوەستێنرێت نەوەکو بەشی یەکەم، وەك: ﴿ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلْ يَاسِينَ ﴾ [الصافات: ١٣٠] ، ونموونەی دووەمی نیە لەقورئاندا.

دووەم: وەستانی خۆویستی (الوقف الاختياري): وەستانی خۆویستی دابەش دەبێت بۆ دوو بەش: رێ پێدراو (جائز) ورێ پێنەدراو (ممنوع).

أ- وەستانی رێ پێدراو (الوقف الجائز): وەستانی رێ پێدراو دابەش دەبێت بۆ سێ بەش:

١- وەستانی تەواو (الوقف التام).

٢- وەستانی کافی (الوقف الكافي).

٣- وەستانی باش (الوقف الحسن).

١- وەستانی تەواو (الوقف التام): وەستانە لەسەر برگەیەك، کە واتای تەواو بێت وهیچ پەیوەندیەکی بەدوای خۆیەوە نەبێت نە لە رووی دەربڕینەوە - واتە: لە رووی (إعراب)ەوە - وە نە لە رووی واتاوە، وەکو وەستان لەسەر کۆتایی سورەتەکان، یان کۆتایی سیفاتی ئیمانداران یان بێ باوەڕان یان دوو رووەکان، یان کۆتایی هێنان بە باسی بەهەشت یان دۆزەخ یان باسێك لە باسەکان (أحد المشاهد)، یان کۆتایی چیرۆکەکان.

وەك وەستان لەسەر: ﴿ٱلْمُفْلِحُونَ﴾، ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾، ﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ ، هەموو ئەم نموونانە لەسەرەتای سورەتی (البقرة)دا هاتووە.

٢- وەستانی کافی (الوقف الكافي): وەستانە لەسەر برگەیەک، کە واتای تەواو بێت، وتەنها لەڕووی واتاوە پەیوەندی بەدوای خۆیەوە هەبێت، نەک لەڕووی دەربڕینەوە.

وەک وەستان لەسەر: ﴿يُؤْمِنُونَ﴾، ﴿وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ﴾، ﴿بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ﴾، ﴿نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾، ﴿وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ﴾، هەموو ئەم نموونانە لەسەرەتای سورەتی (البقرة)دا هاتووە.

٣- وەستانی باش (الوقف الحسن): وەستانە لەسەر برگەیەک، کە واتای تەواو بێت، بەڵام لەڕووی واتا وەدەربڕینەوە پەیوەندی بە دوای خۆیەوە هەبێت، باش نیە دەست پێبکرێت لەو شوێنەی بە دوای وەستانەکەوە هاتووە بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ شوێنێك لە پێشەوە، کە دروست بێت لەوشوێنەوە دەست پێبکرێتەوە، ئەگەر سەرەتای ئایەتیش نەبێت، وەک وەستان لەسەر وشەی: ﴿لِلَّهِ﴾ لە: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، وە وەک وەستان لەسەر وشەی: ﴿ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾ لە: ﴿قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝١ ٱلَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ۝٢﴾، وە وەک وەستان لە وشەی: ﴿ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، ﴿ٱلرَّحِيمِ﴾ لە سورەتی (الفاتحة).

بەڵام ئەگەر لەسەرەتای ئایەت بوو ئەوا دروستە دەست پێبکرێت بەوەی بە دوای وەستانەکەوە دێت، وەک سەرەتای حەوت ئایەتی سورەتی (المؤمنون)، وە لە سەرەتای ئایەتەکانی سورەتی (الفاتحة).

ب- وەستانی ڕێ پێنەدراو (الوقف الممنوع): وەستانی ڕێ پێنەدراو دوو بەشە:

ناشرین (قبیح) ٢- زۆر ناشرین (أَقْبَحُ مِنَ القَبيح).

١- وەستانی ناشرین (الوقف القبيح): ئەو وەستانەیە کە واتا نابەخشێت، وەکو وەستان لەسەر (مبتدأ) بە بێ (خبر)ەکەی، یان لەسەر (فعل) بە بێ (فاعل)ەکەی، یان لەسەر (فاعل) بە بێ (مفعول)ەکەی یان لەسەر (شرط) بە بێ (جواب)ەکەی، یان لەسەر (الحرف المشبه بالفعل) و(الفعل الناقص) بە بێ بوونی (اسم)ەکەیان یان (خبر)ەکەیان، وەك وەستان لەسەر وشەی: ﴿قَالَ﴾ لە :﴿قَالَ ٱللَّهُ﴾، وە وەك وەستان لەسەر وشەی: ﴿مُحَمَّدٌ﴾ لە:﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ﴾، وە وەك وەستان لەسەر وشەی: ﴿كَانَ﴾ لە : ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ﴾، وە وەك وەستان لەسەر وشەی: ﴿يَفْعَلْ﴾ لە :﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا﴾.

٢- وەستانی زۆر ناشرین (الوقف الأَقْبَحُ مِنَ القَبِيحِ): ئەو وەستانەیە کە پێچەوانەی مەبەستی خودایە، وە ئەمەش حەرامە ئەگەر ناچاری نەبێت، وە ئەگەر یەکێك بڕوای وابێت ئەوە کافر دەبێت، وەك وەستان لەسەر وشەی: ﴿يَسْتَحْيِۦٓ﴾ لە: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسْتَحْيِۦٓ أَن يَضْرِبَ مَثَلًا مَّا﴾ ، وە وەك وەستان لەسەر وشەی: ﴿ٱلصَّلَوٰةَ﴾ لە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ﴾، وە وەك وەستان لەسەر وشەی: ﴿ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ لە : ﴿يُدْخِلُ مَن يَشَآءُ فِى رَحْمَتِهِۦ ۚ وَٱلظَّٰلِمِينَ أَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾.

ئاگادارکردنەوە: دروستە لەسەر کۆتایی ئایەتەکان بوەستێنرێت، هەرچەندە لە ڕووی واتاوە پێویستی بە دوای خۆیەوە هەبێت، بەمەرجێ بەردەوام بێت لەسەر خوێندنەوەکەی.

وەک: ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ۝٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ﴾، ﴿أَلَآ إِنَّهُم مِّنۡ إِفۡكِهِمۡ لَيَقُولُونَ ۝١٥١ وَلَدَ ٱللَّهُ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ﴾.

ئاساییە قورئان خوێن ئەگەر ڕەچاوی نیشانەکانی وەستان بکات کە لە قورئاندا هاتووە وەک: (م، ج، قلی، صلی)[1]، ئەمانە نیشانەن بۆ وەستانی ڕێ پێدراو (الوقف الجائز)، وە (لا) نیشانەی وەستانی قەدەغەیە، و(∴ ∴)[2] نیشانەیە بۆ دروستی وەستان لەسەر یەکێکیان.

جیاوازی نیە وەستانی ڕێ پێدراو (الوقف الجائز) لە سەرەتای ئایەت یان بەشێکی ئایەت بێت، وەک وەستان لەسەر بەشێکی ئەم ئایەتە:﴿۞إِنَّمَا يَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسۡمَعُونَۘ وَٱلۡمَوۡتَىٰ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ﴾، وە وەک وەستان لەسەر ﴿يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ﴾ لە

---

(١) • (م): ئەم نیشانەیە هەندێک ناویان ناوە وەستانی پێویست (الوقف اللازم)، واتە: هەر کاتێک ئەم نیشانە هات ئەوا پێویستە لەو شوێنەدا بوەستێنرێت، وە هەندێکی تر ناویان ناوە وەستانی ڕوونکردنەوە (الوقف البَياني)، واتە: وەستان لەو شوێنەدا واتای ئایەتەکە ڕوون دەکاتەوە.

• (ج): لە (جواز الوقف)ەوە وەرگیراوە، واتە: وەستان دروستە.

• (قلی): لە (الوقف أولى)ەوە وەرگیراوە، واتە: وەستان باشترە.

• (صلی): لە (الوصل أولى) وەرگیراوە، واتە: گەیاندن باشترە. (وەرگێڕ).

(٢) دەوترێت (وقف التعانق)، واتە: ئەو وەستانەی کە باوەشیان بە یەکدا کردووە، واتە: بە دوای یەکدا هاتوونە، وە پێشی دەوترێت: (وَقْفُ المُرَاقَبَة). (وەرگێڕ).

ئایەتی :﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٌ ۗ لِّسَانُ ٱلَّذِى يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِىٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِىٌّ مُّبِينٌ ﴿١٠٣﴾ ﴾.

لە قورئاندا هیچ وەستانێکی پێویست (واجب) نیە، کە ئەگەر قورئان خوێن ئەنجامی نەدات گوناهبار ببێت[1].

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

(١) پێشەوا (ابن الجزري) لە (المقدمة الجزرية)ەکەیدا دەفەرموێت:

وليسَ في القرآنِ مِنْ وقْفٍ وجَب ولا حـرامٍ غيـرَ مـا لـه سَبَبْ

واتە: لە قورئاندا جێگایەک نیە کە وەستان تێیدا پێویست بێت، یان قەدەغە (حرام) بێت مەگەر هۆکارێکی هەبێت. (وەرگێڕ).

دەستپێکردن (الابتداء)

پێویستە لەسەر قورئان خوێن بە دوای دەست پێکردنی گونجاودا بگەڕێت، هەروەک چۆن بە دوای وەستانێکی گونجاودا دەگەڕێت، ودەست پێکردنیش دوو جۆرە: ڕێ پێدراو (جائز)، و ڕێ پێنەدراو (ممنوع).

جۆری یەکەم: دەستپێکردنی ڕێ پێدراو (الابتداء الجائز):

ئەمیش دوو جۆرە: تەواو (تام)، وکافی (کافٍ).

١- **دەستپێکردنی تەواو (الابتداء التام):** دەست پێکردنە بە بڕگەیەک کە واتای تەواو بێت وهیچ پەیوەندی نەبێت بە پێش خۆیەوە، نە لەڕووی دەربڕینەوە ـ إعراب ـ وە نە لە ڕووی واتاوە، وەک دەست پێکردن لە سەرەتای سورەتەکاندا: ﴿الٓمٓ ۝١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ﴾، یان سەرەتای چیرۆکەکان : ﴿كَذَّبَتۡ ثَمُودُ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝١٤١﴾، یان سەرەتای بڕیاردانی حوکمەکان: ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ﴾ ، یان سەرەتای باسکردنی بەهەشت ودۆزەخ، یان سەرەتای باسکردنی سیفاتی ئیمانداران، وەک: ﴿وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡيَمِينِ مَآ أَصۡحَٰبُ ٱلۡيَمِينِ ۝٢٧﴾، یان بێ باوەڕان، وەک: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ﴾ یان دووڕووەکان، وەک: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَمَا هُم بِمُؤۡمِنِينَ ۝٨﴾.

٢- **دەستپێکردنی کافی (الابتداء الكافي):** دەست پێکردنە بە بڕگەیەک کە واتای تەواو بێت، وپەیوەندی بە پێش خۆیەوە هەبێت لە ڕووی واتاوە نەوەک لە ڕووی دەربڕینەوە، وەک دەستپێکردن بە :﴿أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ﴾،

وه دەست پێکردن بە: ﴿ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، وه دەست پێکردن بە: ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡذِبُونَ ﴿١٠﴾﴾، وه دەست پێکردن بە: ﴿أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ وَلَٰكِن لَّا يَعۡلَمُونَ ﴿١٣﴾﴾.

جۆری دووەم: دەستپێکردنی ڕێ پێنەدراو (الابتداء الممنوع):

ئەمیش دوو جۆرە: ناشرین (قبیح) ، زۆر ناشرین (أَقْبَحُ مِنَ القَبيح).

١- دەستپێکردنی ناشرین (الابتداء القبيح): ئەو دەستپێکردنەیە کە واتا نابەخشێت، وەکو دەستپێکردن بە (فاعِل) بە بێ (فعل)ەکەی، وەک دەستپێکردن بە :﴿نُّوحٞ رَّبِّ إِنَّهُمۡ عَصَوۡنِي ﴾ لە ئایەتی:﴿ قَالَ نُوحٞ رَّبِّ إِنَّهُمۡ عَصَوۡنِي ﴾، وە یان دەست پێکردن بە (مفعول) بە بێ (فاعل)ەکەی، وەک دەست پێکردن بە: ﴿ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴾ لە ئایەتی: ﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴾.

هەروەها نابێت قورئان خوێن دەست پێبکات بە (الصفة) بە بێ (المَوصُوف)ەکەی، یان بە(البَدل) بە بێ (المُبْدَل منه)ەکەی، یان بە (التوكيد) بە بێ (المُؤَكَّد)ەکەی، یان بە (المضاف إليه) بە بێ (المضاف)ەکەی، وە هەروەها نابێت قورئان خوێن دەست پێبکات بە: (إلاَّ، لكنَّ، لعلَّ، كأنَّ، أنْ، أنَّ، عسى).

٢- دەستپێکردنی زۆر ناشرین (الابتداء الأَقْبَحُ مِنَ القَبِيحِ): دەست پێکردنە بە بڕگەیەک کە واتایەک ببەخشێت پێچەوانەی مەبەستی خودای گەورە بێت، وەک دەست پێکردن بە: ﴿ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗا ﴾ لە ئایەتی : ﴿ وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗا ﴾، وە وەک دەستپێکردن بە : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡمَسِيحُ ﴾ لە ئایەتی:

﴿ لَقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ﴾، بەراوردی نموونەکانی تر بکە لەسەر ئەم نموونانە.

ئاسایی ودروستە خوێنەر دەست پێبکات بە سەرەتای ئایەتێك جا هەر واتایەك بدات، وەك دەست پێکردن بە ئایەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥ ﴾، وە دەست پێکردن بە ئایەتی: ﴿ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ۝٤٠ ﴾، وە دەست پێکردن بە ئایەتی: ﴿ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَٰمَىٰ ﴾، وە دەست پێکردن بە ئایەتی: ﴿ بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ ﴾.

❖ ئەگەر وەستانەکە وەستانێکی تەواو بوو (تام)، ئەوا دەست پێکردن بە دوای وەستانەکە دەست پێکردنێکی تەواوە (تام)، وە ئەگەر وەستانەکە وەستانێکی کافی بوو، ئەوا دەست پێکردن بە دوای وەستانەکە دەست پێکردنێکی کافیە، وە ئەگەر وەستانەکە وەستانێکی باش بوو (حسن)، ئەوا دەست پێکردن بە دوای وەستانەکە دەست پێکردنێکی ناشرینە (قبیح)، بە مەرجێك لەسەرەتای ئایەت نەبێت، بەڵام ئەگەر وەستانەکە لە کۆتایی ئایەت بوو، ئەوا دەست پێکردن لە دوایەوە دەست پێکردنێکی دروستە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

وەستان بە بێ هەناسە (السَّكْت)

پێناسەکەی: وەستانە لە کاتی خوێندنەوەدا بە بێ هەناسەدان، بە ئەندازەی دوو حەرەکە[1]، بە مەبەستی بەردەوام بوون لەسەر قورئان خوێندن، ئەمەیش لە چوار شوێن یەک دەنگی لەسەرە، کە ئەمانەن:

١- لەنێوان هەردوو وشەی : ﴿عِوَجَاۜ ۝١﴾ و﴿قَيِّمًا﴾ لە سورەتی [الكهف: ١، ٢].

٢- لە نێوان هەردوو وشەی :﴿مَّرْقَدِنَاۜ﴾ و﴿هَٰذَا﴾ لە سورەتی [يس: ٥٢].

٣- لە نێوان هەردوو وشەی : ﴿مَنْۜ﴾ و﴿رَاقٍ﴾ لە سورەتی [القيامة: ٢٧].

٤- لە نێوان هەردوو وشەی :﴿بَلْۜ﴾ و﴿رَانَ﴾ لە سورەتی [المطففين: ١٤].

ئەوەی کە یەک دەنگی لەسەر نیە دوو شوێنە:

یەکەم: لە نێوان سورەتی [الأنفال] و[التوبة] : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ۝٧٥ بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ﴾، جگە لە (سکت) دوو شێوەی تری تێدا دروستە : گەیاندن (الوصل) و وەستان (الوقف).

دووەم: لە نێوان هەردوو وشەی: ﴿مَالِيَهْۜ﴾ و﴿هَلَكَ﴾ [الحاقة: ٢٨، ٢٩]، دوو شێوەی تری تێدا دروستە: تێهەلکێش کردن (الإدغام) ووەستان (الوقف).

---

(١) وەستانی (السکت) بە ئەندازەی دوو حەرەکە نابێت بووەستێنرێت، بەڵکو ماوەیەکی کەمتر لە دوو حەرەکەیە، وە ئەندازەی مانەوەکەیش بە گوێرەی جۆری قورئان خوێندنەکەیە، بۆیە بەگوێرەی هێواشی و مامناوەندی و خێرایییەوە دەگۆڕێت. (وەرگێڕ).

ئاگاداریەک: وشەی ﴿عِوَجَاۜ ۝١﴾ لە کۆتایی ئایەتە، و وشەی ﴿مِن مَّرۡقَدِنَاۜ﴾ کۆتایی قسەی بێباوەڕانە، بۆیە وەستان لەسەریان دروستە، لەبەر ئەوەی لە نموونەی یەکەم کۆتایی ئایەتە و نموونەی دووەم وەستانێکی تەواوە، وە گەیاندنیانیش بە دوای خۆیانەوە بە (سکت) کردن دروستە، بەڵام ﴿مَنۜۖ رَاقٖ﴾ و﴿بَلۜۖ رَانَ﴾ لەسەر هەردوو وشەی ﴿مَنۜ﴾ و﴿بَلۜ﴾ وەستان دروست نیە لەبەر ئەوەی هەردووکیان شوێنی وەستان نین، بەڵکو پێویستە (سکت) لەسەریان بکرێت لەگەڵ دەرخستنیان.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

باسێك لەسەر (الرَّوْم والإِشْمَام والإِسْكَان)

بنەڕەت لە وەستاندا سكونە، وە لە كاتی وەستاندا هەر سێ حەرەكە ببێت بە سكون، ودروستیشە ڕەوم (الروم) بكرێت لە كەسرە وضــەمە، وئیشمام (الإشمام) بكرێت لە ضــەمە[١].

یەكەم: ڕەوم (الرَّوْم)[٢]:

١- حەرەكەكە كەسی نزیك دەیبیسێت، بەڵام دوور نایبیسێت.

٢- ڕەوم تەنها لە كەسرە وضــەمەدا هەیە[٣].

٣- ڕەوم وەكو گەیاندنە (وصل) لە مەدد و قەڵەوكردن و باریككردنی پیتی (ڕاء).

---

(١) سودی ڕەوم وئیشمام ڕوونكردنەوەی حەرەكەی كۆتایی وشەیە لە كاتی وەستاندا، كە لە كاتی گەیاندنا بە تەواوی دەردەخرێت، ڕەوم دەكرێت بۆ ئەوەی گوێگر گوێی لێ بێت لەكاتێكدا نای بینێت ، وە ئیشمام دەكرێت بۆ ئەوەی بینەر ببینێت لەكاتێكدا نایبیسێت. (وەرگێڕ).

(٢) دەربڕینی (١/٣)ی حەرەكەیەكە، واتــە: حەرەكەكە بكرێت بــە سێ بەشــەوە، یــەك بەشی دەردەبڕدرێت. (وەرگێڕ).

(٣) ڕەوم لــە فەتحــەدا نیــە، چونكە فەتحــە حەرەكەیــەكی سوكە، بۆیــە ئەگــەر بەشێك لــەم حەرەكەیە دەربڕدرێت ئەوا ئەو كات بەشەكانی تریشی لەگەڵدا دێت، بــەڵام ڕەوم لــە ضــــەمە وكەسرەدا دەكرێت، چونكە حەرەكەیەكی قورسن. (وەرگێڕ).

حاڵەتەکانی ڕەوم:

ئەو وشانەی کە ڕەومی تێدا دەکرێت سێ حاڵەتیان هەیە:

أ - ڕەوم لە وشەیەکدا دەکرێت کە پێش کۆتایەکەی پیتی مەدد نەبێت:

وەک: ﴿وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ۝١﴾، ﴿سِحۡرٞ مُّسۡتَمِرّٞ ۝٢﴾، ﴿وَٱلۡفَجۡرِ ۝١﴾، ﴿وَلَيَالٍ عَشۡرٖ ۝٢﴾.

ب - ڕەوم لە وشەیەکدا دەکرێت کە پێش کۆتایەکەی پتی مەددی ئاسایی بێت:

وەک: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٢﴾، ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ۝٤﴾، ﴿نَسۡتَعِينُ ۝٥﴾، ﴿عَذَابَ يَوۡمٍ أَلِيمٍ ۝٢٦﴾، ﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ۝٧﴾.

ج- ڕەوم لە وشەیەکدا دەکرێت کە پێش کۆتایەکەی مەددی لکاو (مُتَّصِل) بێت:

وەک: ﴿ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ﴾، ﴿كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ﴾، ﴿لَسَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ۝٣٩﴾، ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ﴾.

بە ئەندازەی چوار یان پێنج حەرەکە درێژدەکرێتەوە وەکو چۆن لەکاتی گەیاندنیشدا ئەو ئەندازەیەی پێدەدرێت.

دووەم: ئیشمام (الإشْمَام):

١- جولاندنی هەردوو لێوە بەبێ دەنگ وەک ئاماژەیەک بۆ ضــەمە سڕاوەکە کەمێک لە دوای وەستان لەسەر وشەکە دەکرێت.

٢- ئیشمام تەنها لە ضــەمەدا دەکرێت[1].

حاڵەتەکانی ئیشمام:

ئەو وشانەی کە ئیشمامی تێدا دەکرێت سێ حاڵەتیان هەیە:

أ - ئیشمام لە وشەیەکدا دەکرێت کە پێش کۆتایەکەی پیتی مەدد نەبێت:

وەک: ﴿وَكُلُّ أَمْرٍ مُّسْتَقِرٌّ ۝٣﴾، ﴿فِيهِ مُزْدَجَرٌ ۝٤﴾.

ب - ئیشمام دەکرێت لە مەددی تووشهاتوو بە سکون (العارض للسكون):

وەک: ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ۝٧﴾، ﴿إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ ۝٦﴾.

ج- ئیشمام لە وشەیەکدا دەکرێت کە پێش کۆتایەکەی مەددی تووشهاتووی لکاو بێت (مد عارض متصل):

وەک: ﴿ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ﴾، ﴿كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ﴾.

---

(١) دروست نیە لە فەتحە و کەسرەدا بکرێت، چونکە فەتحە بە کردنەوەی هەردوو لێو بە بێ خڕکردنیان دەردەچێت، کەسرەیش بە دابەزاندنی لێوی خوار دەردەچێت، بەڵام ئیشمام کردن بە کۆکردنەوەی هەردوو لێو دەردەچێت کە تەنها حەرەکەی ضــەمە دەگرێتەوە، بۆیە ئەمەیش قورسە لەسەر حەرەکەی فەتحە وکەسرە. (وەرگێڕ).

❖ شێوازەکانی وەستان بە ڕەوم وئیشمام وسکون کردن:

وەستان لەسەر ئەو وشانەی کە پێش کۆتاییەکەیان پیتی مەددی ئاسایی (مد طبيعي) یان مەددی توشهاتووی لکاو (متصل عارض) نین:

١- وشەیەک کە کۆتایەکەی فەتحە یان سکون بێت بە یەک شێوە لەسەری دەوەستێنرێت، ئەویش تەنها بە سکون کردن.

وەک: ﴿إِنَّهُۥ فَكَّرَ وَقَدَّرَ ﴿١٨﴾ فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿١٩﴾ ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ ﴿٢٠﴾﴾ ــ (قَدَّرْ)، ﴿سَقَرُ ﴿٢٦﴾﴾ ــ (سَقَرْ)، ﴿ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾﴾ ــ (الدُّبُرْ)، ﴿وَٱصْطَبِرْ ﴿٢٧﴾﴾ ــ (وَاصْطَبِرْ)، ﴿قُمْ فَأَنذِرْ ﴿٢﴾﴾ ــ (قُمْ فأَنْذِرْ)، ﴿وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ﴿٣﴾﴾ ــ (فَكَبِّرْ).

٢- وشەیەک کۆتایەکەی کەسرە بێت وپێش کۆتایەکەشی مەدد نەبێت بەدوو شێوە لەسەری دەوەستێنرێت: بە سکون کردن وڕەوم کردن.

وەک: ﴿مَٰلِكِ﴾، ﴿وَٱلْفَجْرِ ﴿١﴾﴾، ﴿وَلَيَالٍ عَشْرٍ ﴿٢﴾﴾.

٣- وشەیەک کۆتایەکەی ضــەمە بێت وپێش کۆتایەکەشی مەدد نەبێت بە سێ شێوە لەسەری دەوەستێنرێت : بە سکون کردن وڕەوم وئیشمام.

وەک: ﴿نَعْبُدُ﴾، ﴿يَصَّٰلِحُ﴾.

❖ وەستان لەسەر ئەو وشانەی کە پێش کۆتایەکەیان پیتی مەددی ئاسایی بێت:

١- وشەیەك کۆتایەکەی فەتحە بێت وپێش کۆتایەکەشی مەددی ئاسای بێت لەسەری دەوەستێنرێت بە هەر سێ شێوەکەی سکون کردن: دوو حەرەکە (القصر)، چوار حەرەکە (التوسط)، شەش حەرەکە (الطول).

وەك: ﴿ٱلْمُؤْمِنُونَ﴾، ﴿ٱلْعَٰلَمِينَ﴾، ﴿ٱلصِّرَٰطَ﴾، ﴿ٱلْإِنسَٰنَ﴾، ئەمەیش مەددی تووشهاتووە بە سکون (العارض للسکون).

٢- وشەیەك کۆتایەکەی کەسرە بێت وپێش کۆتایەکەشی مەددی ئاسایی بێت، لەسەری دەوەستێنرێت بە چوار شێوە، ئەوانیش: سێ شێوەکەی مەددی توشهاتوو بە سکون کە پێشتر باسکرا، وشێوەی چوارەمیش ڕەومە بە ئەندازەی دوو حەرەکە.

وەك: ﴿بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٢١﴾﴾.

٣- وشەیەك کۆتایەکەی ضـــمە بێت وپێش کۆتایەکەشی مەددی ئاسایی بێت، لەسەری دەوەستێنرێت بە حەوت شێوە، ئەوانیش:

- ڕەوم بە ئەندازەی دوو حەرەکە.
- وسێ شێوەکەی مەددی توشهاتوو بە سکون.
- وهەر سێ شێوەکەی ئیشمام: (القصر)، و(التوسط)، و(الطول)، چونکە ئیشمام وەك سکون کردن وایە.

وەك: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾﴾، ﴿إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ ﴿٦﴾﴾.

❖ وەستان لەسەر ئەو وشانەی پێش کۆتاییان مەددی لکاوە (مُتَّصِل):

١- وشەیەك کۆتایەکەی فەتحە بێت وپێش کۆتایەکەشی مەددی لکاو بێت، بە سێ شێوە بە سکون کردن لەسەری دەوەستێنرێت:

- چوار حەرەکە (التوسط).
- پێنج حەرەکە (فُوَيْق التوسط).
- شەش حەرەکە (الطول).

چوار یان پێنج حەرەکەی پێدەدرێت، لەبەر ئەوەی مەددی لکاوە، وشەش حەرەکەی پێدەدرێت، لەبەر ئەوەی مەددی توشهاتووە، دوو حەرەکەی پێ نادرێت لەبەر بەهێزی هەمزەکە کە لە دوایەوە هاتووە.

وەك: ﴿بِمَا شَآءَ﴾، ﴿الدِّمَآءَ﴾.

٢- وشەیەك کۆتایەکەی کەسرە بێت وپێش کۆتایەکەشی مەددی لکاوبێت، بە پێنج شێوە لەسەری دەوەستێنرێت:

- سێ شێوەکەی سکون کردن کە پێشتر باسکرا[1].
- دوو شێوەکەی ڕەومیش کە ئەوانەش: چوار حەرەکە، وپێنج حەرەکەن.

وەك: ﴿مِنَ ٱلسَّمَآءِ﴾، ﴿مِن مَّآءٍ﴾.

٣- وشەیەك کۆتایەکەی ضەمە بێت وپێش کۆتایەکەشی مەددی لکاو بێت، بە هەشت شێوە لەسەری دەوەستێنرێت:

- بە سێ شێوەی سکون کردن:چوار حەرەکە، وپێنج حەرەکە، وشەش حەرەکە.
- دوو شێوەکەی ڕەوم: چوار حەرەکە، وپێنج حەرەکە.
- وسێ شێوەکەی ئیشمام: چوار حەرەکە ، وپێنج حەرەکە ، وشەش حەرەکە وەکو سکون کردن.

وەك: ﴿نَّشَآءُ﴾، ﴿يَشَآءُ﴾، ﴿ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟﴾.

---

(١) واتە: لە ڕووی درێژکردنەوەوە وەکو سکون کردنی پێ دەدرێت. (وەرگێڕ).

❖ چەند تێبینییەك كە پەیوەندی بە ڕەوم وئیشمامەوە هەیە:

١- (نون) ئیشمام دەكرێت لە وشەی: ﴿ تَأۡمَنَّا ﴾ چونكە بنچینەكەی: (تَأۡمَنُنَا)یە، بۆیە ئیشمام دەكرێت وەك جیاكاریەك لە (الجزم)ەوە بۆ(الرفع).

٢- ڕەوم وئیشمام لە (تاء التأنيث المربوطة)دا نیە، چونكە لە هەر كوێ بێت بە (هاء) لەسەری دەوەستێنرێت:

وەك: ﴿إِذَا وَقَعَتِ ٱلۡوَاقِعَةُ ۝١﴾، ﴿لَيۡسَ لِوَقۡعَتِهَا كَاذِبَةٌ ۝٢﴾.

٣- ڕەوم وئیشمام لە حەرەكەی توشهاتوو (العارضة) نیە.

وەك: ﴿قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ ﴾، ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ ﴾.

٤- بۆچونی زانایان جیاوازە دەربارەی ڕەوم وئیشمامی (هاء)ی ڕاناو[1].

وەك: ﴿قَالَ لِبَنِيهِ ﴾، ﴿أَخِيهِ ۝٣٤﴾، ﴿إِنَّهُۥ ﴾، ﴿ءَايَتُهُۥ ﴾، ﴿خُذُوهُ ﴾، ﴿فَغُلُّوهُ ۝٣٠﴾، ﴿صَلُّوهُ ۝٣١﴾ ، ﴿مِنۡهُ ﴾، ﴿كِتَٰبَهُۥ ﴾، ﴿بِهِۦ ﴾.

٥- لەكاتی وەستان لە سەر ناوێك (اسم) بە ڕەوم كردن تەنوین نامێنێت، بەڵام حەرەكەكەی دەمێنێت.

وەك: ﴿شُهُودٌ ۝٧﴾، ﴿بِعَادٍ ۝٦﴾.

---

(١) زانایان سێ بۆچوونیان هەیە دەربارەی ڕەوم وئیشمام كردن لە (هاء)ی ڕاناو، كە ئەمانەن:

بۆچوونی یەكەم: ڕەوم وئیشمام لە (هاء)ی ڕاناو دروست نیە بە هیچ شێوەیەك

بۆچوونی دووەم: ڕەوم وئیشمام لە (هاء)ی ڕاناو دروستە بە هەموو شێوەیەك.

بۆچوونی سێیەم: بۆچوونێكی پەسەند وڕوونكەرەوەیە، كە ئەویش:

١- ڕەوم وئیشمام كردن لە (هاء)ی ڕاناو دروست نیە ئەگەر (یاء)یێكی ساكن یان كەسرە یان (واو)یێكی ساكن یان ضمەمە لە پێشی هاتبوو، وەك: ﴿قَالَ لِبَنِيهِ ﴾، ﴿بِهِۦ ﴾، ﴿خُذُوهُ ﴾، ﴿ءَايَتُهُۥ ﴾.

یەکسانکردنەوەی مەددەکان (تسوية المدود)

بزانە ئەی برای قورئان خوێن مەددەکان هەندێکیان یەکسانن لە بەهێزیدا، وە هەندێکیان یەکسانن لە پلەدا، وە هەندێکیان جیاوازن لە بەهێزیدا، وە هەندێکیان جیاوان لە پلەدا، مەددی جیا (المنفصل) و لکاو (المتصل) یەکسانن لە بەهێزی وپلەدا، وە مەددی لین وتوشهاتوو (العارض) یەکسانن لە پلەدا، وجیاوازن لە بەهێزیدا، مەددی توشهاتوو بەهێزترە لە مەددی لین، بۆیە مەددی توشهاتوو یان هاوشێوەی مەددی لینە یان بەرزترە لێی، وە مەددی لین یان هاوشێوەی مەددی توشهاتووە (العارض)، یان نزمترە لێی[1].

ئەوەش بزانە مەددی پێویست (الواجب) ڕێگری دەکات لە وەی مەددی ڕێگە پێدراو(الجائز) دوو حەرەکەی پێ بدرێت، وەکو مەددی لکاوی توشهاتوو (المتصل العارض)، ولەو نمونانەی دێت بەم نزیکانە بۆتان ڕوون دەکەینەوە.

٢- ڕەوم ئیشمام کردن لە (هاء)ی ڕاناو دروستە ئەگەر پیتێك سکونەکەی بنەڕەتی بێت یان ئەلیف یان فەتحە لە پێشی هاتبوو، وەك: ﴿مِنْهُ﴾، ﴿اَجْتَبَنْهُ﴾، ﴿كِتَبُهُ﴾. (وەرگێڕ).

(١) ئەگەر دوو مەدد لە وشەیەکدا کۆبوویەوە ئەوا دەبێت بە گوێرەی بەهێزی مەدەکە مەددی پێ بدرێت کە پێشەوا (إبراهيم السَّمَنُّودي) مەددەکانی بە گوێرەی بەهێزی لەم هۆنراوەیەدا ڕێکخستووە:

أَقْوى الـمُدُودِ لازمٌ فما اتَّصَلْ فعـارِضٌ فـذُو انْـفِـصـالٍ فـبَـدَلْ

واتە: بەهێزترین مەدد مەددی لازمە، پاشان مەددی لکاو، پاشان مەددی توشهاتوو، پاشان مەددی جیا، پاشان مەددی گۆڕاو کە لاوازترین مەددە ئەگەر لەگەڵ مەدێکی تردا کۆببێتەوە، بۆ نموونە لە وشەی: ﴿ءَآللَّهُ﴾ مەدی پێویست وگۆڕاوی تێدایە، لێرەدا مەددی پێویست پێش دەخرێت، واتە: شەش حەرەکە درێژ دەکرێتەوە، چونکە بە هێزترین مەددە، وە هەروەها بەراوردی بکە لە سەر مەددەکانی تر. (وەرگێڕ)

بەشی یەکەم: بۆ هەمزەی مەددی جیاو ولکاو:

١- پێویستە ئەو مەددە هاوشێوانەی کە لە هەمان پلەدان وەک یەک دریژبکرێنەوە بە شێوەیەک ئەگەر ئایەتێک دوو مەددی لکاوی تێدا بوو، ئەگەر مەددی یەکەم چوار حەرەکەی پێ بدرێت، ئەوا دەبێت دووەمیش چوار حەرەکەی پێ بدرێت، وە هەروەها ئەگەر مەددی یەکەم پێنج حەرەکەی پێ بدرێت ، ئەوا دەبێت دووەمیش پێنج حەرەکەی پێ بدرێت.

وەک: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ (١) عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ (٢) هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾.

(١) مەددێکی لکاوە. (٢) مەددێکی لکاوە.

وە هەروەها ئەگەر دوو مەددەکە مەددی جیا بوون هاوشێوەی ئەوەیە کە پێشتر باسکرا.

وەک: ﴿حَتَّىٰٓ يَأْذَنَ لِىٓ (١) أَبِىٓ (٢) أَوْ يَحْكُمَ ٱللَّهُ لِى ۖ﴾.

(١) مەددێکی جیایە. (٢) مەددێکی جیایە.

٢- ئەگەر لە ئایەتەکەدا مەددێکی جیا یان لکاو هەبێت، وە لە دوایەوە مەددێکی لکاو پەڕگیر (متصل متطرِّف) بێت کە هەمزەکەی فەتحەدار بێت، ئەوا چوار شێوەی تێدایە:

أ- مەددی یەکەم چوار حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی دووەم چوار حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.

ب- مەددی یەکەم پێنج حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی دووەم پێنج حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.

وەک: ﴿يَٰٓأَيُّهَا (١) ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ (٢)﴾.

(١) مەددێکی جیایە. (٢) مەددێکی لکاوە کە هەمزەکەی فەتحەدارە.

﴿وَمَا تَشَآءُونَ (١) إِلَّآ أَن يَشَآءَ (٢)﴾

(١) مەددێکی لکاوە. (٢) مەددێکی لکاوە کە هەمزەکەی فەتحەدارە.

٣- ئەگەر لە ئایەتێکدا مەددێکی لکاو یان مەددێکی جیا بوو، وە لە دوایەوە مەددێکی لکاو بێت کە هەمزەکەی کەسرەدار بێت لەسەری دەوەستێنرێت بە شەش شێوە:

أ- مەددی یەکەم چوار حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی دووەم چوار حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.
- یان چوار حەرەکەی پێ بدرێت بە ڕەوم کردنی.

ب- مەددی یەکەم پێنج حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی دووەم پێنج حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.
- یان پێنج حەرەکەی پێ بدرێت بە ڕەوم کردنی.

وەك: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ (١) إِلَى ٱلسَّمَآءِ (٢)﴾.

(١) مەددێکی جیایە. (٢) مەددێکی لکاوی پەڕگیرە کە هەمزەکەی کەسرەدارە.

﴿فَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡبَأۡسَآءِ (١) وَٱلضَّرَّآءِ (٢)﴾.

(١) مەددێکی لکاوە. (٢) مەددێکی لکاوی پەڕگیرە کە هەمزەکەی کەسرەدارە.

٤- ئەگەر لە ئایەتێکدا مەددی جیا یان لکاو هەبوو، وە لە دوایەوە مەددێکی لکاو بێت کە هەمزەکەی ضـــەمەدار بوو، لەسەری دەوەستێنرێت بە (١٠) شێوە:

أ- مەددی یەکەم چوار حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی دووەم چوار حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.
- یان چوار حەرەکەی پێ بدرێت بە ڕەوم کردنی.
- یان چوار حەرەکەی پێ بدرێت بە ئیشمام کردنی.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت بە ئیشمام کردنی.

ب- مەددی یەکەم پێنج حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی دووەم پێنج حەرەکەی پێ بدرێت بە ڕەوم کردنی.
- یان پێنج حەرەکەی پێ بدرێت بە ئیشمام کردنی.
- یان پێنج حەرەکەی پێ بدریت بە سکون کردنی.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت بە ئیشمام کردنی.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت بە سکون کردنی.

وەک: ﴿أَنُؤْمِنُ كَمَآ(١) ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُ(٢)﴾.

(١) مەددێکی جیایە. (٢) مەددێکی لکاوی پەڕگیرە.

﴿وَقَالُواْ قَدْ مَسَّ ءَابَآءَنَا(٢) ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ(٢)﴾.

(١) مەددێکی لکاوە. (٢) مەددێکی لکاوی پەڕگیرە.

بەشی دووەم: بۆ سکونکردنی مەددی توشهاتوو (العارض) ولین:

١- ئەگەر مەددی توشهاتوو پێش مەددی لین کەوتبوو ئەوا مەددی لین بە شەش شێوە لەسەری دەوەستێنرێت:

ا- مەددی توشهاتوو دوو حەرەکەیە، بۆیە دەبێت:

- مەددی لین دوو حەرەکەی پێ بدرێت.

ب- مەددی توشهاتوو چوار حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی لین چوار حەرەکەی پێ بدرێت
- یان دوو جوڵەی پێ بدرێت.

ج- مەددی توشهاتوو شەش حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی لین شەش حەرەکەی پێ بدرێت.
- یان چوار حەرەکەی پێ بدرێت.
- یان دوو حەرەکەی پێ بدرێت.

وەک: ﴿يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ۩(١) ﴿٥٠﴾ ۞ وَقَالَ ٱللَّهُ لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيْنِ ٱثْنَيْنِ(٢)﴾.

(١) مەددێکی توشهاتووە. (٢) مەددێکی لینە.

٢- ئەگەر مەددی لین پێش مەددی توشهاتوو کەوتبوو ئەوا شەش شێوەی تێدایە:

أ- مەددی لین دوو حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی توشهاتوو دوو حەرەکەی پێ بدرێت.
- یان چوار حەرەکەی پێ بدرێت.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت.

ب- مەددی لین چوار حەرەکەیە، بۆیە دەتوانرێت:

- مەددی توشهاتوو چوار حەرەکەی پێ بدرێت.
- یان شەش حەرەکەی پێ بدرێت.

ج- مەددی لین شەش حەرەکەیە، بۆیە دەبێت:

- مەددی توشهاتوو تەنها شەش حەرەکەی پێ بدرێت.

وەک: ﴿فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ(١) يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّوا۟ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ(٢) ﴿١٧٦﴾﴾

(١) مەددێکی لینە. (٢) مەددێکی توشهاتووە.

وەستان لەسەر دوو مەددی توشهاتوو[1]:

---

(١) پێشەوا (ابن الجزري) لە (المقدمة الجزرية)دا دەفەرموێت:

وَرَدُّ كُـلِّ وَاحِـدٍ لأَصلِهِ وَاللَّفْظُ فِـي نَظِيـرِهِ كَمِثْلِـهِ

أ- پێویستە هەردوو مەددی توشهاتوو بە یەکسانی درێژبکرێتەوە، بە شێوەیەك ئەگەر لەسەر یەکەمیان بە دوو حەرەکە وەستێنرا، ئەوا پێویستە لەسەر دووەمیان بە هەمان ئەندازە بوەستێنرێت.

ب- ئەگەر لەسەر یەکێکیان بە چوار حەرەکە وەستێنرا ، پێویستە لەسەر دووەمیان بە هەمان ئەندازە بوەستێنرێت.

ج- ئەگەر لەسەر یەکەمیان بە شەش حەرەکە وەستێنرا ، پێویستە لەسەر دووەمیان بە هەمان ئەندازە بوەستێنرێت.

وەك: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ (١) ۝١ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ (٢) ۝٢﴾.

(١) مەددێکی توشهاتووە. (٢) مەددێکی توشهاتووە.

وەستان لەسەر دوو مەددی لین:

أ- پێویستە هەردوو مەددە لینەکە بە یەکسانی درێژبکرێنەوە، بە شێوەیەك ئەگەر لەسەر یەکەمیان بە دوو حەرەکە وەستێنرا، پێویستە لەسەر دووەمیان بە هەمان ئەندازە بوەستێنرێت.

ب- ئەگەر لەسەر یەکەمیان بە چوار حەرەکە وەستێنرا ، پێویستە لەسەر دووەمیان بە هەمان ئەندازە بوەستێنرێت.

واتە: گێڕانەوەی هەموو پیتێك بۆ شوێنی دەرچوونی سەرەکی خۆی ، دەربڕینی پیتێك هاوشێوەی پیتێکی تر کاتێك دووبارە ببێتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر مەددی توشهاتوو بە سکون لە سەرەتای خوێندندا بە ئەندازەی دوو حەرەکە درێژکرایەوە، ئەوا دەبێت تا کۆتایی قورئان خوێندنەکە مەددی توشهاتوو تەنها دوو حەرەکەی پێ بدرێت، هەروەها دەبێت پەچاوی ئەمە بکرێت لە کاتی خوێندنەوەی مەددەکانی تردا. (وەرگێڕ).

ج- ئەگەر لەسەر یەکەمیان بە شەش حەرەکە وەستێنرا ، پێویستە لەسەر دووەمیان بە هەمان ئەندازە بوەستێنرێت.

وەک: ﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ (١) ۝١ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ (٢) ﴾.

(١) مەددێکی لینە. (٢) مەددێکی لینە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ڕونکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پێویستە ڕەچاوبکرێن لە خوێندنەوەی (حفص)دا لە کورتکردنەوەی مەددی جیا (قصر المنفصل) لە ڕێگەی (الفيل) ئەویش لە ڕێگەی (عمرو)ی کوڕی (الصباح)، وئەویش لە (حفص)ی کوڕی (سليمان)ەوە وەری گرتووە[1]

	لەخوێندنەوەی (طَيِّبَة النَّشْر)	لە خوێندنەوەی (حِرْز الأماني الشَّاطبيَّة)
١	خوێندنی (بَسْمَلَة) لە سەرەتای سورەتەکاندا لەبەر پیرۆزی.	دروستی خوێندن و نەخوێندنی (بَسْمَلَة).
٢	کورتکردنەوەی مەددی جیا (المنفصل) بۆ دوو حەرەکە.	درێژکردنەوەی مەددی جیا (المنفصل) بە ئەندازەی چوار حەرەکە.
٣	گۆڕینی هەمزەی گەیاندنی (أل)ی ناساندن کە لە دوای هەمزەی پرسیارکردن هاتووە لە وشەکانی: ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ، ءَآلْـَٰٔنَ، ءَآللَّهُ﴾.	دروستی هەردوو شێوەکە (الإبدال) و(التسهيل).
٤	ئیشمام کردن لە: ﴿تَأْمَنَّا﴾ یە.	ئیشمام وئیختلاس کردن (الاختلاس).
٥	نەکردنی سەکتە لە: ﴿عِوَجَاۜ، مَّرْقَدِنَا ، مَنْۜ رَاقٍ، بَلْۜ رَانَ﴾ لە کاتی گەیاندندا.	سەکتە کردن لە هەر چوار شوێنەکە لە کاتی گەیاندندا.
٦	خوێندنەوەی پیتی (عەین) تەنها بە چوار حەرەکە.	خوێندنەوەی پیتی (عەین) بە چوار یان شەش حەرەکە.
٧	قەڵەوکردنی پیتی (ڕاء) لە وشەی: ﴿فِرْقٍ﴾.	دروستی خوێندنەوەی بە قەڵەوی وبە باریکیش.
٨	نەخوێندنەوەی پیتی (یاء) لە وشەی: ﴿ءَاتَنِۦَ﴾ (النمل: ٢٦) لە کاتی	دروستی خوێندنەوەی بە هەردوو شێوەکە:

(١) ئەگەر دانەر ڕێگەیەکی تری بهێنایە باشتر بوو، وەکو ڕێگەی (الحمَّامي) لە کتێبی (المصباح)، یان هەر ڕیگەیەکی تر کە جیاوازییەکەی کەمتر بێت لەگەڵ (الشاطبية)دا بەراورد بەم ڕێگەیە کە دانەر هێناویەتی، بۆیە بە باشمان زانی ڕێگەی (الحمَّامي) لە کتێبی (المصباح) بهێنین بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە. (وەرگێڕ).

	وەستاندا.	خوێندنەوەی (یاء)ەکە ونەخوێندنەوەی.
٩	خوێندنەوەی فەتحەدار کردنی (ضاد)ی ﴿ضَعۡفٍ﴾، ﴿ ضَعۡفٗا ﴾ لە هەر سێ وشەکەی سورەتی (الروم).	دروستی خوێندنەوەی بە هەردوو شێوەکە: فەتحەدار کردن وضمەدار کردنی (ضاد)ەکە.
١٠	خوێندنەوەی ﴿ وَيَبۡصُۜطُ ﴾، ﴿ بَصۡطَةٗ ﴾ تەنها بە (صاد).	خوێندنەوەی تەنها بە (سین).
١١	خوێندنەوەی ﴿ٱلۡمُصَيۡطِرُونَ﴾ لە سورەتی (الطور) تەنها بە (سین).	خوێندنەوەی بە دوو شێوە: بە (سین) و(صاد)یش.
١٢	نەخوێندنەوەی ئەلیف لە وشەی: ﴿سَلَٰسِلَاْ﴾ لەکاتی وەستاندا.	خوێندنەوەی بە دوو شێوە لە کاتی وەستاندا: خوێندنەوەی ئەلیف ونەخوێندنەوەی.
١٣	تەنها تێهەڵکێش کردنی (قاف) بە تێهەڵکێش کردنێکی تەواو لە وشەی: ﴿أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم﴾.	تێهەڵکێش کردنی تەواو وناتەواو[1].

(١) پێشتر باسمان کرد کە تەنها بە تێهەڵکێش کردنی تەواو دەخوێندرێتەوە. (وەرگێڕ).

ڕێگەی (الحمّامي) لە کتێبی (المصباح) نەویش لە (الولي) وە نەویش لە (الفيل) وە نەویش لە (عمرو بن الصباح) وە نەویش لە (حفص بن سليمان) ەوە وەری گرتووە

	لەخوێندنەوەی (طَيِّبَة النَّشْر)	لە خوێندنەوەی (حِرْز الأماني الشَّاطبيّة)
١	کورتکردنەوەی مەددی جیا (المنفصل) بۆ دوو حەرەکە.	درێژکردنەوەی مەددی جیا (المنفصل) بە نەندازەی چوار حەرەکە.
٢	تەنها خوێندنەوەی بە (الإبدال) لە وشەکانی: ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ، ءَآلْـَٰٔنَ، ءَآللَّهُ﴾.	دروستی هەردوو شێوەکە (الإبدال) و(التسهيل).
٣	ئیشمام کردن لە: ﴿تَأْمَنَّا﴾ یە.	ئیشمام وئیختلاس کردن (الاختلاس).
٤	خوێندنەوەی پیتی (عەین) تەنها بە چوار حەرەکە.	خوێندنەوەی پیتی (عەین) بە چوار یان شەش حەرەکە.
٥	قەڵەوکردنی پیتی (ڕاء) لە وشەی: ﴿فِرْقٍ﴾.	دروستی خوێندنەوەی بە قەڵەوی وبە باریکیش.
٦	نەخوێندنەوەی پیتی (یاء) لە وشەی: ﴿ءَاتَنِۦَ﴾ (النمل: ٢٦) لە کاتی وەستاندا.	دروستی خوێندنەوەی بە هەردوو شێوەکە: خوێندنەوەی (یاء)ەکە ونەخوێندنەوەی.
٧	خوێندنەوەی فەتحەدار کردنی (ضاد)ی ﴿ضَعْفٍ﴾، ﴿ضَعْفًا﴾ لە هەر سێ وشەکەی سورەتی (الروم).	دروستی خوێندنەوەی بە هەردوو شێوەکە: فەتحەدار کردن وضمەدار کردنی (ضاد)ەکە.
٨	خوێندنەوەی ﴿وَيَبْصُۜطُ﴾، ﴿بَصْطَةً﴾ تەنها بە (صاد).	خوێندنەوەی تەنها بە (سین).
٩	خوێندنەوەی ﴿ٱلْمُصَيْطِرُونَ﴾ لە سورەتی (الطور) تەنها بە (سین).	خوێندنەوەی بە دوو شێوە: بە (سین) و(صاد)یش.
١٠	نەخوێندنەوەی ئەلیف لە وشەی: ﴿سَلَـٰسِلَاْ﴾ لەکاتی وەستاندا.	خوێندنەوەی بە دوو شێوە لە کاتی وەستاندا: خوێندنەوەی ئەلیف ونەخوێندنەوەی.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

کۆتایی

کۆتایم هێنا له نوسینەوەی ئەم (مذكرة)یە له سەرەتای ساڵی ١٤٠٧ له کۆچکردنی پێغەمبەری مەزن ﷺ، وستایشی خوای بەرز وبالآدەست دەکەم وصەلآت وسەلامیش لەسەر ئەو کەسە بێت کە ئەم کتێبەی بو دابەزێنراوە، وە لەسەر خزم وکەس وکاری وهاوەلآنی، وە لەسەر ئەوانەش بێت کە دەستیان گرتووە بە ڕێگەی پێغەمبەرەوە ﷺ له دوای خۆی.

وآخرُ دعوانا أنِ الحمدُ لله ربِّ العالمين

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ناوەڕۆک

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی بەڕێز ماموستا خلیل أحمد	٣
پێشەکی وەرگێڕ	٥
پێشەکی دانەر	٧
ژیاننامەکان	١٠
بنچینەکانی ناسینی زانستی تەجوید	١٣
تەجوید	١٥
حوکمەکانی پەناگرتن وناوی خوا هێنان (الاسْتِعَاذَة و البَسْمَلَة):	١٧
یەکەم: پەناگرتن (الاستعاذة)	١٧
دووەم: ناوی خوا هێنان (البسملة)	١٧
پێنجەم: (بسملة) لە نێوان دووسورەتدا:	١٩
١- شێوازە دروستەکان	١٩
٢- شێوەی قەدەغەلێکراو (نا دروست)	٢٠
حوکمەکانی نونی زەنەدار (الساكنة) وتەنوین:	٢٢
یەکەم: ئاشکراکردن (الإظهار)	٢٣
دووەم: تێهەڵکێش کردن (الإدغام)	٢٤
ئاشکرا کردنی ڕەها (الإظهار المطلق)	٢٦
سێیەم: هەڵگەڕانەوە (الإقلاب)	٢٧
چوارەم: شاردنەوە (الإخفاء)	٢٨

حوکمەکانی (میم)ی زەنەدار (الساكنة):	٣٠
یەکەم: تێهەڵکێش کردنی لێوی (الإدغام الشفوي)	٣٠
دووەم: شاردنەوەی لێوی (الإدغام الشفوي)	٣٠
سێیەم: ئاشکرا کردنی لێوی (الأظهار الشفوي)	٣١
مینگە (الغنة):	٣٣
١- شوێنەکانی ئاشکراکردنی مینگە بەئەندازەی دوو حەرەکە لە (نون)دا	٣٣
٢- شوێنەکانی لە (میم)دا	٣٤
٣- شوێنەکانی لە (باء)دا	٣٤
٤- شوێنی ئاشکرا کردنی لە (لام)ی (أل)ی ناساندن (التعريف)	٣٤
حوکمەکانی (لام):	٣٦
١- (لام) لە سەرەتای وشەدا:	٣٦
أ- (لام)ی شەمسی	٣٦
ب- (لام)ی قەمەری	٣٧
٢- (لام) لە ناوەڕاستی وشەدا	٣٨
٣- (لام)ی پەڕگیر (المُتَطرِّفة)	٣٨
درێژکردنەوە وبەشەکانی (المد وأقسامه):	٤٠
یەکەم: مەددی ئاسایی (بنەڕەتی)	٤٠
جوڵە (الحركة)	٤٠
پاشکۆکانی مەددی ئاسایی (المد الطبيعي)	٤٢
١- مەددی گۆڕاو (مد البدل)	٤٢

٢- مەددی لە جیاتی (مد العِوَض)	٤٤
ناگاداریەك دەربارەی وەستان لەسەر کرداری (فعل) تەنویندار	٤٥
٣- ئەلیف لە ڕێنووسی ئەم پێنج پیتە (حَيٌّ طَهُر)، لە سەرەتای سورەتەکاندا	٤٦
٤- مەددی گەیاندنی بچوك (مد الصلة الصغرى)	٤٦
دووەم: مەددی لاوەکی (المد الفرعي):	٤٨
یەکەم: مەدد بەهۆی هەمزەوە:	٤٨
أ - مەددی پێویستی لکاو (المد الواجب المتَّصل)	٤٩
ب - مەددی ڕێپێدراوی جیا (المد الجائز المُنْفَصِل)	٤٩
ج - مەددی گەیاندنی گەورە (مد الصِلة الكبرى)	٥٠
دووەم: مەددی لاوەکی بە هۆی سکونەوە:	٥١
أ - مەددی تووشهاتوو بە سکون:	٥١
١ - مەددی توشهاتوو بە سکون (المد العارض للسكون)	٥١
مەددی لکاوی پەڕگیری توشبوو بە سکون (المد المتصل المتطرف العارض):	٥١
٢ - مەددی لین (مد اللين)	٥٢
ب- مەددێك سکونەکەی بنەڕەتی بێت، کە ئەویش مەددی پێویستە (المد اللازم):	٥٣
یەکەم: مەددی پێویستی وشەیی (المد اللازم الكلمي)	٥٤
تێبینیەك: ئەگەر هەمزەی پرسیارکردن (استفهام) کەوتبووە پێش هەمزەی (أل)ی ناساندن (التعريف)	٥٤

دووەم: مەددی پێویستی پیتی (المد اللازم الحرفي):	٥٥
ئەو پیتانەی کە لە سەرەتای سورەتاکانەوە هاتووە	٥٨
ئەو ئەلیفانەی لەکاتی وەستان دەخوێندرێتەوە وەلەکاتی گەیاندنا ناخوێندرێتەوە	٥٩
سڕینەوەی پیتی مەدد بە هۆی گەیشتنی دوو ساکن بە یەکتر	٦٢
دەنگ بەرزکردنەوە (النَّبْر)	٦٣
شوێنی دەرچونی پیتەکان (مخارج الحروف):	٦٦
١- بۆشایی نێوان قورگ ودەم (الجوف)	٦٦
٢- قورگ (الحلق)	٦٧
٣- زمان (اللسان)	٦٨
٤- هەردوو لێو (الشفتان)	٧١
٥- بۆشایی لووت (الخيشوم)	٧٢
چەند ئاگاداریەك	٧٣
١- ناسینی شوێنی دەرچوونی پیت	٧٣
٢- شوێنی دەرچونی ئەو پیتانەی کە شوێنیان دیاری کراوە ودیاری نەکراوە	٧٣
٣- ژمارەی پیتەکانی عەرەبی وتەجوید	٧٤
وێنەی زمان وشوێنی دەرچوونی پیتەکان	٧٥
سیفەتی پیتەکان (صفات الحروف):	٨٨
یەکەم: سیفەتە خۆییەکان (الصفات اللازمة):	٨٨
أ- سیفەتە دژیەکەکان (الصفات المتضادة):	٨٨

ب- سیفەتە بێ دژەکان (صفات غير متضادة):	٩٢
تێبینی: ئەو سیفەتانەی کە هەر پیتێك لە پیتەکان داوای دەکات وەدەی خوازێت	٩٥
خشتەی شوێنی دەرچونی پیتەکان وسیفەتەکانیان بە گوێرەی رێکخستنی پیتەکانی زمانی عەرەبی	٩٦
دووەم: سیفەتە توشهاتووە زیادەکان (الصفات العارضة (الزائدة)):	١٠١
قەڵەوکردن (التفخيم) وباریککردن (الترقيق):	١٠١
یەکەم: قەڵەوکردنی (راء) و باریککردنی (تفخيم الراء وترقيها):	١٠٢
دووەم: قەڵەوکردنی (لام) وباریککردنی (تفخيم اللام و ترقيقها)	١٠٧
سێیەم: قەڵەوکردنی ئەلیف و باریککردنی (تفخيم الألف وترقيقها)	١٠٨
چوارەم: قەڵەوکردنی مینگە و باریك کردنی (تفخيم الغنة وترقيقها)	١٠٨
تێهەڵکێش کردن وبەشەکانی (الإدغام وأقسامه):	١١٠
تێهەڵکێش کردنی گەورە (الإدغام الكبير)	١١٠
تێهەڵکێش کردنی بچوك بە هەر سێ جۆرەیەکەوە: لە یەکچوو (متماثل) ، هاو ڕەگەز (متجانس)، لە یەك نزیك (متقارب):	١١١
١- لە یەکچوو (المتماثل)	١١١
٢- هاو ڕەگەز (المتجانس)	١١٢
٣- لە یەك نزیك (المتقارب)	١١٥
تێهەڵکیش کردنی ناتەواو (الإدغام الناقص)	١١٥
تێهەڵکیش کردنی تەواو (الإدغام الكامل)	١١٦
هەمزەی گەیاندن (همزة الوصل):	١١٨
أ- هەمزەی گەیاندن لە پیتدا	١١٨

ب– هەمزەی گەیاندن لە ناودا	١١٨
ج– هەمزەی گەیاندن لە کرداردا	١١٩
حەرەکەی هەمزەی گەیاندن	١٢١
حەرەکە دانان بۆ پیتێکی ساکن ئەگەر لە پێشی هەمزەی گەیاندنەوە هاتبێت	١٢٢
چەند ئاگادارکردنەوەیەکی گرنگ کە پەیوەندی بەخوێندنەوەوە هەیە:	١٢٤
ئاگادارکردنەوەی یەکەم	١٢٤
ئاگادارکردنەوەی دووەم	١٢٤
ئاگادارکردنەوەی سێیەم	١٢٥
لارکردنەوە (الإمالة)	١٢٥
التسهيل	١٢٥
ئاگادارکردنەوەی چوارەم	١٢٦
چەند ئاگادارکردنەوەیەکی گرنگ کە پەیوەندی بە حەرام بوون ومەکرۆهێتی (المكروه) خوێندنەوەوە هەیە	١٢٧
هەڵەی ئاشکرا (لَحْنٌ جَلِيٌّ)	١٢٧
هەڵەی شاراوە (لَحْنٌ خَفِيٌّ)	١٢٧
وەستان (الوقف):	١٣١
یەکەم: وەستانی ناچاری (الوقف الاضطراري):	١٣١
وەستان لەسەر (تاء التأنيث):	١٣١
وەستان لەسەر وشەی ﴿أَيُّهَ﴾	١٣٥
وەستان لەسەر (لام)ی جەڕ کە جیاکراوەتەوە لە ناوێکی مەجرور	١٣٥

(الاسم المجرور)	
وەستان لەسەر پیتێکی مەدد کەلە نوسیندا سڕاوەتەوە	١٣٦
پچڕاو وگەیەنراو (المقطوع والموصول)	١٣٧
دووەم: وەستانی خۆویستی (الوقف الاختياري):	١٤٠
أ- وەستانی ڕێ پێدراو (الوقف الجائز):	١٤٠
١- وەستانی تەواو (الوقف التام)	١٤٠
٢- وەستانی کافی (الوقف الكافي)	١٤١
٣- وەستانی باش (الوقف الحسن)	١٤١
ب- وەستانی ڕێ پێنەدراو (الوقف الممنوع):	١٤٢
١- وەستانی ناشرین (الوقف القبيح)	١٤٢
٢- وەستانی زۆر ناشرین (الوقف الأَقْبَحُ مِنَ القَبِيحِ)	١٤٣
دەستپێکردن (الابتداء):	١٤٥
جۆری یەکەم: دەستپێکردنی ڕێ پێدراو:	١٤٥
١- دەستپێکردنی تەواو (الابتداء التام)	١٤٥
٢- دەستپێکردنی کافی (الابتداء الكافي)	١٤٥
جۆری دووەم: دەستپێکردنی ڕێ پێنەدراو:	١٤٦
١- دەستپێکردنی ناشرین (الابتداء القبيح)	١٤٦
٢- دەستپێکردنی زۆر ناشرین (الابتداء الأَقْبَحُ مِنَ القَبِيحِ)	١٤٦
وەستان بە بێ هەناسە (السَّكْت)	١٤٨
باسێك لەسەر (الرَّوْم والإشمَام والإسْكَان):	١٥٠
یەکەم: ڕەوم (الرَّوْم)	١٥٠
حاڵەتەکانی ڕەوم	١٥١

دووەم: ئیشمام (الإشْمَام)	١٥٢
حالّەتەکانی ئیشمام	١٥٢
شێوازەکانی وەستان بە ڕەوم وئیشمام وسکون کردن	١٥٣
چەند تێبینییەک کە پەیوەندی بە ڕەوم ئیشمامەوە هەیە	١٥٦
یەکسانکردنەوەی مەددەکان (تسوية المدود):	١٥٧
بەشی یەکەم: بۆ هەمزەی مەددی جیاو ولکاو	١٥٨
بەشی دووەم: بۆ سکونی مەددی توشهاتوو (العارض) ولین	١٦١
وەستان لەسەر دوو مەددی توشهاتوو	١٦٣
وەستان لەسەر دوو مەددی لین	١٦٣
ڕونکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پێویستە ڕەچاوبکرێن لە خوێندنەوەی (حفص)دا لە کورتکردنەوەی مەددی جیا (قصر المنفصل) لە ڕێگەی (الفيل) ئەویش لە ڕێگەی (عمرو)ی کوڕی (الصباح)، وئەویش لە (حفص)ی کوڕی (سليمان)ەوە وەری گرتووە	١٦٥
ڕێگەی (الحمَّامي) لە کتێبی (المصباح) ئەویش لە (الولي) وە ئەویش لە (الفيل) وە ئەویش لە (عمرو بن الصباح) وە ئەویش لە (حفص بن سليمان)ەوە وەری گرتووە	١٦٧
کۆتایی	١٦٨
ناوەڕۆک	١٦٩

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی شار

چاپی دووەم

١٤٣٩ك / ٢٠١٨ ز